




# کۆمەڵێک: وتار، لێدوان و بیروڕای جیاوازی

## هاوڕێ سۆران عەلیپوور

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

جۆزەردانی ٢٧٢٦ی کوردی = جوونی ٢٠٢٦ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:


١- دوێنێ و ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان(زەنجیرە دیمانە)........................................ ئەفراسیاب گرامی ..... ٣

٢- بریتانیا، بەرەو کوێ؟.................................................................................. ١٨

٣- قاسملووی ئاکادێمیک.................................................................................. ٢١

٤- نا ـ شارۆمەندی........................................................................................ ٢٥

٥- کۆچی نێودەوڵەتی...................................................................................... ٢٧

٦- زمانی زگماکی وەک هێز................................................................................ ٣١

٧- باکوور لە بەردەم هەڕەشەیەکی نوێدا...................................................................... ٣٤

٨- سۆران عەلیپوور: کۆماری کوردستان پێناسەیەکی نوێی لە شوناسی کوردی کرد...... هەڤپەیڤین: کاروان مێراوی ..... ٣٧

٩- ژینا گیان تۆ نامری، ناوت ئەبێتە ڕەمز"................................................................. ٤٢

١٠- کۆماری کوردستان و کۆمارەکانی سەرشەقام.............................................................. ٤٥

١١- سیاسەت بە تاموچێژی ئەکادێمیا......................................................................... ٤٨

١٢- خاکی گەوهەر........................................................................................... ٥٤

١٣- ئاوڕێک لە بەیاننامەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان.............................................. ٥٨

١٤- سۆسیال دێموکراسی و ئاڵنگارییەکانی لە کردەوەدا........................................................ ٦٢

١٥- کۆماری کوردستان، کۆماری هەموو وەرزەکان............................................................... ٦٦

١٦- هەشتا ساڵ پاراستنی زمان و ناسنامە................................................................... ٧٠

١٧- ستراتیژی ئێمە؟!....................................................................................... ٧٤




## وتوویژ لەگەڵ سۆران عەلیپوور

**ئەفراسیاب گرامی**

**ئاماژە:**

**هەڵو مەرجی سیاسیی کوردستان لە بەر جوگرافیای دابەشکراوی سیاسیو ژیۆپۆلتیکی سەخت، بەردەوام لە ڕەوشێکی نالەباردا بووە. ئەم بارودۆخە بە درێژایی چەندین سەدە بەردەوام بووەو بە مێژوویەکی خوێناویدا تێپەڕیوە، بزووتنەوەی کورد بەمەبەستی دیاری کردنی مافی چارەنووس و گەیشتن بەمافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی لە ئاکامی ئەم بارودۆخەدا سەری هەڵدا. هەدەف لەم زەنجیرە وتوویژە لەگەڵ کۆمەڵێک لە چالاکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان، خەسارناسی و دۆزینەوەی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەرفەت، سەرکەوتن، شکستەکان و ئاسۆی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.**

### بەشی یەکەم

**سۆران عەلیپوور: ئەو دابران و پەرتەوازەییە تا ئێستاش فاکتی کاریگەرە لە زیادبوونی مەودای نێوان بزووتنەوەی سیاسی ئێمە لە لایەک و خەون و ئامانجی سەلماندنی شوناسی نەتەوەییمان لەلایەکی دیکەوە؛**

**- دەولەتێکی بەهێزی مەرکەزگەرا چ باجێکی قورسی بۆ نەتەوە و کەمینەکانی دیکە بەدواوە بوو. نە لە داخوازییەکانی مەشرووتەدا بایەخێک بە جیاوازی ئیتنی درا و نە کوردەکانیش کەوتنە نێو بازنەی ئەو گۆرانکاریانەوە**



سەرچاوە
Serchawe

- ئەو دۆگم بوونەی کۆمۆنیستەکان لە ئاست ئیدۆلۆژیەکەیان دا نەخۆشیەکی ترسناک بوو، مۆدێلی کۆمۆنیستی سۆڤیەتیی و چینی لە فەرمانرەوایی کردن دا هیچ ئاسۆیەکی روونی نەبوو، ئەوە لە کاتێک دایە کە چەپی ئێمە تەواو پاشکۆی ئەو مۆدێلە بوو

**پرسیار**: سەرەتا وەک دەروازەیەک بۆ چوونە نێو باسەکەمانەوە، بزووتنەوەی کورد لە روانگەی کۆمەڵناسی سیاسییەوە چۆن پێناسە دەکەن؟

**سۆران عەلیپوور**: بابەتی سەرەکی کۆمەڵناسی سیاسی لێکدانەوەی پەیوەندی نێوانستراکتۆری هێز و دەسەلاتی سیاسی لەگەڵ نەهاد و گروپ و هێزە کۆمەڵایەتیەکانە و دەسنیشان کردنی ئەو فاکتانەی کە کاریگەری لەسەر یەک دادەنێن، ئەو پەیوەندیە پەیوەندیەکی دیالێکتیکی ئۆرگانییە، لە کوردستان دا پارت و گروپە سیاسیەکان نوێنەرایەتیی بزووتنەوەیەکی سیاسی نەتەوایەتی دەکەن کە ئامانجی سیاسەتی سەلماندنی شوناسی کوردیە لە چوارچێوەی ئەو مۆدێلە شکستخواردووەی دەولەت دا کە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، وەک کارگ لە رۆژهەلاتی نێوەراست دا هەڵتۆقین. ئەوان بە سەختی وابەستە و پاشکۆی هێزە ناوەکی و نەریتیەکانی کۆمەڵی کوردین، بە رادەیەک کە بزووتنەوەی سیاسی لە لاواز کردنی بنەما مەدەنیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان دا رۆلی گێراوە و لە سەر خوانی ئەو دواکەوتویە ژیاوە، تێپەر کردنی ئەو دۆخە لە پێناو دروست کردنی کلتوورێکی سیاسی نەتەوەیی دا مەرجی بنەرەتی رزگار بوون لە ناسیۆنالیزمی ستەمکارانەی ئەو دەولەتانەیە کە کوردستانیان بەسەردابەش کراوە، ئەو راستیە بزووتنەوەی کوردی لە نێوخۆی دا تووشی پارچە پارچەبوون کردووە و لە چوارچێوەی پرۆژەی لۆکالی و جوغرافیای بچووک و ویستی کلتووری و ئۆتۆنۆمیخوازی دا هێشتوویەتەوە.

بە رووبەکی دیکەش دا ساختاری کۆمەلایەتیی - نەریتی بە فۆرمێکی دیکە لە نێوخودی پێکهاتەی ئۆرگانی ئەو رێکخراوانەدا، لە رێبەرایەتیی کردن، لە نفووزی جەماوەریان، لە سیاسەتیان دا خۆی ژیاندۆتەوە و درێژە بە کلتووری دواکەوتویی و پەرتەوازەیی دەدا. بۆ نموونە هێزە کوردیەکانی باشوور دوای راپەرین لە ژیاندنەوەی هەستی خێلگەرایی دا رۆلیان بینی، پارتەکانی رۆژهەلات تەواو کاریگەری ناوچەییان پێوە دیارە. پرسیارێکی زۆر هەستیار ئەوەیە کە ئایا بۆ لە ١٥٠ ساڵی رابردوودا نەبووین بە خاوەن گوتارێک کە لانی زۆری هێز و گروپ و توێژە کۆمەلایەتیەکان لێک کۆ کاتەوە. ئەو دابران و پەرتەوازەییە تا ئێستاش فاکتی کاریگەرە لە زیادبوونی مەودای نێوان بزووتنەوەی سیاسی ئێمە لە لایەک و خەون و ئامانجی سەلماندنی شوناسی نەتەوەییمان لەلایەکی دیکەوە.

**پرسیار**: سەدەی بیستەم بۆ کورد، سەدەی سەرکەوتن و شکەستەکان بوو، بزووتنەوەی کلاسیکی کوردی هاتە بازنەیەکی دیکەوە و ئەحزابی سیاسی درووست بوون، بەگشتی بەستێنە سیاسییەکانی ئەوکات چ بوون کە حزبەکان سەیان هەڵدا؟

**سۆران عەلیپوور**: سەدەی بیست بۆ کورد تەنها چوونە نێو سەدەیەکی ئاسایی نەبوو، ئەو وتەیە بۆ زۆربەی پێکهاتە نەتەوەییەکانی رۆژهەڵاتی نێوەراست برِ دەکا، هۆشیاریەک و جموجۆڵێکی سیاسی و ریفۆرمخوازی هەردوو دەولەتی عوسمانی و قاجاری دەگریتەوە، کوردەکانیش بە تایبەت لە دەولەتی عوسمانی دا راستەوخۆ لەو ریفۆرمەدا دەستیان هەیە، لەو نێوەدا دەتوانین ئاماژە بە عبداللە جەودەت و ئیسحاق سکوتی بکەین، ئەگەر ئەو بزووتنەوانە کەوتونەتە ژێر کاریگەری رۆژئاوا و مۆدێرنیتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە ولامێکی ئاشکرا بە ویستە ناوەکیەکانی هەناوی ئەو کۆمەڵگانە بوون، دەولەتی عوسمانی پیاوێکی نەخۆش بوو کە یار و نەیاری چاوەڕێی بەشەمیراتی خۆی دەکرد، قاجاری هەتا بارگەوبنەشی کۆکردەوە قەت نەیتوانی دەسەڵاتێکی مەرکەزی دابمەزرێنێ و بووکەڵەیەک بوو بەدەستی زلهێزەکانەوە، ئاماژەیەکی کورت بە دۆخی عوسمانی و قاجاری بۆیە گرینگە چونکە چارەنووسی کوردەکانیش بە جۆرێک لە چارەنووسی ئەو دوو دەولەتەوە گرێ درابوو. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا کوردستان خاوەن ئابوورییەکی کشتوکاڵی بوو. گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە هۆکارەکانی بەرهەمهێنان و پێوەندییەکانی بەرهەمهێناندا پێک نەهاتبوو. سیاسەتی ستەمکارانەی بنەماڵەی قاجار و عوسمانی زیاتر لە ناوچەکانی دیکە، کوردستانی خستبووە پەراوێزەوە. ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بە سادە و ساکاری مابوونەوە. ژمارەی شارنشینەکان لەچاو ژمارەی دانیشتوانی لادێکان و کۆچەرەکان زۆر کەمتر بوو. بە شێوەیەکی گشتیی دەتوانین بڵێین کە ئابووری ئابوورییەکی بژێوی بوو. یەکەم ئەنجامی ئەو ئابووریەش دروست نەبوونی بازرگانی یان ئاڵوگۆڕی کەلوپەل بوو کە لە زێدەبەرهەمەوە دێتەگۆڕێ. کۆسپێکی دیکەش لەسەر ڕێگەی بازرگانی دواکەوتوویی هۆکارەکانی پێوەندیکردن و گواستنەوە و گەیاندن بوون. ئەوە بێجگە لەوەی ئابووری لە ئابووری کشتوکاڵیدا کورت کرابۆوە و خەبەرێک لە ئابووری پیشەسازی لە گۆڕێدا نەبوو، ئابووری بازرگانیش هەر بە دواکەوتوویی مابۆوە.

پێکهاتەی کۆمەلایەتی پێکهاتەیەکی خێلەکی بوو، کە لەسەر بنەمای خوێن و هۆزایەتی و خزمایەتی دامەزرابوو. پیاوانی ئایینی، سەرۆک هۆزەکان و فیودالەکان کە زۆر جار بە بەشێک لە دەرباری پاشایەتیی دادەنران، جڵەوی ڕووداوەکانیان گرتبووە دەست. ئەوە بێجگە لەوەی کە ڕادەی هۆشیاری کۆمەلانی خەڵک بەگشتی لەخوارێ بوو، ئەوەش کاتێک ڕوونتر دەبێتەوە کە بزانین لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا ٩٥ی %پیاوان و ١٠٠ی% ژنان نەخوێندەوارن.

لە رووی سیاسیەوە کورد لە بۆشاییەکی گەورەی رێبەری دا دەژیا، میرنشینەکان لە هەردوو دیوی عوسمانی و قاجاری دا کۆتاییان پێهاتبوو، ڕاپەرینەکەی شێخ عبیداللەی نەهری سەرکوت کرابوو، سمکۆی شکاک لە قۆناغی یەکەمی بزووتنەوەکەی دا بوو کە زیاتر دەچووە جوارجێوەی کاردانەوەیەکی خێڵەکی، ئەو هەل و مەرجە دەرفەتی بۆ توێژێکی خوێندەواری وردەبۆرژوا خۆش کرد کە بێنە سەر سەکۆی شانۆی رووداوەکان، هەڵبەت زۆربەیان نەوەی میر و دەرەبەگە کوردیەکان و شێخەکان بوون یان ئەفسەری پلەداری لەشکری عوسمانی کە لە شارە گەورەکان و قوتابخانە سەربازیەکان دەرسیان خوێندبوو و نیشتەجێ بوون، بە تایبەت ئەوانەی ئەستەنبوڵ و قاهیرە تەواو لە ژێر کاریگەری مۆدێرنیتەو رۆشنگەری

ئوروپایی دا بوون، ئەوانە گەرچی بژاردەیەکی سنووردار بوون، بەڵام بە هۆی پێشینەو پێگەی کۆمەلایەتیان، خاوەن نفووز بوون، لە دەولەتی قاجاریش دا تویژی بازرگانی سوننەتی کورد بەهۆی هەبوونی پێوەندی لەگەڵ ڕووسیەی تیزاری و دەوڵەتی عوسمانیدا لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی چاکسازی و پێشکەوتن و فەرهەنگی نوێی گۆڕانکاریدا ئاشنایەتیان هەبوو.

بەڵام ژمارەی ئەو کەسانە بۆ بەدەستهێنانی ئاڵوگۆڕە گرینگەکان لە کوردستانی رۆژهەلاتدا زۆر و بەپێی پێویست نەبوو، هەنگاوێکی گرنگ کە ئەو بژاردەیە لە دەولەتی عوسمانی دا دەستپێشخەری تێدا کرد بە ڕێکخراوەیی کردنی بزووتنەوەی سیاسی نەتەوەیی کوردی بوو، بلاوکردنەوەی یەکەم رۆژنامەی کوردی ساڵی ١٨٩٨ لە لایەن میقداد مەدحەت بەدرخانەوە، دامەزراندنی یەکەم ڕێکخراوی کوردی لە ساڵی ١٩٠٨ کاتێک ئەو بژاردەیە لە هەوڵەکانی کۆمەلەی ئیتیحاد و تەرەقی نائومێد بوون بە ناوی کورد تەعاونی و تەرەقی جەمعیەتیی، ئەوان دەیانویست هەستی هاوبەشی هاونەتەوەیی لە نێو کورد دا ببوژیننەوە و داوای چاکسازی و گۆرانکاریان دەکرد و لە ڕێگەی رۆژنامە و قوتابخانە و کڵەبە کوردیەکانەوە هەوڵی هۆشیار کردنەوە و خوێندەوار بوونی خەڵکی کوردیان دەدا. بەوشێوەیە تویژێکی نوێی خوێندەوار بۆماوەیەک جلەوی ڕووداوەکانیان بەدەستەوە گرت، بەلام لە داهاتوودا ئەوان لەگەڵ تویژی نەریتی سەر سەکۆی سیاسی کوردی دا دەکەونە کێشەو بۆ ماوەیەکی دورودرێژ ئەو ناکۆکیە کاریگەریەکی سلبی لەسەر بزووتنەوەی سیاسی دادەنێ، بە تایبەت لە چۆنیەتی ڕێکخستنی گوتارێکی یەکگرتوو لە دیبلۆماسی دەرەکیدا.

**پرسیار**: لە ئیران شۆڕشی مەشرووتە، بوە هۆی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە ئاستی ئێراندا، بۆ کورد کام قۆناخ دەتوانین وەک قۆناخی نوێ و سەردەمی نوێ دەستنیشان بکەین کە بووبیتە هۆی گۆرانێک لە پێکهاتەی سیاسی؟

**سۆران عەلیپوور**: مەشرووتە وێستگەی دەرکەوتنی دەیان چەمکی سیاسی و کۆمەلایەتیی نوێیە لە مێژووی ئێران دا، ئەو چەمکانە ئەگەر لەسەردەمی مەشرووتەدا و هێندێکیان تا ئێستاش نەچوونە قۆناغی پراکتیکەوە، بەڵام بەشێکیان هەمان رۆلیان گێرا کە تیۆریسینەکانی نەتەوە - دەولەت لە ئالمان دا بۆ هاتنەسەر دەسەلاتی هیتلەر گێرایان، بۆیە زیاتر زووم دەخەمە سەر ئەو لایەنە چونکە لە دهاتوو دا دەرکەوت کە دامەزراندنی نەتەوە ـ دەولەتێکی بەهێزی مەرکەزگەرا چ باجێکی قورسی بۆ نەتەوە و کەمینەکانی دیکە بەدواوە بوو. نە لە داخوازییەکانی مەشرووتەدا بایەخێک بە جیاوازی ئیتنی درا و نە کوردەکانیش کەوتنە نێو بازنەی ئەو گۆرانکاریانەوە، باسێکیان

لە دامەزراندنی ئەنجومەنە ویلایەتیەکان کرد لە قانوونی ئەسڵی دا، بەلام ئەو ئەسڵە هەرگیز رۆژی روونی بەچاوی خۆی نەدی،لە بەرامبەریشدا ئاگری هەستی "ئێرانیبوون"ی ئێرانییەکانیان نێڵ دەدا، چەمکی "نیشتمان" کە تا ئەوکات نە پێناسەیەکی ڕوون و ئاشکرای بەدەستەوە دەداو نە سنوور و مەودایەکی دیاریکراویشی هەبوو، پانتایی زێد "زادگاە"ی

تێپەڕاند و چوارچێوەیەکی فراوانتری گرتەوە و ڕەهەندێکی سیاسی بەخۆیەوەگرت، کە دەبوو پارێزگاری لێ بکرێ ئەوەش پێویستی بە حکومەتێکی بەهێزی نێوەندگەرا هەبوو. ئەو حکومەتە لە سەردەمی ڕەزاشادا دەسەڵاتی بەدەستەوەگرت، کە لە ئابوورییەوە تا دەگاتە هێزی سەربازی مۆدێرنی خستە خزمەت یەکرەنگ کردن و ژیاندنەوەی ئەفسانەی ئێران و سەرکوتکردنی نەتەوە و جیابیران و ئازادیخوازان..

سەبارەت بە کورد لە کوردستانی ڕۆژهەلات دا سەدەی بیستەم هێندێک درەنگتر دەستی پێکرد، ئەو قۆناغە بە دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان دەست پێدەکا و بە دامەزرانی کۆماری کوردستان بە لوتکە دەگا، لەوانەیە فاکتی کاریگەر بۆ سەلماندنی ئەو بانگەشەیە رادیکاڵ بوونی ئەو رەوتە بێ لە ویست و داخوازیەکانی دا، بەرجەستە بوونی لە چوارچێوەی رێکخراوی سیاسی مۆدێرن و پێناس کراو دا، ئەوە بێجگە لە پشتیوانی و بەشداری کوردانی پارچەکانی دیکە لە دامەزراندن و بردنە پێشی ئەو رەوتە دا، هەروەها خەسلەتێکی دیکە پشت بەستن بە ئاستی پێگەیشتوویی مەدەنیی کورد و سەرەنجام مەدەنی بوونی خودی رەوتەکەو بنیادنانی ناسیۆنالیزمێکی پێشکەوتوو کە هەوڵ دەدا سنووری عەشیرەت و ساختاری بەرتەسکی کۆمەلایەتی تێپەر بکا، هەروەها بەشداری ژنان و خوێندەواران و پیاوانی ئاینی سیمایەکی دیکەی پێناس کردنی کۆمارە.

**پرسیار:** لە ناوەراستی سەدەی بیستەم، ئایدۆلۆژی کۆمۆنیزم وەک دیاردەیەکی بەهێزی کۆمەلایەتی و سیاسی هەموو ناوچەکەی گرتەوە، ئەم ئایدۆلۆژییە بۆ نەیتوانی ببێتە پاشخانێکی فیکری بۆ بزووتنەوەی کورد؟
بۆچی بزووتنەوەی چەپ نەیتوانی خەون و ئاواتەکانی کورد بەدی بێنێ؟ یان بە واتایەکی دیکە، بزووتنەوەی کوردی بەرەو کوێ برد؟

**سۆران عەلیپوور:** پێش بەرێکخراوەیی بوونی کۆمۆنیزم لە دنیای ئێمەدا، بە شێوەی جۆراوجۆر بیری کۆمۆنیزم لە بزووتنەوەی سیاسی دا کاریگەری دانابوو، پێکهاتەی ئۆرگانی زۆربەی پارتە سیاسیەکان لە مۆدێلی پارتی کۆمۆنیستی روسیەوە وەرگیرابوو، دروشمە عەدالەتخوازی و پێشکەوتنخوازیەکان بە جۆرێک مۆرکی کۆمۆنیزمیان پێوە دیاربوو. دەتوانین چۆنیەتی دزە کردنی ئایدۆلۆژی کۆمۆنیزم بۆ نێو بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە رۆژهەلات دا بە سێ قۆناغی مێژووی دا دابەش بکەین:

**قۆناغی یەکەم:** بلاوبوونەوەی بیری کۆمۆنیزمە پێش شۆرشی ئۆکتۆبری ١٩١٧ و دوای شۆرشەکەش لە نێو توێژی خوێندەوار و بژاردەی کۆمەڵ دا، ئەوان کەوتبوونە ژێر کاریگەری بانگەشەی عەدالەتخوازی کۆمۆنیزم و بەشێک لە ویست و داخوازیەکانیان لە کۆمۆنیزم دا دەدیتەوە، تەنانەت ئەو دروشمە عەدالەتخوازیانە بە تەواوی بە سەر حیزبی دێموکراتی

کوردستان و کۆماریش دا دیارن، ئەوە تەنها پەیوەندی بۆ پشتیوانی سۆڤیەت لە کۆمار ناگەڕێتەوە، ئەوە تەوژمێک بوو کە زۆر لە ولاتانی جیهانی سێهەمی گرتبۆوە.

**قۆناغی دووهەم:** دەورانی دوای روخانی کۆمارە، لەوسەردەمەدا حیزبی تودە لە بوژاندنەوەی شاخەکانی حیزب و پشتیوانی کردنی دا رۆڵێکی بەرچاوی گێرا، بە رادەیەک کە حیزبی دێموکرات وەک لقی کوردستانی حیزبی توودە کاری دەکرد، دیارە ئەو خزمایەتیە زۆر بەردەوام نەبوو، هەم توودە توودەی جاران نەما و هەم حیزبی دێموکراتیش بەهێزتر بوو لەوەی بە پاشکۆی توودە بمێنێتەوە.

**قۆناغی سێهەم:** ئاشکرا بوونی خەباتی کۆمەڵەیە، لەو قۆناغەدا راستەوخۆ کوردی رۆژهەلات لەگەڵ چەپ دەست پەنجە نەرم دەکەن، تا ئەوەی کە لە دوای راپەرینی گەلان کۆمەڵە وەک رێکخراوێکی چەپی توندرەو دەبێتە رەقیبی سەرەکی حیزبی دێموکرات. سەبارەت بەوەی کە بۆچی ئەو ئایدۆلۆژیە نەیتوانی ببێتە پاشخانێکی فکری بۆ بزووتنەوەی کوردی، دەتوانم ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەم:

* خودی مارکس هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبوو کە لە روسیەی سێزاری دا، لەو کۆمەڵگا کشتوکاڵیەدا کە هۆکار و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان دواکەوتووبون شۆرشی سۆسیالیستی سەربکەوێ، بە بۆچوونی ئەو لە کۆمەڵگەیەکی پیشەسازی دا کە هۆکارەکانی بەرهەمهێنان لەوپەری پێگەیشتووی خۆیان دان و ژمارەی چینی کرێکار زۆرە، راپەرینی کرێکاری روودەدا، لە کوردستانیش دا کە هیچ کات دژایەتیی کار و سەرمایە بەو رادەیە نەبووە ببێتە هاندەری دەرکەوتنی خەباتی چینایەتی. کەواتە لە بنەرەتەوە کۆمۆنیزم ولام نەبوو بە دۆخی ئەوسای کۆمەڵی کوردی.

* چەپی کوردی لە ژێر کاریگەری چەپی روسی و دوایەش چەپی چینی دابوون، هێندەی مائۆ و لینین و ستالین دەخوێنرانەوە، هێندە مارکس و ئەنگلس نەدەخوێنرانەوە، ئەوە کێشەیەکی گەورەی تیۆری بوو، کۆمۆنیست بوون زیاتر مۆدێل بوو تا مێتۆد.

* کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی نەریتی - ئایینی بوو، کۆپی کردنی دەقاودەقی کۆمۆنیزم لە کوردستان دا هەمان کاردانەوەو دەرەنجامی لێدەکەوتەوە کە کۆپی کردنی ناشیانەی سێکۆلاریزم لەلایەن رەزا شاوە بەدوای خۆی داهێنا.

* چەپ لە کوردستان دا بە نەخۆشی هەژاری لە راڤە کردن و وەرگێرانی تیۆری کۆمۆنیزم بۆ سەر زمانێک گرفتار بوو کە واقعی کۆمەڵی کوردی پێ بخوێنێتەوە، ئەو دۆگم بوونەی کۆمۆنیستەکان لە ئاست ئیدۆلۆژیەکەیان دا نەخۆشیەکی ترسناک

بوو، مۆدێلی کۆمۆنیستی سۆڤیەتیی و چینی لە فەرمانڕەوایی کردن دا هیچ ئاسۆیەکی روونی نەبوو، ئەوە لە کاتێک دایە کە چەپی ئێمە تەواو پاشکۆی ئەو مۆدێلە بوو. زەمان وڵامی گونجاوی بە هەموو ئەو گومانانە دایەوە کە لە ئاست کۆمۆنیزم دا وەک مۆدێلێکی حکومەت کردن، لە ناخی مێژوو دا پەنگیان خواردبۆوە.

* کوردستان نە کارخانەی تێدابوو تا کرێکاری هەبێ، نە کرێکاریش هەبوو تا پشتیوانی لە شۆرشی کرێکاری بکا،

چاکسازی زەوی و زاری سەردەمی حەمەرەزاشا بەشێکی گەورە لە کێشەی جوتیارانیشی چارەسەر کردبوو، ئەوەی هەبوو چەوسانەوەی نەتەوەیی بوو، پەراوێزکردنی زمان و کلتوور و ناسنامەی نەتەوەیەک بوو، هەوڵێکی خەستی لە نێوبردنی شوناسی کوردانەی خەڵکانێک بوون کە لەگەڵ فۆرمی خوازیاری پەهلەوی نەتەوە- دەوڵەت یەکرەنگ نەبوون، کۆمۆنیستە کوردەکان لە کورت ماوەدا بە کەڵک وەرگرتن لە تەوژمی جیهانی کۆمۆنیزم کە سەرلەبەری جیهانی سێهەمی گرتبۆوە، توانیان بە جۆرێک خۆ لەو پرسیارانە نەبان بکەن و وڵامی کلێشەیی پێ بدەنەوە. ئەو دۆخە هەروا بەردەوام نەبوو، ئەو خاڵە کێشەی گەورەی خستە نێو چەپی کوردیەوە. کۆمۆنیزم لە کوردستان دا پتانسیۆل و وزەیەکی یەکجار زۆر، توێژی رووناکبیر و خوێندەواری بەتوانا، هێزی چەکدار، بەشدارییەکی بەرچاوی ژنانی خستە خزمەت دروشمگەلێکەوە کە نە ئاوات و ئامانجی راستەقینەی کورد بوون و نە لە هیچ قوژبنێکی ئەو دنیایەش رۆژی روونیان بەچاوی خۆیان بینی.

٥ی مای ٢٠١٢

## بەشی دووهەم و کۆتایی

**سۆران عەلیپوور**: هاوکێشەکە بەو شێوەیە بوو تا دەسەڵاتی ناوەند بەهێز دەبوو و بناغەکانی حکومەتیان پتەو دەکرد، کورد زیاتر دەکەوتە دەرەوەی بازنەکەوە.

* پارتە کوردیەکان زۆر درەنگ هەستیان بە گرینگی ئاوردانەوە لە رەوتی نوێی کۆمەڵگا کرد، کە هەستیشیان پێکرد زیاتر لە خەمی مۆرک لێدانی حیزبی و دەستەمۆ کردنی خودی رەوتەکە بوون تا بایەخ پێدان و وەرگرتنی پەیامەکانی.

* رووناکبیر دەتوانێ پاڵ بەو دیوارانەوە بنێ کە دەوری ئێمەیان تەنیوە، شایەد ئەو دیوارانە نەروخێن بەڵام مەیدانی ئازادی ئێمە فراوانتر دەبێتەوە، زیاتر باوەرم بەو پرۆسەیە هەیە کە بەردەوام هەوڵی بەرین کردنی پانتایی ئازادی دەدا تا ئەوەی گەیشتن بە "مدینە فاضلە" بکاتە ئامانج

**پرسیار**: شۆڕشی ١٣٥٧، گرینگترین رووداوی سیاسی ئێران بوو لە سەردەمی نوێدا، بەگشتی کورد کەوتە بارودۆخێکەوە کە توانی بەشێک لە کوردستان ئیدارە بکات، ئەو بارودۆخە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ بەگشتی خواستەکانی کورد چ بوو؟

**سۆران عەلیپوور**: شۆرشی ١٩٧٩ سیمای دەسەلاتی سیاسی ئێرانی گۆری، دۆخێک هاتە ئاراوە کە بۆ کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران و تەنانەت بۆ هەموو جیهانیش دیاردەیەکی نوێ و ئەزموون نەکراو بوو، ئەو یەکگرتوویی ئیدۆلۆژیکی ئاینیەی کە لە نێو شیعە و رابەرەکانی دا هەبوو، بێ بەرنامەیی ئۆپۆزسیۆن و هەروەها کەلک وەرگرتن لە هەستی بریندار و نارازیی خەڵکی ئێران، هەژمونی باڵی نەریتی لە شۆرشی ئێران دا زیاتر کرد، بە رادەیەک کە هێزە پێشکەوتن خوازەکانیشی خستە ژێر کاریگەری خۆیەوە، ئەو مۆدێلە نامۆیەی دەسەلاتدارێتی کە دەنکەکەی لە سەرەتای سەدەی بیست چێنرابوو لە ئێرانی دوای پاشایەتی بەری گرت.

روحیەتی پاوانخوازی، سیاسەتی ئەسیمیلاسیۆن، تەقدیس کردنی رێبەریی و حکومەتی ئیسلامی، بە شێوەیەکی زۆر زیرەکانە تێکهەڵکێش کردنی فکری پان ئێرانیزم لەگەڵ جەوهەری فکری ئیسلامی سیاسی دا، پەنابردن بۆ سەرکوت وبلاوکردنەوەی ترس و وەحشەت، هێندێک لە تایبەتمەندیەکانی ئەو مۆدێلە نامۆیە بوون، بە ناوی دینەوە مۆرکی حەرام و حەڵاڵ، باتل و مەشروع، مولحید و ئیماندارییان دەبەخشیەوە، هەر لەو چوارچێوەیەش دا هێرش بۆ سەر کوردستان لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ دا بە جیهاد نێودێر کرا. لەو قۆناغەدا کار بۆ بەدامەزراوەیی کردنی مۆدێلی ئیسلامی و جێکردنەوەی لە نێو هێندێک چەمکی سیاسی و سەربازی و ئابووری دا کرا، بەڵام ئەوەی کە پاشان بە شۆرشی فەرهەنگی ناسرا و بەشێک لە ریفۆرمخوازە ناسراوەکانی ئێستا تێیدا پێشەنگ بوون، بریتی بوو لە بارگاوی کردنی ئەو مۆدێلە بە پاشخانێکی ئیدۆلۆژیک و پێناس کردنی لە نێو ئالۆزیی دنیای مۆدێرن دا، واتە کاتێک هێزە کوردیەکان پاشەکشەیان کرد، کۆماری ئیسلامی هەم بە پراکتیک جێکەوتبوو، هەم چوارچێوە ئیدۆلۆژیک و تیۆریەکەشی دارێژرابوو.

بۆیە ئەو ئاماژە کورتەم بە گرینگ زانی چونکە کوردستان کەوتە نێو هەردوو بەرداشی پراکتیزە کردن و تیۆریزە کردنی مۆدێلی فەرمانرەوایی ئیسلامی، چ ئەو کاتەی هێرشی مەیدانی کرایە سەر کوردستان و هاوکات کارخانەی شەرێکی راگەیاندن و دەروونی لە تارانیش دژی کورد وەگەرخرا، چ ئەو کاتەش ناکۆکیە نێوخۆییەکانی ناو پارتە سیاسیەکان و کۆمەڵگەی کوردیش گەیشتە ئەوپەری خۆی. سەرنج دان بەو خاڵە بایەخی خۆی هەیە، دەکرێ لە روانگەیەکەوە بەشێک لەو ململانێ فکری و مەیدانیەکانی نێو رەوتە کوردیەکانی دوای شۆرش هەر بەو مێتۆدە شی بکەینەوە.

سەبارەت بە باڵی راست دەتوانین بڵێین هەرچەند تەمی روخانی کۆمار و ئەو ئاکامە تراژیدیەی سەرانی کۆمار و خەڵکی کوردستان تووشی هات هەروا بە ئاسانی نەرەویەوە، بەڵام دڵی بەرەنگاریخوازی لە لێدان نەکەوت، راپەرینی ساڵانی ٤٦ و ٤٧ بەڵگەیەکی روونە.

بۆ کوردان هەم ئەو سیستمە نوێ و نەناسراو بوو، هەم خودی باردۆخی رۆژهەلاتی کوردستان جیاواز بوو، دەرفەتێک بوو بۆ

هەناسەدانی ئازادی ڕادەربڕین و بوژانەوەی ڕێکخستنە سیاسیەکان و دەرکەوتنی گروپی نوێ لە کوردستان دا، بۆ نموونە ئەگەر لە رابردوو دا حیزبی دیمۆکرات تاقە مەیداندار بوو، ئێستا دوای شۆرش هەم کۆمەڵە وەک رەوتی کۆمۆنیستی هەبوونی خۆی راگەیاندووە و هەم ئیسلامی سیاسی مەکتەبی ئەحمەدی موفتی زادە و کۆمەڵێک پارت و گروپی دیکە لە مەیدانەکەدا هەن. بێجگە لە سازمانی فیدائیانی خەڵک و توودە کە لە کوردستانیش چالاکیان هەبوو.

ئەو سێ رەوتە خاوەنی سێ تێگەیشتنی جیاواز بوون، ئەو پرسیارەی کە ئاخۆ کێ باشتر کۆمەڵگەی خۆی ناسیبوو و ویستە سیاسیەکانی عەقلانیتر دارشتبوو، لە لایەن مێژووەوە ولام دەدرێتەوە و کاری مێژوونوس و لێکۆلەرەکانە لەو بارەوە قسە بکەن . ئەوە کە کورد نەیتوانی خاوەن گوتارێکی یەکگرتوو بێ جێگەی تێرامانە، هەروادەزانی باسی ئێستا دەکەین، هیچ گارێنتیەک نیە کە لە وەها دۆخێک دا دیسان تووشی ئەو پەرتەوازەیی و بەربلاویە نەبینەوە، هاوکێشەکە بەو شێوەیە بوو تا دەسەلاتی ناوەند بەهێز دەبوو و بناغەکانی حکومەتیان پتەو دەکرد، کورد زیاتر دەکەوتە دەرەوەی بازنەکەوە. دانیشتنەکانی نێوان هەیئەتی نوێنەرایەتیی کورد و نوێنەرانی حکومەت زۆرتر لە سیناریۆیەکی دارێژراو دەچوو، چونکە لە بنەرەتەوە تاران باوەری بە چارەسەری ئاشتیانە نەبوو، کورد داوای خودموختاری لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیک دا دەکرد، پاشان دۆخەکە بە شێوەیەک ئالۆز دەبێ کە تەنها بە پێدانی خودموختاریەکە رازی دەبن، بە پێی بەڵگەنامەکانی ئەو سەردەم کورد هەموو هەولی خۆی دا تا پێش بە روودانی شەر بگرێ، چەند جار نامەیان بۆ خومەینی نووسی، لە هەڵبژاردنی مەجلیسی شورا و خیبرەگان دا بەشداریان کرد، پێشانیان دا کە لەگەڵ پرۆسەی سیاسی دا دەرۆنە پێشێ، بە دەیان جار حوسنی نیەتیان پێشان دا، بە دەربرینی ئەوکات ئەوانیش بە راست و چەپەوە دژە ئیمپریالیست بون، بەلام هیچ یەک لەوانە پێشی بە سیاسەتی پاوانخوازی و هێرشبەرانەی تازەبەدەسەلات گەیشتوەکانی تاران نەگرت. لە نێوخۆش دا شەری خۆ بە خۆی لایەنەکان گورزێکی قەرەبوو نەکراوەی لە پێکهاتە و نفوزی لایەنی کوردی دا.

**پرسیار: بەرگری رەوا یان شەر لە کوردستان لە کوێوە دەستی پێ کرد و ئاکامەکانی لەسەر کۆمەڵگا و بزووتنەوەی سیاسی چ بوون؟ بەگشتی جەنگ لە کوردستان چ دەرەنجامگەلێکی کۆمەلایەتی و سیاسی بە دواوە بوو؟**

**سۆران عەلیپوور**: کورد بەو پێیە کە لە شۆرش دا بەشداری کردبوو، دەبوایە لە دەسکەوتەکانی شۆرش دا پشکدار با، ئەوە بێجگە لەوەی کە دلی رزگاریخوازانە لە کوردستان دا هیچ کات لە لێدان نەکەوتبوو، واتە هەم رابردوویەکی درێژ و دەوڵەمەندی بەربەرەکانیی لەگەڵ رژێمی پەهلەوی دا هەبوو، هەم رێکخراو و حیزبی سیاسی لە مەیدانەکە دا وجودیان هەبوو. کورد لە ریفراندۆمی هەڵبژاردنی کۆماری ئیسلامی دا بەشداری نەکرد، ئەوە یەکەم "نا" کوتن بوو بە مۆدێلێک کە سەرەتای دووبارە گەرانەوە بۆ دیکتاتۆریی دادەرشت، لە پاش فەتوای جیهادی خومەینی و نائومێد بوونی لایەنە کوردیەکان، شەر یا بەرگری رەوا دەستی پێکرد، ئەو شەرەیان بۆ خۆ لێبواردن نەدەبوو، چونکە هێرشێکی دڕندانە بوو بۆ سەر کوردستان،



سەرچاوە Serchawe

دەبوو بەرگری کرابا، بەلام ئەوە هیچ لە ئەنجامە تاڵەکانی شەر و دای شەر ناگۆڕێ. ئەوەی کە بە قووڵی جێگەی رەخنە و لێورد بونەوەیە شەری خۆبەخۆی هێزە کوردیەکانە، ئێستا کێ تاوانبارە؟ یا بە دەربرینی ئەو سەردەم کێ"سازشکار"ە و کێ" ئاژاەگێرە" هیچ لەو راستیە ناگۆڕێ کە ئەو ناکۆکیە نێوخۆییانە بەشێکی زۆری رەنجی خەڵکی کوردستانی بەبادا.

تایبەتمەندیەکی هەمیشەیی راپەرین و بزووتنەوە کوردیەکان ئەوە بووە کە شەری دوژمنەکانیان لە سەر خاکی خۆیان کردووە، ئەو حاڵەتە بێجگە لە قوربانی مرۆیی زۆر و ئاوارەبوون و بێ ماڵ و حاڵ بوونی خەڵک، ژێرخانی ئابووری لە ناو بردووە، کاری کردۆتە سەر پێکهاتەی کۆمەلایەتی، کلتووری توندوتیژی پەرە پێداوە و سیمای کۆمەڵگەی شێواندووە، لە رووی دەروونیەوە قوربانیەکی زۆری لێکەوتۆتەوە، ئەو پەرەگرافەی ئیریش ماریا ریمارک لە رۆمانی "دەمێ مەرگ دەمێ خۆشەویستی" دا بۆ ئێرە بە گونجاو دەزانم: "ئەوانەی جەنگ بە تاقیکردنەوە دەزانن دیارە تاقیان نەکردۆتەوە، ئەوانەش کە تاقیان کردۆتەوە دیارە قەت لێی تێنەگەیشتن، بە هۆی مەرگەوە ملیۆنەها مرۆڤ بێجگە لەو هەموو سام و مەرگ و برسێتیەی چێشتیان، روبەرووی شتێکی دیکەش بوونەوە کە لێی حاڵی نەبوون، نە ناو، نە رەنگ نە شێوە و نە روخساری هەبوو، شتێک بوو ژیانیانی سەرەوژێر کرد". واتە ئەنجامەکانی شەر لە خودی شەر روخێنەرترن.

**پرسیار**: نەزمی نوێی جیهانی هاتە ئاراوە، چینی نوخبەی شاری دروست بوو، شارەکان گەشەی خێرایان بە خۆیەوە بینی، گۆرانکارییەکی کۆمەلایەتی و سیاسی لە ئاست ئێراندا هاتبوە ئاراوە، گوتارە روناکبیرییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان، بە جیاواز لەگەڵ ئەوەی کە تێکئالاوی ئیدئۆلۆژییەکانی بیری چەپو راستو دینی بوون، هەموویان لە چوارچێوەی گوتاری ناسیونالیستیدا کاریان کردووەو هەوڵی خۆپێناسەکردن بوونو بە واتایەک بە دوای "گەڕان بە دوای شوناس دا" بوون، رەوتی روناکبیری کورد بەرەو چ ئاقارێک رۆشت؟

**سۆران عەلیپوور**: زۆربوونی ژمارەی شارنشینەکان و گەورەبوونی شارەکان، دەرکەوتنی توێژێکی خوێندەوار و کاریگەریەکانی بەجیهانی بوون و کرانەوەی داخراوترین کۆمەلگەکان بەرووی کۆمەلێک دەسکەوتی تێکنیکی و سەرەنجام مێنتالیتێتی پشت بەکارهێنان و ئەزموون کردنی ئەو بەرهەمانە کاری کردە سەر بزوتنەوە سیاسی و کۆمەلایەتیەکانیش، بێگومان هۆکارگەلی دیکەش لە پشت ئەو گۆرانکاریانەوە هەن کە بە تایبەت دوای شەری سارد زۆر لە ولاتانی جیهانی سێهەم و لەو نێوەدا کوردستانیشی گرتە خۆ.

دیارە ناکرێ رابردوو و پێکهاتە بنیادیەکانی ئەو رەوتە تەنها لە قۆناغی ریفۆرمخوازی لە ئێران دا کورت بکەینەوە، رابردووی رەوتی روناکبیری چ لە رۆژهەلاتی کوردستان و چ لە تاراوگە و چ لە شاخ پێشینەی خۆی هەبوو، ئەو قۆناغە نوێیە دەرفەتی زیاتر لێک نزیک بونەوەی و لێک تێگەیشتنی بەوان دا، بەلام لە نێوخۆی کوردستان بە دامەزرانی

ئەنجومەنە ئەدەبییەکان و زۆربوونی ژمارەی چالاکوانانی مەدەنی و مافی مرۆڤ و مافی ژنان، بنکەکانی فێرکردنی زمانی کوردی، بلاوبوونەوەی بلاڤۆکە خوێندکارییەکان، بلاو بوونەوەی هەفتەنامە و گۆڤاری کوردی کە خوێندنەوە و راڤەیەکی نوێیان بۆ بابەتەکان هەبوو، یان گەشەکردنێکی بەرچاوی سینەما و شانۆ و رۆمان و شێعر و چیرۆک، پێکهێنانی سیمینار و کۆڕ و کۆبوونەوەکان و دەیان چالاکی دیکەش، شاهیدی گەشەکردنی نەوەیەکی نوێ و تێروانینێکی نوێ بووین، ئەو رەوتە دوای کۆتایی پێهاتن یا راگرتنی خەباتی چەکداری هێزە کوردیەکان دەبوایە بە دوای مێتۆدێکی دیکەدا گەرابا بۆ سەرلەنوێ پێناس کردنەوەی "کوردایەتیی" ، مێتۆدێک کە ولامدەر با، کە هەم خەسارناسی کردبا و هەم بەستێنەکانی کوردایەتیشی ناسیبا، تازە ئەوە تەنها لە سیاسەت کردن دا کورت نەدەکرایەوە، ئەگەر سەرنج لە رۆمان و شێعری ئەو سەردەمە بدەی هەست بە هەژموونی ئەو خوێندنەوە تازەیە دەکەی، پارتە کوردیەکان زۆر درەنگ هەستیان بە گرینگی ئاوردانەوە لەو رەوتە کرد، کە هەستیشیان پێکرد زیاتر لە خەمی مۆرک لێدانی حیزبی و دەستەمۆ کردنی خودی رەوتەکە بوون تا بایەخ پێدان و وەرگرتنی پەیامەکانی.

**پرسیار**: گوتارێک کە باڵی بەسەر فەزای سیاسی و روناکبیری کوردستاندا کیشابوو، گوتاری خەباتی مەدەنی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کورد لە چوارچیوەی ژنان، خوێندکاران، کرێکاران و... بوو، ئایا ئەمە بەرهەمی بێ ئاکام مانەوەی شەری چەکداری بوو یان وشیاری سیاسی یان لاوازی حیزبە سیاسییەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان؟

**سۆران عەلیپوور**: دەکرێ لە یەک رستەدا بڵێین هەموو ئەو هۆکارانە دەستیان لێک دابوو تا گوتاری خەباتی مەدەنی تا ئەو ئاستە بچێتە پێشێ، بە دوای کۆتایی هاتنی شەری سارد مۆدیلی خەباتی چریکی لە زۆر شوێنی دونیا بەرەو لاوازی چوو، پێگەیشتوویی بیری سیاسی و پێشکەوتنی کۆمەلایەتیی و پەیدابوونی ئەو نەوە خوێندەوارە کە لە غیابی عەینی هێزە سیاسیەکان دا ناچاربوون بە شوێن گوتارێکی دیکە دا بگەرێن، هەوێنی سەرهەلدانی خەباتی مەدەنی بوو.

ئەو خەباتی مەدەنیە لە نێو چوارچێوەی سیستمێکی دێموکراتیک دا شکلی نەگرتبوو، بەلام پێی لە سەر جیاوازی ئێتنی کورد دادەگرت، کاریگەری بزووتنەوەی سیاسیی رۆژهەلاتی کوردستانی لەسەر بوو بەلام سەر بە هیچ حیزب و لایەنێکی دیاریکراو نەبوو. تۆمەتگەلێک کە دەدرایە پاڵ خەباتی مەدەنی لە رۆژهەلاتی کوردستان چاویان لەئاست ئەو راستیەدا داخستبوو کە ئەو بزووتنەوەیە نەیدەتوانی تەواو سەربەخۆ بێ، بە ناچاری لە چوارچێوەی دەولەتێکی نادێموکراتیک و سەرەرۆ دا کاری دەکرد، لە کاتێک دا گوتارە مەدەنیەکانی ئەو بزووتنەوەیە ئەزموونێکی نوێی لە خەبات داهێنا کە دەکرا لە ناوەندی شارە گەورەکان، لە سەر رووپەری گۆڤارەکان و بلاڤۆکەکان و بە زمانێکی دیکە گوزارە بکرێن.

**پرسیار**: گوتاری کۆمەڵگای مەدەنی خۆی لە هەناوی نەوەی خوێندکاری کورد هاتە ئاراوە و دەیان بلاڤۆک و بلاوکراوەی

خویندکاری هاتە ئاراوە، پاشان رەوتی فراکسیۆنی کورد لە مەجلیسی ئێران دروست بوو و رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان و ئین جی ئۆکان دامەزران، ئەم هەوڵانە بەگشتی بەرەو کوێ رۆیشت؟ دەرەنجام و شکەستەکان چ بوون؟

**سۆران عەلیپوور**: هەموو کۆمەڵگەیەکی دێموکرات پێویستی بەو پێشزەمینە فەرهەنگی و فکریە هەیە کە خەباتی مەدەنی پێکی دێنێ، لێرەدا باس لە داهاتووی کوردستان دەکەم، یانی بەردەوامی ئەو خەباتە هێندێک جار زۆر بە بەهێزی و بەربلاوی و هێندێک جاریش لاوازتر، زامنی هەبوونی سیستمێکی دێموکراتیکە لە داهاتووی کوردستان دا، خەباتێکی ئەوتۆ دەتوانێ مێنتالیتێتی مرۆڤی کوردی بۆ دێموکراسی و ئازادی ئامادە بکا، ئەوە دەرەنجامێکی هەرە بە بایەخی ئەو خەباتەیە.

پێموایە ئەو رەوتە بەردەوامە، شایەد بێ هێزتر لە رابردوو کە هۆکاری راستەخۆی ئەو دەرەنجامەش زاڵبوونی ئەو کەش و هەوا پۆلیسیەیە کە کۆماری ئیسلامی لە رۆژهەلات دروستی کردووە.

ئەو بزووتنەوەیە پر بەرهەم بوو، چ لە رووی سیاسیی و چ لە بواری فەرهەنگی دا، هۆشیاریەک و کلتوورێکی سیاسیی لە نێو تاکی کورد لە رۆژهەلات دا پێکهێنا کە لە زۆر بۆنە و یادەوەری نەتەوەیی دا بە پراکتیک پێشانیان دا کە یەکدەنگی و یەکگرتوویی لە گوتاری خەباتی مەدەنی دا هەیە. بەرهەمەکانی ئەو رەوتە لە سینەما، رۆمان و شانۆ و چیرۆک و شێعری کوردی دا زۆر بەربلاون، بێجگە لە لێکۆلینەوە و راڤە کردنی ستراکتۆری کۆمەلگەی کوردی و چەمکە مۆدێرنەکان و خودی بزاڤی سیاسی کوردستان. کەواتە کۆمەلگای مەدەنی ئێستا سەرمایەیەکی رەمزی و مادی لەدوای خۆی جێهێشتووە، هەر مەودایەکی هەناسەدان برەخسێ ئەو بزووتنەوەیە شایەد بە کارکردی جیاواز بەلام بە هەمان هێز گەشە دەکاتەوە و کاریگەر دەبێ.

**پرسیار**: هۆکارەکان و ئومێدەکان بۆ بەدیهاتنی خواستەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەستێنی رەوتە ئیسلامییەکاندا چۆن دەنرخێنن؟

**سۆران عەلیپوور**: ئەو پرسیارە پێویستی بە لێکۆلینەوەیەکی ئاکادیمی دەولەمەند هەیە، بە کورتی دەتوانم بڵێم هەرچەند ئێستا رەوتێکی ئیسلامی بەهێز لە گۆرەپانی سیاسی کوردستانی رۆژهەلات دا بەدی ناکرێ، بەلام ئەوە بەو مانایە نیە کە ئیسلامی سیاسی لە رۆژهەلاتی کوردستان دا ئاکتیڤ نیە، ئەوەی کە لێرەدا گرینگە چۆنیەتی هەڵس و کەوت کردن لە ئاست رەوتێکی ئەوتۆدایە کە ئەگەری دروست بوونی زۆرە، زۆر لایەن و تاکەکەس پێیان وایە چونکە ئێران مۆدێلی ئیسلامی سیاسی وەک سیستم ئەزموون کردوە، شانسی سەرکەوتنی رەوتی ئیسلامی سیاسی لە داهاتووی کوردستان دا لاوازە، ئەو لێک دانەوەیە زۆر ساویلکانەیە، چونکە تایبەتمەندی ئیسلامی سیاسی ئەوەیە کە رەنگ و قەبارە و مێتۆدی کارکردنی خۆی بە

پێی هەل و مەرج دەگۆڕێ، ئێستا لە شارەکان و تەنانەت لە دێهاتەکانیش خەریکی یارگیری و خۆڕێکخستنن، لە بنەڕەتەوە پێم وانیە خەمی ئیسلامی سیاسی خەمێکی کوردانەیە، بەشداربوونیشیان لە پرۆسەی سیاسی دا بەستراوەتەوە بە بنکەی جەماوەرییان، نەک بەو حوکمانەوە کە ئێمە پێش وەخت دەیدەین، لەو بارەوە زۆر گرینگە کە بروانینە هەردوو ئەزموونی فەلەستین و هەرێمی کوردستان، شەری ناوخۆ و گەندەڵی و سیاسەتی سەرکوت کردنی رەوتی ئیسلامی سیاسی لە کوردستانی باشووردا، جەریانێکی وەک یەکگرتووی ئیسلامی لە ماوەیەکی زۆر کەم دا کردە سێهەم هێز. کەواتە دان پێداهێنان بە هەبوونی ئەو جیاوازییە و هەوڵ دان بۆ ئەوەی کە رادەی پێگەیشتوویی کلتووری و سیایی خەڵک بریاری کۆتایی لەوبارەوە بدا، باشترین رێگە چارەیە لە ئاست ئیسلامی سیاسی دا.

**پرسیار: بزووتنەوەی سەوز لە ئێران قۆناخێکی دیکە بوو لە ئێران، رەوتی سیاسی و باڵەکانی رێژیمی بە ئاقارێکی دیکەدا برد، کورد بێدەنگی نواند، ئایا بێدەنگی مەسڵەحەتی کورد بوو یان بە پێچەوانە؟**

**سۆران عەلیپوور:** کێشەی بنەڕەتی بزووتنەوەی سەوز نایەکبوونی گووتاری رێبەری بزووتنەوەکە لە لایەک و گوتاری رادیکالی خەڵک و شەقام لە لایەکی دیکە بوو، رێبەری باسی ریفۆرم لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی دا دەکرد، خەڵک دروشمی رووخانی دیکتاتۆری بەرز کردبۆوە، ئەوە بێجگە لەوەی کە لە رێبەرایەتیی کردنی ئەو رەوتە دا ئیشکالیەتیی سەرەکی هەبوو، هەرچی ئەوان بوون دەیانویست داخوازیەکانیان لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتی دا بێننە گۆڕێ، لە کاتێک دا خودی ئەو یاسایە لەمپەری گەورەی بەردەم پرۆسەی سیاسییە. ئەو بەشەی کە پەیوەندی بە خەباتی خیابانی خەڵک و داخوزیە رادیکالیەکانیانەوە هەبوو دەبوو پشتیوانی کرابا، هەر وەک ئەوەی هێندێک لایەنیش کردیان. ئیشکالیەتێکی دیکە کە کورد کەم و زۆر لەگەڵ ئەو بزووتنەوەیە هەیبوو، خوێندنەوەی ئەوان بوو بۆ کێشەی نەتەوەکان و ئەو پێکهاتە جۆراوجۆرە ئێتنی یەی لە ئێران هەیە، ئاماژەیەکی سەرپێیان پێ دا کە زیاتر دەچووە چوارچێوەی رێکلام تا پرۆگرامێک کە باوەریان پێی هەبێ. کورد لەگەڵ خودی ساختار و چوارچێوەی ویلایەتیی فەقیهە و سیستمی سیاسی ناوەندگەرا کێشەی هەیە، رێبەرانی بزووتنەوەی سەوز ئامانجیان چاکسازی بوو بە مەبەستی هێشتنەوەی کۆماری ئیسلامی، پێشتر رێفۆرمخوازی سیاسی ئیمتحانی خۆی دابوو، هەلوێستی لایەنە کوردیەکانیش یەکدەست نەبوو، هەموو ئەوانە و کەش و هەوای پۆلیسی زاڵ بەسەر کوردستان دا هۆکار یبوون کە کورد بە قورسایی زۆرەوە بەشدار نەبێ لەو بزووتنەوەیە دا، لە کاتێک دا خوێندکارە کوردەکانی دانیشتووی شارە گەورەکان هەم بەشداریان کرد و هەم قوربانیشیان بۆ دا. دەرەنجامێکی ئاشکرای بزووتنەوەی سەوز ئەوەبوو کە نیشانی دا رێبەری یەک دەست نیە و یەکگرتوی نێوخۆیی کۆماری ئیسلامی لە قەیران دایە.

**پرسیار: ساڵی ۲۰۱۱ بۆ دنیای عەرەب، بەهاری عەرەبی بە دواوە بوو زۆر شۆڕش و بزووتنەوە سەریان هەڵدا، بۆچی بۆ کورد بە مێژینەی خەباتی سیاسییەوە لەم ئالوگۆرانە دواکەوت؟**

**سۆران عەلیپوور**: بەهاری عەرەبی هەڵقولاوی هەل و مەرجی نێوخۆیی ولاتانی عەرەبی بوو، ریشە مێژوووییەکانی ئەو بزاڤانە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی حوکمی عوسمانی و پاشان چۆنیەتیی دابەش کردنی پاشماوەکانی دەلەتی عوسمانی لە لایەن زلهێزەکانەوە، فاکتە ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتیە هەنوکەییەکانیش رۆلی خۆیان گێرا، لە هەمووی سەرنجراکێشتر ئەوەبوو کە لەو ولاتانەدا نەوەیەکی لاوی هۆشیاری خوێندەواری بێکار هەبوو کە بارووتی ئامادەی تەقینەوەی ئەو راپەرینانە بوون، بێگۆمان ناپرژێینە سەر وردەکارییەکانی ئەوەی کە بە بەهاری عەرەبی ناسرا.

دۆخی کوردستان جیاوازیەکی زۆری لەگەڵ ئەو وڵاتانە دا هەیە، بەهاری عەرەبی رووخانی هەیبەتی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بوو کە شۆرشگێرەکانی دوێنێ و دیکتاتۆرەکانی ئەورۆ رێبەرایەتیان دەکرد، ئەو مۆدێلە فەرمانرەواییە کە لە سەردەمی رەزاشا و کورەکەی لە ئێرانیش ئەزموون کران لەگەڵ چۆنیەتیی کۆپی کردنی مۆدێرنە و چەمکەکانی مۆدێرنە بۆ نێوخۆی ولاتەکانیان تووشی شکست هاتن. ئەو ولاتانە پەیوەندی ئابووری پتەویان لەگەڵ رۆژئاوا هەبوو، بە دەربرینێک سێکۆلار بوون و هەوڵیان دەدا وێنەی ولاتێکی پێشکەوتوو لە خۆیان پێشان بدەن، پارادۆکسی مۆدێرن بوون و دیکتاتۆر بوون بەرەو هەڵدێری بردن. کێشە و داخوازیەکانی کوردێک لەگەڵ هاولاتیەکی عەرەبی جیاوازن، عەرەبێک لە میسر کێشەی ئەوەی نیە کە شوناس و زمان و کەسایەتیەکەی لە ژێر هەرەشە و مەترسی دان، یان هاولاتیەکی تونس لەگەڵ سیستمی سیاسی وڵاتەکەی کێشەی هەبوو بەلام مرۆڤێکی خاوەن ناسنامە بوو، لە سوریە کوردەکان چ لە ئەنجومەنی نیشتمانی سوریە و چ لە شارە کوردیەکان دا بەشداری ئەو بزووتنەوەیەن، بەلام رووی کوردەکان دەبێ لەو عەقلیەتە تۆتالیتار و پاوانخوازە بێ کە تەنانەت لە ئەنجومەنی نیشتمانی سوریەش دا بالادەستە، بۆ نموونە بورهان غلیون ئاکادیمیەکی ناسراوی دنیای عەرەبە، کەسایەتیەک کە لە رۆژئاوا مامۆستای زانکۆ بوو و بەرهەمەکانیشی زۆر بەجدی لە ولاتانی عەرەبی دەخوێنرێنەوە، بەلام خاوەنی هەمان زهنیەتیی پەراوێز کردن و بە جدی نەگرتنە لە ئاست کێشەی کورد لە سوریەدا.

**پرسیار**: وەک پرسیاری کۆتایی، کاری رووناکبیری کورد لەم دۆخەدا چیە؟
**تکایە ئەگەر مەسەلەیەکی گرینگ هەبێت کە جێگای ئاماژە بێت، وەک کۆتایی ئەم وتووێژە باسی بکەن و سپاس بۆ ئەمەگداریتان؟**

**سۆران عەلیپوور**: ئەرکی روناکبیر خزمەت کردن بەها بالاکانی وەک ئازادی و عەدالەت و حەقیقەتە، کێشەکە ئەوەیە کە لە پشت ئەو چەمکانەوە زۆر جار روناکبیر خیانەت لە ئەرکە سەرەکیەکەی خۆی دەکا، ئەوە باسێکی تیۆری قووڵە، ژۆلین بندا لە کتێبی "خیانەتی رۆشنبیران" دا باس لەوە دەکا کە چۆن رووناکبیرەکان هانی سەربازەکانیان دابوو لە پێناوی شارستانیەت و کلتوور دا شەر بکەن، لە کاتێک دا ئەنجامەکانی بەلگەهێنانەوەیەکی ئاوا رەچاو ناکرێ، رووناکبیر بونەوەرێکی ئالۆزە، ناچێتە چوارچێوەی پێناسەیەکەوە، بۆیە ئەرکدار کردنیشی ئاسان نیە. بەلام رووناکبیر دەتوانێ پاڵ

بەو دیــوارانەوە بنــێ کە دەوری ئێمەیــان تەنیــوە، شــایەد ئەو دیــوارانە نەروخــێن بەڵام مەیــدانی ئــازادی ئــێمە فراوانتــر دەبێتەوە، زیاتر باوەرم بەو پرۆسەیە هەیە کە بەردەوام هەوڵی بەریـن کردنـی پانتـایی ئـازادی دەدا تـا ئەوەی گەیشـتن بە "مدینه فاضله" بکاتە ئامانج، یانی بە دیدێکی ئیدۆلۆژیکانە خاڵێکی کۆتایی و بەهەشتێکی زەمینی بکرێتە نیشانە تـا نەک هەر رووناکبیر بەڵکو هەموو کۆمەڵگەی بۆ میلیتاریزە بکرێ.

## بیوگرافی کورت:

ساڵی ١٩٨٢ لە رۆژهەڵاتی نیشتمان لەدایک بووم، لیسانسی مێژووم لە زانکۆی سەلاحەدین وەرگرتـووە، لە نێوان کـۆنگرەی دوو تـا سێی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران سکرتێری ئەو رێکخراوەو سەرنووسـەری گۆڤـاری لاوان بـووم، لە ســاڵی ٢٠٠٣ تــا ٢٠٠٧ وەک مامۆســتا لە وەزارەتــی پەروەردەی حکــومەتی هەرێــم کــارم کــردووە، کتێبــی "بــارودۆخی سیاســی کوردســتان"م بە هاوبەشــی لەگەڵ دوو وەرگێــری دیــکە لە ســاڵی ٢٠٠٥ لە لایەن دەزگــای موکریــانییەوە چــاپ کــراوە، "کتێبــی رۆشـنبیر کێـیە چارەنووسـی چـیە" م لە سـاڵی ٢٠٠٧ لە لایەن دەزگـای وەرگێـران ەوە چـاپ کـراوە، کە وەرگێـراوی کـۆمەڵە وتـارێکە لەمەر رۆشنبیر و رۆشنبیریی یەوە، دەیان وتـار و لێکۆڵینەوەم لە گۆڤار و رۆژنامە و ماڵپەڕەکان دا بڵاو کـردۆتەوە، لە ساڵی ٢٠٠٧ ەوە لە سوێد نیشتەجێم.

١٧ی جوونی ٢٠١٢

**سەرچاوە: وێبلاگی ئەمڕۆژانە ئەفراسیاب گرامی**

---



سەرچاوە Serchawe

# بریتانیا، بەرەو کوێ؟

خەڵکی بریتانیا لە راپرسیەکی مێژوویی و کەموێنەدا، بە زۆرینەیەکی لاواز دەنگیان بە هاتنەدەری وڵاتەکەیان لە یەکیەتیی ئورووپا دا. بە رواڵەت پرسیاری سەرەکیی مانەوە یان هاتنەدەر لەو یەکیەتییە بوو، بەڵام دیوی نێوخۆ، شاراوە و بەهێزی ئەو پرۆسەیە، پەیوەندی بە ویستی خەڵکەوە هەبوو کە لە رێگەی ئەو رێفراندۆمەوە پێشان بدەن کە خوازیاری چ جۆرە حوکمرانی و دەوڵەتێکن بۆ وڵاتەکەیان؟ وڵاتێکی خاوەن سەروەری رەها کە خاوەنداریێتی سنوورەکانی خۆی بکا و دەستی ئەوانە کورت بکاتەوە کە لە دەرەوەی سنوورەکان بڕیاریان بۆ دەدەن یان وڵاتێکی بێ گومرگ بە رووی سەرمایە و کاڵا و هێزی کاردا کە بتوانی ٥٠٠ ملیۆن بەکاربەر لە بازاڕی بازرگانیدا بهێڵیتەوە. هاوکات لەگەڵ ئەو گرێ سیاسییە، کۆمەڵێک پرسی کۆمەڵایەتی، ئابووری، مێژوویی و فەرهەنگی لە برێکزیتدا بەرۆژەڤ بوون. ئەو درزە گەورانەی کە لە ستراکتور و کلتووری بریتانیادا هەن، فاکتگەلێکی بەهێزن بۆ تێگەیشتن لەو زۆرینەیەی کە بەڵێی بە هاتنەدەر لە یەکیەتیی ئورووپا گوت؛ یەکیەتییەک کە لە سەر بنەمای ئاشتی، دێموکراسی، یەکسانی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیی دامەزراوە و یادگاری ئەو رۆژانەیە کە ئورووپا پاش گۆنگەڵی نازیسم و فاشیزم لە هەوڵی سارێژکردنی برینەکانی دوای جەنگێکی ماڵوێرانکەردا بوو.

ئەو راپرسییە چەندین پرسی لە پانتایی سیاسی رۆژئاوادا زیندوو کردەوە، دوو چەمکی دەوڵەت - نەتەوە و لیبرالیزمی نوێی دووبارە بەرامبەر بە یەک راگرتەوە. دەوڵەت - نەتەوە لە سێ دەیەی رابردوو لە ئەنجامی کۆمەڵێک رێککەوتنامەی هەرێمی، هێژموونی بازاڕ و کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان و هەروەها، بەجیهانیبوونەوە پێگەیەکی لەرزۆک و لاوازی لە رۆژئاوادا هەبوو. دامەزرانی یەکیەتیی ئورووپاش لە هێنانەخواری پێگەی دەوڵەت - نەتەوەدا رۆڵێکی بەرچاوی گێڕا، بە تایبەت ئەوە کە وڵاتانی ئەندام ناچار بوون بەشێک لە سەروەری سیاسی، ئابووری خۆیان بۆ ئەو یەکیەتیە بگوازنەوە. سەرەڕای ئەو دۆخە دەوڵەت - نەتەوە هێژموونی خۆی بە سەر بڕاردە و فۆرمە جیاوازەکانی بەڕێوەبردن و دەوڵەتداریدا پاراست. دوو پرسی تێرۆریزمی جیهانی و لافاوی کۆچبەران لە وڵاتانی جیهانی سێیەم لە لایەک و قەیرانە داراییەکانی نێو یەکیەتیی ئورووپا لە لایەکی دیکەوە، دوو کۆمەڵە فاکتی بەهێز بوون تا ناسیۆنالیست و راستە توندرە و، دژە بیانی و کۆنسێرڤاتەکانی بریتانیا ئەو راپرسیە بە جۆرێک کانالیزە بکەن کە تێیدا دەوڵەت - نەتەوە وەک تاکەچارەسەر بەرجەستە بکەن. ئەوان پێیان وایە کە بە هاتنەدەر لەو یەکیەتییە لە تۆڕی بیرۆکراتی ئەو رێکخراوە رزگاریان دەبێ و بۆخۆیان یاسا و رێساکانیان دادەڕێژن و بەڕێوەی دەبەن، لەو رێگەیەوە لە دەست ئەو هەموو کۆچبەرەی ناو یەکیەتیەکە کە بە زۆری لە وڵاتانی ئورووپای رۆژهەڵاتەوە روو دەکەنە بریتانیا رزگاریان دەبێ و هاوکات سنوورەکانیشیان لە ئاست کۆچی



سەرچاوە Serchawe

نێودەوڵەتی‌دا قایمتر دەکەن. ئەو ١٨ ملیارد پاوەندەش کە دەچێتە بودجەی یەکیەتیی ئورووپاوە دەگەڕێتەوە بۆ گیرفانی خۆیان. هاوکات لیبرالیستەکان، کۆمپانیا و بانکەکان و لایەنگرانی بازاڕی ئازاد و مانەوە لە یەکێتی ئوروپادا پێیان وایە کە بەهۆی دانانی گومرگەکان، لەندەن وەک یەکێک لە گرینگترین شارە بازرگانیەکانی ئورووپا پێگەی خۆی لەدەست دەدا و چەند هەزار پۆندێکیش لە داهاتی ساڵانەی شارۆمەندی بریتانی کەم دەبێتەوە، بازاڕ بەرتەسک و توانای هاتووچۆی کاڵا و سەرمایە و هێزی کار سنووردار دەبێتەوە، کابوسێک کە لیبرالیزمی نوێی لێی دەپرینگێتەوە.

ئەگەر بە تەنیا رواڵەتی سیاسی و ئابووریەکەی ئەو راپرسیە لەبەرچاو بگرین، ناتوانین وێنەیەکی روون و گشتگیر بەدەست بخەین، لە کاتێک دا دابڕان و درزە کۆمەڵایەتیەکان لە ناو گروپەکانی کۆمەڵگە، جیاوازیی نێوان نەوەکان و مەودای تێڕوانینی نێوان خەڵکی شارەگەورەکان لەگەڵ دێهاتەکان و شارە بچوکەکان لە ئەنجامەکانی ئەو راپرسیەدا رۆڵی خۆیان گێراوە. بێ ئەوەی بۆ رابردوویەکی زۆر دوور بگەڕێینەوە، کاریگەریەکانی شۆڕشی پیشەسازی و پۆست کۆلۆنیالیزم لە دابەش بوونی چینەکان و بەرژەوەندیەکان دا هەست پێ دەکەین، ئەو رووداوانە شوێنی نیشتەجێ بوونی چینەکانی لێک جیاکردەوە؛ لە شاری پۆست مۆدێرن دا دووبارە نێوەندی شارە گەورەکان بوونە سەنتەری وەبەرهێنان و فرۆشتنی خزمەتگوزاری، لە بەرامبەردا پەراوێزی شارەکان و گێتۆکان بوونە شوێنی نیشتەجێ بوونی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە و گروپە ئێتنیکیەکان. لاوان و زۆرینەی خەڵکی شارە گەورەکان، هاوکات لەگەڵ سەرمایەدار و خاوەن کۆمپانیا و بانکەکان دەنگیان بە مانەوە لە یەکێتی ئوروپا دا، لە کاتێکدا خەڵکی بەتەمەنتر و هەژارتری نیشتەجێی دێهات و شارە بچووکان دەنگیان بە هاتنەدەر لەو یەکێتیە دا، هەبوون ئەوانەی کە لەو پرۆسەیەدا مۆدێرن و نەریتیان لە ئاست یەکتر دا رادەگرت.

راستە توندرەوەکان و پارتە دژە بیانیەکان توانیان دۆخی قەیراناوی یەکیەتیی ئوروپا بۆ کانالیزەکردن و بردنە پێشی ئامانجەکانیان بقۆزنەوە، بە تایبەتی بێ توانایی ئەو یەکیەتییە لە مامەڵەکردنی وەک یەک لە ئاست لێشاوی پەنابەرانی ساڵی رابردوودا، هەروەها زووم خستنە سەر ئەو مەترسیانەی کە پەنابەران بۆ سەر دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیی(دولت رفاه اجتماعی) دروستی دەکەن. دووبارە بەرۆژەڤ بوونەوەی دەوڵەت ـ نەتەوە لەگەڵ ئەوەدا کە نموونەی ئیدیالی راستەکانە، بەڵام کۆرپەلەی ترسێکیشی لە منداڵدانی خۆیدا هەڵگرتووە، ئەویش خەونی هەمیشەیی "سکۆتلەندیەکان و ئیرلەندی باکوورە" بۆ جیابوونەوە لە بریتانیا و هەر بە زوویی مەیلی خۆشیان بۆ مانەوە لە یەکیەتی ئورووپادا پیشان دا.

کاردانەوەکانی ئەو راپرسیە هەر زوو لە پراکتیک دا بە تایبەت لە بازاڕی بۆرس و رووداوە سیاسییەکاندا رەنگدانەوەی هەبوو. "دەیڤید کامێرون"ی سەرۆک وەزیران دەست لەکارکێشانەوەی خۆی راگەیاند و وڵاتانی دیکەی ناو یەکیەتیی ئورووپا



سەرچاوە
Serchawe

داوای هەڵوێستی یەکلاکەرەوەیان لە بریتانیا کرد. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا پرۆسەی هاتنەدەری بریتانیا لە رووی بیرۆکراسییەوە پرۆسەیەکی ئاڵۆز و دوورودرێژە و لەوانەیە نزیک بە دوو ساڵ بخایەنێ، ئەوەش دوای ئەکتیڤ کردنی بەندی ژمارە ٥٠ لە رێکەوتننامەی لیسبۆن لە لایەن پارلمانی ئەو ولاتەوە. پاشان بریتانیا دەبێ فۆرمی پەیوەندی خۆی لەگەڵ یەکیەتیی ئوروپا دارێژێتەوە. یەکێک لەو رێگایانە لەوانەیە مانەوە لە پەیماننامەی هاوکاری ئابووریی ئوروپا(EEC) European Economic Community دا بێ، هەروەک چۆن نۆرویژ بێ ئەوەی لەگەڵ یەکێتی ئورووپا بێ، خۆی لەگەڵ زۆربەی رێکەوتننامەکان و مەرجەکانی بازاری ئەو یەکیەتیەدا گونجاندوە. کێشەیەکی دیکە ئەو ئاڵوگۆرانەیەی کە بەسەر چەمکی شارۆمەندی ئوروپایی دا دێ؛ زۆرێک لە هاوڵاتیانی ولاتانی دیکە هەر ئێستا بێ هیچ کێشەیەک لە بریتانیا دەژین، کار دەکەن یان دەخوێنن، بە پێچەوانەشەوە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بریتانیا لە ولاتە جۆراوجۆرەکانی نێو یەکیەتیی ئوروپادا دەژین، ئەنجامەکانی ئەو راپرسیە کار دەکاتە سەر ژیان و گوزەرانی ئەو گروپانە و لە داهاتوودا مانەوەیان دەبێ بە پرۆسەیەکی ئیداری و قانوونیدا تێپەڕ ببێ.

پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە کە پەیوەندییە سیاسی، سەربازی و ئابووریەکانی بریتانیا لەگەڵ یەکیەتیی ئوروپادا چۆن دادەڕێژرێنەوە؟ هەر دوولا لە چەندین بۆنەی جیاوازدا لە سەر هاوکاری بەهێز و پەیوەندی گەرمی نێوانیان پێداگریان کردووە، ئاخۆ چاوی رەشی ئەو کەسانەی بەڵێیان بە هاتنەدەر دا، لە ئاست هێژموونی لیبرالیزمی نوێ و توانای بازاردا کاڵ نابێتەوە؟ ئەگەری ئەوە هەیە کە دیواری سنوورەکان تەنیا لە ئاست هاموشۆی کۆچبەران دا پڕڕەنگ و بەرز بکرێنەوە، بەڵام لە ئاست هاموشۆی سەرمایە و هێزی کاری پسپۆڕ و کەلوپەلدا والا بمێنێتەوە. نیگەرانیی‌یەک کە ئێستا ئەو یەکیەتیە لەگەڵی بەرەوروویە ئەوەیە کە ئاخۆ بریتانیا دوایین ولاتە کە بەجێیان دێڵێ، یان وەک یاری دۆمینە چەندین ولاتی دیکەشی بە دوادا دێت. هەڕەشە هەرێمی و جیهانیەکان تەوژمی ناسیۆنالیزمی لە ئوروپادا بەهێز کردووە و جارێکی دیکە دەوڵەت - نەتەوەی وەک ئاکتۆریکی گرینگ گێڕاوەتەوە سەر شانۆی رووداوەکان، دیاردەیەک کە لە پەیوەندی لەگەڵ یەکیەتیی ئۆروپادا و رۆڵی ئەو ئۆرگانە لە داهاتوودا کاریگەر و بەرچاو بێ.

لە ژمارە ٦٨٣ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بلاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی جوولای ٢٠١٦

## قاسملووی ئاکادێمیک

کە ناوی قاسملووی شەهید دێتە سەر زمانان، بەبێ ویست وێنەی کەسایەتی‌یەکی سیاسی لە زەینی بەردەنگدا دەنەخشێ، ئەوەش بەبێ هۆ نیە، قاسملوو زۆربەی ژیانی خۆی بۆ سیاسەت یان بە دەربڕینێکی دیکە وەک بۆخۆی دەڵێ بۆ لابردنی ستەم تەرخان کردبوو. سیاسەت و سیاسەتکاری بۆ کوردان لە یەکەم تێڕوانینێدا هونەری بەڕێوەبردنی وڵاتێک نیە، بەڵکو زیاتر هونەری بەرەنگاربوونەوە و چەسپاندنی ناسنامەیە. گوتاری باڵای بەرەنگاریی زۆربەی مەودا مەدەنی و فەرهەنگی‌یەکانی دیکە و تەنانەت ژیانی ئاسایی خەڵکیش دەباتە ژێر کاریگەری خۆیەوە، لانیکەم لە رووی ئەزموونی‌یەوە ئەو بانگەشەیە پشتیوانی زۆرە. لەوانەیە د. قاسملووی شەهید نموونە و بەڵگەیەکی بەرچاو بێ. ئەو لەگەڵ ئەوەدا کە لە مەیدانی ئاکادێمیادا ئەسپی خۆی تاو دابوو و لە سەردەمێکدا نامەی دوکتوراکەی بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر کوردستان پێشکەش کردبوو، کە کتێبخانەی کوردی لەو بارەوە یەکجار دەستکورت و هەژار بوو، ئەو لە خەباتی سیاسیی خۆشی‌دا بە نەفەسێکی ئاکادێمی دەینووسی و دەئاخاوت، لە کتێبی چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی‌دا تەنها مێژووی سیاسی حیزبێک نانووسێتەوە بەڵکو هاوکات بە شێوەیەکی بابەتیانە تێکستێکی دەوڵەمەندی پڕ لە فاکت، لێکدانەوە و ئەنجامگیری پێشکەش بە خوێنەری کوردی دەکا.

لەوانەیە لە بنەڕەتەوە لێکجیاکردنەوەی قاسملووی ئاکادێمیک کە سەردەمانێک لە زانکۆکانی پراگ ، فەرانسە و بەغدا خەریکی لێکۆڵینەوە و وانەبێژی بوو لە گەڵ قاسملووی سیاسی کە لە دەریای پڕ گێژەن و تۆفانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەیویست کەشتی کوردان بگەیەنێتە کەنار، زۆر ئاسان نەبێ، ئەوەش بە چەند هۆکارێک: یەکەم ئەوەی کە لە کوردستاندا گوتارێکی زاڵی بەرەنگارخوازی نەتەوەیی هەیە، ئەو گوتارە لەوانەیە کەوتبێتە ژێر کاریگەری ئیدۆلۆژی جۆراوجۆر، بەڵام نێوەرۆکی ناسنامەخوازی خۆی ون نەکردووە. د. قاسملووش نەک هەر لە ژێر کاریگەری ئەو گوتارە زاڵەدا بووە بەڵکوو لە تیۆریزەکردنی ئەو گوتارە و خەباتی سیاسیی کوردەکانی رۆژهەڵاتدا بەشی شێری وەبەرکەوتووە. هۆکاری دووهەم ئەوەیە کە د. قاسملوو نووسینە ئاکادێمیەکانی بە نەفەسێکی کوردانە نووسیوە و نووسینە سیاسیەکانیشی بە نەفەسێکی ئاکادێمی داڕشتووە، ئەو پەیوەندیە ئۆرگانیە لە نێوان قاسملووی سیاسی و قاسملووی ئاکادێمیکدا لە ژیانی ئەو کەسایەتی‌یەدا رۆڵێکی گرینگ دەگێڕێ. دوایین هۆکار کە هۆکارێکی سوبژێکتیوە، پەیوەندی بە توانایی د. قاسملوو لە راگرتنی باڵانس لە نێوان دژبەرەکاندا هەیە، ئەو هاوکات لە چەندین پانتایی‌دا کاروچالاکی دەکرد، بۆیە ئاکادێمیبوونیش یەکێک لەو خەسڵەتە بەرچاوانەی بوو، کە نەدەکەوتە دژایەتیی لەگەڵ شۆڕشگێڕبوونێکی رادیکاڵانە. مارک کراوێتز لە وتارێکدا لە ژێر سەردێڕی "قاسملووی ژیر و زانا، سەفیرێکی هەڵسوور بۆ جووڵانەوەیەکی بێ یار و یاوەر"دا دەنووسێ: ئەو بە هاسانی

دەیتوانی تووندوتیژی پێویست بۆ خەباتێکی سیاسی - چەکدارانە لەگەڵ شک و گومانێکی سەرچاوەگرتوو لە ژیانی زانستی خۆی ئاوێتە و یەکانگیر بکا"(ڕۆژنامەی لیبراسیۆن،٧ی ئوتی ٨٩). ئەو هۆکارە سۆبژێکتیڤە کاتێک دەبێتە ئەرگۆمێنتێکی بەهێز کە بە دیدێکی بەربڵاوترەوە لە کەسایەتیی قاسملوو بڕوانیین، ئەو لە یەککاتدا ئازادیخوازێکی ڕادیکاڵ، ئاشتیخوازێکی دێموکرات، مرۆڤێکی ئەدەبدۆست و خۆشراوێژ، سیاسی‌یەکی وردبین و دیپلۆماتێکی زمانزان بوو، کەواتە تەنیا قاسملووی ئاکادێمیک نەبوو کە ئەو کەسایەتیەی گەیاندبووە لوتکە، لەگەڵ ئەوانەدا دەبێ پێگەی کۆمەڵایەتی و کۆنتێکستێک کە قاسملوو چالاکی تێدا دەکرد لەبەرچاو بگرین.

باکگراوندی ئاکادێمی د. قاسملوو لە چەند ئاستدا خزمەتێکی گەورەی بە خۆی، بە حیزبی دێموکرات و سەرەنجام بە پرسی کورد کردووە، ئەو پاشخانە زانستی‌یە و کاریگەری‌یەکانی لە زۆربەی نووسین و ئاخاوتنەکان، کۆڕ و کۆبوونەوەکانی‌دا هەست پێ دەکرێ و دەناسرێتەوە. بۆ نموونە لە کتێبی چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی‌دا هەموو بنەماکانی نووسینەوەیەکی زانستیانەی مێژوو ڕەچاو دەکات، لەگەڵ ئەوەدا کە خەباتی شاخ و دووردەستی لە سەرچاوە و بەڵگەکان کێشەی بۆ دروست دەکا، بەڵام بێلایەنی و ئۆبژێکتیڤ بوونی خۆی لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەپارێزی، هەرچەند پێی وایە ئەو بێلایەنی‌یە کارێکی ئاسان نیە، بە تایبەت ئەگەر مێژووی حیزبێک بنووسیەوە و بۆخۆشت ئەندامی ئەو حیزبە بی. د. قاسملوو لەو کتێبەدا هەلومەرجی پێش ڕووداوەکان بە خوێنەر دەناسێنی، هۆکار و کاریگەریەکان بە میتۆدێکی لۆژیکی و ئاوەزمەندانە دەستنیشان دەکا و ئەنجامگیری دەکا. ئەو ڕەواڵی کارکردنە لە دەقی "کورتەباسێک لە سەر سۆسیالیزمی دێموکراتیک" و ڕاپۆرتەکانی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەکانی حیزبدا و زۆر وتاری دیکەشدا بە تەواوی هەستی پێ دەکرێ. ستراکتۆرێک لە دابەشکردنی بابەتەکان‌دا هەیە، دەقەکان چڕوپڕن و بە زمانێک نووسراون کە خوێنەر پەیامەکان وەردەگرێ، گرێ و گۆڵ لە نووسینەکان‌دا نین و سەر لە خوینەر ناشێوێنێ. باسەکان پۆلێن دەکا و دەیانناسێنێ. کەواتە ئەزموونی زانستیی بەرچاوروونی‌یەکی زۆری بە د. قاسملوو داوە لە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەکانی‌دا، باڵانسێک کە لە نێوان جەمسەرە سیاسی و شەپۆلە ئیدۆلۆژیەکان‌دا دروستی دەکرد، ڕیشەی لە خوێندنەوەی ئاکادێمی ئەو مرۆڤە بۆ ڕووداو و دیاردەکان دا هەبوو. ئەو سەرمایە بۆ حیزبی دێموکراتیش بەکەڵک بوو، وەک نموونە دەتوانین ئاماژە بە سیاسەتی سەربەخۆ و ئەخلاقگەرایانە، باوەڕ هەبوون بە دێموکراسی نەک هەر تەنیا وەک ئیدۆلۆژی بەڵکو وەک فەرهەنگ، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و باوەڕهەبوون بە مافەکانی ژنان، چۆنیەتیی دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتان و پاراستنی بەرژەوەندی‌یە گشتی‌یەکان بکەین. ئەو بە هەمان نەفەسی پێداگۆگیانە کە وانەکانی ئابووری لە زانکۆ دەکوتەوە، لە چیاکانی کوردستان‌دا بەشداری دەورەکانی سیاسی پێگەیاندنی کادری دەکرد و لەوێش ڕۆڵی مامۆستایەکی دەگێڕا، باسەکانی لەسەر ئابووریی سیاسی بەڵگەیەکی دیارن بۆ ئەو بانگەشەیە.

لە سەر ئاستی نەتەوەیش‌دا جێ‌پەنجەی سەرمایەی زانستی و ئاکادێمی د. قاسملوو لە ناساندنی مەسەلەی کورد بە کۆڕ و

کۆمەڵی جیهانیدا دیارە و پەیوەندییە تایبەتیەکانی لەگەڵ کەسایەتییە ئاکادێمیەکاندا و ئەزموونی کارکردن و توێژینەوەکانی تۆڕێکی بەربڵاوی پەیوەندی بۆ کوردان دروست کردبوو. کاریگەریی ئەو پەیوەندیانە لە نەهادینەکردنی دامەزراوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دوای زیاتر لە دوو دەیە بە ئاشکرا دەبینرێن. ئەرکێکی دیکە کە د. قاسملوو بە سەرکەوتووییەوە بەجێی گەیاند چۆنیەتیی ئاوێتەکردنی خەباتێکی ناسیۆنالیستی لە فۆرمی چەکداریدا لەگەڵ ئەرزش و بەها جیهانیەکاندا بوو، ئەوە یەکێک لە کارە ئەستەمەکانی ئەو سەردەمە بوو، د. قاسملوو لێرەشدا دەبوو بگەڕێتەوە بۆ خوێندنەوە زانستییەکانی و سنوورەکانی نێوان بزووتنەوەیەکی چەکداری دێموکراسیخواز لەگەڵ ئامانجەکانی گرووپە تیرۆریستییە چەکدارەکان لێک جیا بکاتەوە، لەوانەیە لە نێوخۆدا ئەوە باسی رۆژ نەبووبێ، بەڵام سەلماندنی ئەو راستییە بە دنیای دەرەوە لەو سەروبەندەدا کارێکی دژوار بوو.

جیاوازییەک کە د. قاسملوو لەگەڵ زۆر ئاکادێمیکی دیکە هەیبوو ئەوەبوو کە ئەو بۆ گەیشتن بە ویستەکانی تەنیا لە چوارچێوەی دیوارەکانی زانکۆ و تیۆری و کتێب دا نەمایەوە و بە پراکتیکیش رووی کردە چیاکانی کوردستان و ئەوەی لە تیۆریدا باوەڕی پێی هەبوو لە پراکتیکیشدا هەوڵی بۆ دەدا. وەک هەر کەسایەتییەکی ئاکادێمی ئاواتی د. قاسملوو ئەوە بوو کە بتوانێ خەریکی توێژینەوە و خوێندن و نووسین بێ و کاتی خۆی بۆ ئەدەب و مێژوو تەرخان بکا، بەڵام ئەو ئاواتە بە بێ وەدیهاتنی مافە سەرەتاییەکان زیاتر لە خەونێک دەچوو، ئەو وەک کوردێک بەرپرسایەتییەکی گەورەتری لە ئاست کوردستاندا هەبوو،

**لە وتووێژێکدا لەگەڵ هەواڵنێری بی بی سی بێهروز یوسف زاددا پەردە لەسەر ئەو خۆزگە و ویستە تاکەکەسیانەی خۆی هەڵدەداتەوە دەڵێ:**

"من ئەگەر ئێستا بمیتوانیبایە بۆخۆم بڕیار بدەم، پیم خۆش بوو خەریکی زانست بام و کارم لە سەر مەسەلە ئەدەبی و فەرهەنگییەکان کردبا، هیوادارم هەلومەرجێک بێتە پێش کە وڵاتەکەمان ئارام بێتەوە و ئەمن لە یەکێک لە گوندەکانی کوردستاندا بۆ وێنە گوندی قاسملوو، رەنگە ئێوە نەزانن کە گوندێکی ئاوا هەیە. ئێمە ناوی خۆمان لەو گوندە وەرگرتووە، دانیشم و هەتا ماوم بخوێنمەوەو بنووسم." (کوردستان . ژ ٥١٤)

سەرەرای ئەوەی کە ئەو خۆزگەیەی د. قاسملوو تا ئێستاش هەر وەک خۆزگەیەک ماوەتەوە، بەڵام ئەو لە ژیانی سیاسی خۆیدا کەڵکی لەو سەرمایە زانستی و پاشخانە ئاکادیمیە وەرگرت و لەو رێگەیەوە گوتاری سیاسی نەتەوەیی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا بە شێوەیەکی مۆدێرن و دێموکراسیخوازانەی گونجاو لەگەڵ پێوەر و بەها جیهانییەکاندا داڕشتەوە، تەنانەت لە دوایین دانیشتنەکانیدا لەگەڵ نوێنەرانی جمهوری ئیسلامیدا ئەو تۆنە ئاکادێمیە لە روونکردنەوەی داواکانی حیزبی

دێموکراتدا و باس لە داهاتووی ئێراندا بە روونی دێتە بەرگوێ، تۆنێک کە لەوێ دوای چەند دەنگی کپکراوی دەمانچەیەک بێدەنگ دەکرێ، بەڵام بۆ هەمیشە لە یادەوەری نەتەوەیەک دا دەمێنێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جوولای ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## نا ـ شارۆمەندی

شارۆمەندیی فۆرمی نوێ و مۆدێرنی ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان دەسەڵات و تاکە، پۆستێکی یاسایی و سیاسییە وەک ئەندامێتی لە دەوڵەتێکدا. بە واتایەکی دیکە شارۆمەندیی هەموو ئەو ئەرک و مافانە لە خۆدەگرێ کە لە بەستێنێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی دیاریکراودا لە ڕێگەی یاسا، پێناسە و فۆرمولە دەکرێن. مۆدێلی باو و بەرچاوی ئەو شێوازە لە پەیوەندی نێوان تاک و دەسەڵات لە سیستمی دەوڵەت - نەتەوەدا خۆی دەبینێتەوە، بێجگە لەو ڕەهەندە یاسایی و سیاسییەی کە ئەو چەمکە هەیەتی، وەک جۆرێک لە پێگە یان پرێستیژ تەماشا دەکرێ و کەڵکی لێوەردەگیرێ، کە ڕەوایەتی بە ئەندامێتی تاکێک لە نێو گروپێکی گەورەتردا دەدا و دەیکاتە خاوەن ناسنامەیەکی دیاریکراو.

بەو پێیە کە تێروانینی دەوڵەتان بۆ شارۆمەندی و چۆنیەتیی هەڵسوکەوت کردنیان لە ئاست ئەو چەمکەدا جیاوازە، لە پراکتیکدا مۆدێلی جیاواز لە شارۆمەندی هەیە. ئەگەر لە لایەکەوە شارۆمەندی دەرفەتێکە بۆ گەیشتن بە مافەکان و ئەنجامدانی ئەرکەکان لە چوارچێوەی یاسادا، ئەوە لە لایەکی دیکەشەوە نا ـ شارۆمەندی ئامرازێکی کاریگەرە بە دەست دەسەڵاتەوە بۆ خستنە ژێر پرسیار، سنووردارکردن و پێشێل کردنی مافی تاکەکەن بە بیانووی جیاوازی وەک ڕەنگی پێست، نەتەوە یان ئایین... لە وڵاتانی تۆتالیتاردا شارۆمەندی لە مافە شارستانی، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دادەبڕێ و لە هێندێک ئەرک و مافی ڕواڵەتی و بێنێوەرۆک یان هێندیک ڕۆتین و کاغەزکاری بێواتادا کورت دەکرێتەوە، ئەو دیوارانەی لە نێوان تاک و دەسەڵاتدا دروست دەکرێن، زۆر زیاترن لەو پردانەی کە پەیوەندی نێوان ئەو دووانە ڕێک دەخا. حاڵەتێکی ئاڵۆزتر و ترسناک ئەوەیە کە لە نێو وڵاتێکی تۆتالیتێردا خودی چەمکی شارۆمەندی دەکرێتە بەربەستێک لە بەردەم گروپێکی ئێتنی یان خاوەن ناسنامەیەکی جیاواز بۆ گەیشتن بەو مافە سەرەتاییانەی هەر شارۆمەندێک دەبێ هەیبێ. ئەنجامێکی هەرە ئاسایی ئەو دۆخە هەڵاواردن و لێکدابڕانی پێکهاتەی سیاسییە کە دەبێتە هۆی دروستبوونی شارۆمەندی پلە دوو یان دەرکەوتنی دیاردەیەک بە ناوی نا ـ شارۆمەندی. مەبەست لە نا ـ شارۆمەندی لەو وتارەدا ئەو کەسەیە کە دەکەوێتە نێوان شوێن و ستراکتۆرەوە، بە پێی جەبرێک دەبێ لە شوێنێک لە دایک بێ و ئەو خەسڵەتە زمانی و ئێتنیکیانە بگوازێتەوە کە لە باوانەوە بۆی بەجێ دەمێنێ، هەر ئەوەش دەبێتە ڕێگر لەوەی‌کە بێتە نێو ستراکتۆرێکی دیاریکراوە کە لەگەڵ جیاوازبوونەکەیدا کێشەی بنەڕەتیی هەیە، ئەو لە لایەکەوە ناتوانێ دەسبەرداری خەسڵەتە خودییەکانی بێ و لە لایەکی دیکەشەوە هەر ئەو خەسڵەتانە دەبنە سنووری دوورخستنەوەی لە پێکهاتەی سیاسی؛ دیارە ئەوە بەو مانایە نیە کە ناتوانێ ڕۆڵ بگێڕێ یان لە مەیدانە جیاوازەکاندا خۆی ببینێتەوە یا کەسێکی پاسیڤ بێ، بەڵام دەرفەتی ڕێبەری کردن یان بڕیاردان لە سەر چارەنووسی خۆی پێ نادرێ. کەسێک لە نێوان سیستم و زگماکدا، نە دەتوانێ

خەسڵەتە زگماکیەکانی خۆی ئەزموون بکا وەک زمان و دابونەریت و هتد، نە دەتوانێ بێتە نێو سیستم و لە ئیدارەکردنی ژیانی کۆمەڵدا رۆڵ ببینێ. بە دەربڕینێکی دیکە ناشارۆمەند کەسێکە لە نێوان دووری و نزیکیدا. بە روانگەیەک نزیکە، چونکە لێرەیە و دەبینرێ، لە کاتێکدا مەودایەکی زۆری لەگەڵ نەهاد و دامەزراوەکاندا هەیە و بەو جۆرەی کە دەبێ شارۆمەندێک ببینرێ ئەو هەستی پێناکرێ. شارۆمەندی بێگانە یان نا ـ شارۆمەندی زیاتر لە شارۆمەندیکی ئاسایی رووبەرووی خەسار دەبێتەوە و ئەو دیوارەی کە لە دەوریەتی، زۆر کورتترە لەوەیکە بەرامبەر بە مەترسی و سەرەڕۆیەکانی دەسەڵات یان فاشیزمی کلتووری بیپارێزێ. ئەو ئاکتۆرە لاوازە بە ئاسانی لە گەمە سیاسیەکاندا بەکار دەهێنرێ، بۆ ئەوەی دیدی خەڵکی ئاسایی لە سەر کێشەکانی رۆژانە دوور بخرێتەوە، نا ـ شارۆمەند وەک مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی دەخرێتە روو، یان بۆ ئەوەی ئۆپۆزسیۆن و جیابیران چاوترسێن بکرێن، هیچ کەس لە ناشارۆمەند شیاوتر نیە تا بکرێتە قوربانی.

تایبەتمەندیەکی دیکەی نا ـ شارۆمەندی ئەوەیە کە وەک تاکێکی سەربەخۆی بڕیاردەر، خاوەن ناسنامە و جیاواز تەماشا ناکرێ و هەمیشە وەک گرووپ و لە پێوەندی لەگەڵ تایبەتمەندیە گشتیەکاندا پێناسە دەکرێ. تاکێکی کورد لە ئێراندا بە دەگمەن وایە کە وەک خۆی یان وەک تاکێکی سەربەخۆ ببینرێ، زیاتر لەگەڵ گرووپە ئیتنی و خەسڵەتە گشتیەکانیدا لێک گرێ دەدرێتەوە، لە روانگەی گوتاری زاڵەوە ئەگەر شارۆمەندێکی بێگانە تاوانێک ئەنجام بدا و بە رێکەوت ئەو کەسەش کورد بێ، ئەو رووداوە گشتگیر دەکرێ و هەموو کوردەکانی پێ دەخرێنە ژێر یەک چەتر، بەو دەربڕینە کە ئەوە هەموو کوردەکانن کە تایبەتمەندی تاوانکاریان هەیە، نەک ئەو کەسە بە شێوەیەکی سەربەخۆ و دیاریکراو. ئۆبژێکت بوون خەسڵەتێکی دیکەی نا - شارۆمەندە، وەک ژمارەیەکی بێ روح لە هەڵبژاردن و گەمە سیاسیەکاندا ئامرازئاسا کەڵکی لێ وەردەگیرێ، لە دامودەزگاکاندا وەک فەرمانبەرێکی بێهەڵوێست یان رۆبۆتێکی بێپرسیار شوێنی پێ دەدرێ، هەر هێندە کە بیهەوێ رۆلی بڕیاردەر بگرێتە دەست یان گومان و پرسیار دروست بکا، ئەوا پۆست و تەنانەت ژیانیشی دەکەوێتە مەترسیەوە. ئۆبژێکتبوونی ناشارۆمەند، بەو مانایەیە کە لە نا ـ شوێندا دەمێنێتەوە و دەکەوێتە دەرەوەی پرۆسەی سیاسی و ئابووریەوە، هەڵبەت ناکرێ پێمان وابێ کە ئەو پەیوەندیە بە تەنیا پەیوەندیەکی فیزیکی و جەستەییە، ئەو پەیوەندیە لە لایەن رایەڵکەیەکی ئاڵۆزی ئیدۆلۆژی بە شێوەیەکی سیستماتیک درێژە دەدرێ و بەڕێوە دەبردرێ. لەو پەیوەندیە ئاڵۆزەدا دەسەڵات و شارۆمەندە ئاساییەکان کە بەشێوەیەک هاوڕەنگیەکیان لەگەڵ دەسەڵاتدا هەیە رۆڵی نێوەند دەگێڕن و رۆڵی پەراوێزیش دەدرێ بە ناشارۆمەند، ئەو پەراوێز کردنە لە ئاستی گوتاردا تیۆریزە دەکرێ و لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندا پراکتیزە دەکرێ. بۆ نموونە شارە کوردیەکان لە رووی ئابووری و فەرهەنگیەوە دەخرێنە پەراوێزە و لە سیاسەتیشدا ناتوانن رۆڵ بگێڕن.

ئەگەر ئێران وەک وڵاتیکی تۆتالیتێر و کوردەکان وەک نموونەیەک بهێنینەوە، لەوانەیە دیدێکی روونترمان بۆ ئەو دۆخە پڕ

لە پارادۆکسە هەبێ، کوردەکان لەو وڵاتەدا دەتوانن ببنە خاوەن ناسنامە و پاسپۆرت، لە هەڵبژاردن و پرۆسەی سیاسیدا وەک ئۆبجێکت بەشداری بکەن، هێندێک لە مافە کلتوریەکانیشیان پراکتیزە بکەن، بەڵام هەموو ئەوانە ناتوانن رووی ئەو هەڵاواردنە بشارنەوە کە بە شێوەیەکی هۆشیارانە و بەرنامەبۆدارێژراو هەم لە ئاستی دامەزراوەیی و هەم لە ئاستی کلتووریدا بەڕێوەدەچێ. دەسەڵات روانگەیەکی ئەمنیەتی و پۆلیسی بۆ کوردستان هەیە و ئەو دۆخەش دەرفەت بە ئاکتۆرە نافەرمی و تەنانەت فەرهەنگیەکانی دیکەش دەدا کە بە سەر دیواری کورتی نا- شارۆمەندیی کورداندا باز بدەن و مافە سەرەتاییەکانیان سنووردار یا پێشێل بکەن.

ئەگەر باسەکە لە نموونەیەکی زەق و بەرچاودا کورت بکەینەوە، ئەوا کۆڵبەری ئاوێنەی باڵانوێنی نا- شارۆمەندیە، کۆڵبەری لە کوردستاندا بە تەنیا دەرکەوتەی کۆنتێکستێکی ئابووری نیە، بەڵکو دەرەنجامی ئەو دۆخەیە کە کورد تێیدا دەبێتە نا - شارۆمەند و دەکەوێتە نا- شوێنەوە، ئەنجامی پرۆسەیەکی دوورودرێژی دیسکریمینەیشن و بێبەری کردنە، کاتێک نا - شارۆمەندی جۆرێک لە ئەزموون کردنی بەرزەخە و مانەوەیە لە نێوان سیستم و خوددا، لە بەرامبەردا کۆڵبەریی گواستنەوەی کاڵایە لە نێوان دوو شوێنگەدا کە کۆڵبەر سەرەرای هەبوونی پەیوەندیەکی روحی بەو خاکەوە، سەر بە هیچ کامیان نیە، بەشداربوونە لە بازاڕێکدا کە ئەو تەنیا هەقی ئۆبجێکت بوونەکەی دەخاتە گیرفانی و قازانجی گەورە وەبەر ئاکتۆرە بەهێزەکانی ئابووری دەکەوێ، بۆ کوردێکیش هاتنە نێو بازنەی پرۆسەی ئابووری نێوخۆ کارێکی ئەستەم دەبێ و بەناچاری رێگەیەک تاقی دەکاتەوە کە سەرەڕای مەترسیەکان لە فۆرمێکی دیکەدا نا - شارۆمەند بوونی خۆی درێژە پێدەدا، لێرەدا دیوارەکانی دەوری نا - شارۆمەند هێندەی دیکەش کورت دەبنەوە و ئەوجار نەک هەر مافەکانی زەوت دەکرێن بەڵکو گیانیشی دەکەوێتە مەترسیەوە. کۆڵبەری کە دیوێکی دیکەی ترسناکی نا - شارۆمەندیە لە نێو نەهاد و دامەزراوەکاندا هەوڵی چارەسەری بۆ نادرێ، کۆڵبەریش دەرفەتی ئەوەی پێنادرێ کە بگەڕێتەوە یان بیگەڕێننەوە بۆ ئەو پرۆسە بەناو دادوەریەی لە ئێراندا هەیە، بێسپەری کۆڵبەر لە ئاست هێژموونی بێڕەحمی سیستمدا وادەکا کە سەربازێکی ئاسایی سەر سنوور لە یەک کاتدا تاوانبار بوونی کۆڵبەر دەستنیشان بکا، سزاکەی بۆ دیاری بکا و جێبەجێشی بکا. ئەو نموونەیە کورتکراوەی ئەو کەشە ئەمنیەتی و پۆلیسیەیە کە بە سەر هەموو کوردستاندا زاڵە، تا باری نائاسایی و پۆلیسی لە کوردستان بەردەوام بێ، دیوارەکانی دەوری نا - شارۆمەند کورتتر و لەرزۆکتر دەبن، بە پێچەوانەشەوە تا نا - شارۆمەندیی مۆدێلی دڵخوازی دەسەڵات بێ بۆ پێناس کردنی گروپێکی ئیتنیکی، ئەوا رەوایەتیی بە درێژکردنەوەی باری نائاسایی و میلیتاریزەکردن دەدرێ.

لە ژمارە ٦٨٦ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئاگۆستی ٢٠١٦

## کۆچی نێودەوڵەتی

لە سەرەتاکانی سێپتامبری ٢٠١٥دا، بڵاوبوونەوەی وێنەی منداڵێکی خنکاو بە تیشێرتێکی سوورەوە لە کەناراوەکانی بۆدرومی تورکیە، کاردانەوەیەکی جیهانی بەدوای خۆیدا هێنا، ئەو منداڵە بە ڕێکەوت کورد بوو، بە ڕێکەوت خەڵکی کۆبانی بوو و هەر بە ڕێکەوتیش وڵاتێکی بەڵاڵێدراو و پڕ لە شەڕ و شۆڕی وەک سوریەی لە دوای خۆی بەجێهێشتبوو. کارەکتەری ئەو وێنەیە بێجگە لە ناسنامە لۆکاڵیەکەی، هەڵگری ناسنامەیەکی جیهانیش بوو، لەوانەیە زۆر کەم هەڵکەوێ کە چوارچێوەی وێنەیەکی بچووک ، هەموو ڕەهەندە ڕەمزی و بەرچاوەکانی دیاردەیەک یان ڕووداوێک بگرێتە خۆی، بەڵام ئالان بە تەنیا کەسایەتیی "کۆچبەر"ی لە سەرەتاکانی سەدەیەکدا وێنا کرد، سەدەیەک کە نە دەرفەتی مانەوە، ئارامی و ئاشتی بە ئالانەکان دەدا، نە مەودای کۆچێکی بێ قوربانیش.

"کۆچ" لە دنیای ئەوڕۆدا خاوەن کۆمەڵێک تایبەتمەندی و خەسڵەتە کە جیای دەکاتەوە لە شوێن گۆڕکێکانی ڕابردووی مێژووی مرۆڤایەتی، پێشکەوتنی هۆکارەکانی ڕاگواستن و پەیوەندی پێکەوەکردن، شەڕ و بەڵا مرۆیی و سروشتییەکان، هەروەها کاریگەریی ڕاستەوخۆی سیاسەت و ئابووریی وڵاتان لەسەر یەکتر، لەو هۆکارانەن کە نێوەڕۆک و ڕواڵەتی کۆچیان گۆڕیوە .زۆر بە ئاسانی ڕووداوێک لە گۆشەیەکی دنیا، دیاگرامی بۆرسەی بازاڕە جیهانییەکان دەگۆڕێ. لەوانەیە ئاسان نەبێ لە چەند وشەیەکدا پێناسەی چەمکی"کۆچی نێودەوڵەتی" بکەین، بۆیە هەوڵ دەدەین لە ڕێگەی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانەوە لە ناسین و تێگەیشتنی ئەو دیاردەیە نزیکتر بینەوە. بە جیهانیبوونی کۆچ هەم لە ڕووی جوغرافییەوە و هەم لە ڕووی کاردانەوەکان و هەڵوێست گرتنەکان لە ئاستی دامەزراوەییدا، تایبەتمەندییەکی سەرەکیی کۆچی نێودەوڵەتین، کۆچ دەبێتە هۆی گۆڕینی دیمۆگرافی وڵاتی دایک یان بێبەش بوونی نیشتمان لەو هێز و مێشکانەی کە بۆ پەروەردە کردنیان سەرمایەی ڕەمزی و مادی تەرخان کراوە. هاوکات لە وڵاتی دووهەمیشدا بەرەورووی دیواری بڵێندی کلتووری جیاواز و پێکهاتەیەکی ئیداری، سیاسی و ئابووری دەبێتەوە کە بۆ هەزم کردن و چوونە نێو ئەو پێکهاتەیە ڕێگەیەکی درێژ و سەختی لە پێشە.

ئاراستەی کۆچ لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕدراوە، لە سەرەتاکانی سەدەی بیست و لە سەروبەندی دوو شەڕی گەورەی جیهانیدا ، دانیشتوانی ئورووپا ڕێگەی کۆچیان دەگرتەبەر و ڕوویان لە وڵاتێکی دیکە دەکرد، ئێستا بەشێکی زۆری وڵاتانی قارەی ئورووپا، ئەمریکا ، کانادا و ئۆستralیا بوونەتە شوێنی مەبەستی کۆچبەران لە سەرانسەری

جیهانەوە، هاوکات گۆڕانکاریەکی بنەڕەتیش بەسەر جۆری کۆچ کردنەکاندا هاتووە، وڵاتان تەنیا لەگەڵ یەک جۆری کۆچبەر بەرەوڕوو نین، هاوکات لەگەڵ کۆچی سیاسی، کۆچی خوێندن، کۆچی کار، کۆچی بنەماڵەیی و پەیوەندیيە خێزانیيەکان بەرەوڕووونە. هەر لەو پەیوەندیيەدا دەتوانین ئاماژە بە دوو ئەنجامی دیاری ئەو کۆچە نێودەوڵەتیيە بکەین، یەکێک لە ئەنجامەکان دەرکەوتنی دیاردەیەکی دیکەیە بە ناوی کۆچی بازنەیی(circular migration)، واتە گەڕانەوەی هەمیشەیی یان کاتیی ئەوەی یەکەم و دووەم بۆ نیشتمانی دایک و نیشتەجێ بوونەوەیان لە شوێنێک کە پێشتر بەجێیان هێشتووە، ئەنجامی دووەم دروست بوونی دیاسپۆرایە لە دەرەوەی زێد و نیشتمان و دروست کردنەوەی جۆرێک لە یەکگرتوویی، هاوکاری و ناسنامەی سیاسی و کۆمەڵایەتیيە لە تاراوگەدا لە سەر بنەمای ئێتنیک، ئایین، زمان یان پێشینەی هاوبەش.

وڵاتانی ترانزێت بە ئەکتەرێکی دیکەی جیهانی کۆچ و کۆچبەری ئەژمار دەکرێن، کە رۆڵ و پێگەیان لە هاوکێشەکاندا بەستراوەتەوە بە شوێنگەی ژێئۆپۆلێتیکیەوە و ژمارەی ئەو کۆچبەرانەی وەک بەردەبازێک کەڵک لەو وڵاتە وەردەگرن، بە کورتی وڵاتانی ترانزێت بەو وڵاتانە دەڵێن کە کۆچبەران بە مەبەستی گەیشتن بە شوێنی مەبەست پێیدا تێدەپەڕن یان بۆ ماوەیەکی کاتیی لێی دەمێننەوە، لەو چەند ساڵەی رابردوودا بە هۆی گۆڕانکاری لە سیاسەتی کۆچ و هێندێک رێککەوتنی ناوچەیی و نێونەتەوەیی، ژمارەی کۆچبەران و ماوەی مانەوەیان لە ولاتی ترانزێتدا بەرەوژوور هەڵکشاوە. وڵاتانی وەک تورکیە، مەراکێش، ئیسپانیا و مەکسیک لە بەرچاوترینی ئەو وڵاتانەن کە کۆچبەران وەک بەردەبازێک بۆ پەڕینەوە و گەیشتن بە شوینی دیاریکراو کەلکی لێ وەردەگرن. هەڵبەت ئەو بەرژەوەندیخوازیيە دوولایەنەیە و پشکی دەوڵەتەکان لەو مامەڵەیەدا یەکجار زۆر زیاترە، بۆ نموونە لە چەند ساڵی رابردوودا تورکیە وەک شمشێرێکی دووسەر کەڵکی لە کێشەی کۆچبەران وەرگرتووە، لە لایەک بۆ فشار هێنان بۆ یەکێتی ئورووپا و بەدەستهێنانی دەسکەوتی زیاتر، لە لایەکی دیکەشەوە بۆ سەرکوت کردنی گەلی کورد، ناڕازی و جیابیرانی نێوخۆ و پەردەپۆش کردنی پێشێلکاریيە نێوخۆ و ناوچەییەکانی.

ئەگەر کۆچ لە رابردوودا دیاردەیەکی پیاوانە بووە یان ژمارەی ژنان لەو کۆچە نێودەوڵەتیيەدا زۆر لە خوارێ بووە، ئەوا ئێستا ژنان هەم ژمارەیان لەو دیاردەیەدا زۆر زیادی کردووە، بە تایبەت وەک کۆچبەری بواری کارکردن لە بەشەکانی خزمەتگوزاری و تەندروستیدا، هەم ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتنیشیان لە بارەی کۆچەوە چۆتە سەرێ، ژنانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا بۆ کارکردن روو دەکەنە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەراست، یان ژنانی ئورووپای خۆرهەڵات روو دەکەنە شارە گەورە و پیشەسازیيەکانی ئورووپای رۆژئاوا بۆ گەڕان بەدوای ژیانێکی باشتردا، ئەوە بێجگە لەو ژنانەی کە بەشێکی بەرچاوی ئاوارەکانی رووداوە مرۆیی و سروشتیيەکان پێک دێنن.

بەسیاسیبوونی کۆچ، تایبەتمەندییەکی دیکەی کۆچی نێودەوڵەتییە، بە تایبەت دوای تەقینەوە و هێرشە تیرۆریستیەکانی مادرید، لەندەن و نیۆرک، ئەو ڕووداوانە بێجگە لەوەی کاریان کردە سەر دروست بوونی هاوەدنگییەک لە نێوان وڵاتانی وەرگر(ئەو وڵاتانەی کۆچبەران ڕوویان تێ دەکەن)، بە دیوێکی دیکەشدا پرسی کۆچیان لە کێشەیەکی مرۆییەوە گواستەوە نێو فۆرمێکی ئەمنیەتی. هاوکات لەگەڵ شەری نێوخۆیی سوریە وڵاتانی جیهان بەگشتی و وڵاتانی یەکێتی ئورووپا بە تایبەتی لە بەردەم چەند بژاردەیەکدا بوون، یان کێشەکانی نێو سوریە چارەسەر بکەن و بەو شێوەیە ڕێگە لە کۆچی زیاتری خەڵکی ئەو وڵاتە بگرن، یان ئەوەی کە لە وڵاتانی ترانزێتدا پێش بە کۆچی کۆچبەران بگرن، دوایین بژاردەش دەست و پەنجە نەرم کردن بوو لەگەڵ خودی قەیرانەکە لە نێو ئورووپادا. لێرەدا وەک نموونەیەک باس لە کۆچبەرانی سوریە دەکەین کە چۆن کار دەکەنە سەر دارشتنی سیاسەتی ناوچەیی و جیهانی، ئەگەر نا کۆچبەران یەکێک لە بابەتە هەر گەرمەکانی هەلبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمریکا و پەرلەمانی ئوستралیاشن.

خەسڵەتێکی دیکە کە کۆچبەری مۆدێرن لە کۆچبەری کلاسیک جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە لە وڵاتانی وەرگردا کۆچبەر بێجگە لەوەی بابەتێکی سیاسی و ئەمنیەتی و کلتورییە، هاوکات وەک مەترسی و هەڕەشەیەکیش بۆ سەر دەوڵەتی خۆبژوێنی کۆمەلایەتی تەماشا دەکرێ. ئەوەی کە کۆچبەران ناتوانن بگەڕێنەوە بازاری کار یان لە سەرەتادا پێویستیان بە پشتیوانی هەیە تا جارێکی دیکە هەم لە ڕێگەی بەرهەمهێنان یان لە ڕێگەی زەکات و مالیات بەشداری لە دەوڵەتی خۆبژوێنی کۆمەلایەتیدا بکەنەوە، وەک خاڵێکی لاواز لە لایەن ڕاسیست یا پارتە ڕاست و توندڕەوەکان دەقۆزرێتەوە تا دژایەتیی "ئەوی دیکە"ی پێ بکەن، ئەوە بێجگە لەو داوەرییە پێشوەختانەی کە لە ڕووی کلتوورییەوە لە سەر کۆچبەران دەیکەن و ڕوویەکی نەرێنی لەو خەڵکانە پێشان دەدەن کە لە وڵاتانی جیهانی سێهەمەوە کۆچ دەکەن.

دوای تێپەرینی ساڵێک بەسەر مەرگی ئالاندا، وەک منداڵێکی کوردی کۆچبەر لە لێوارەکانی وڵاتێکی ترانزێتدا، دەردەکەوێت کە ئەوەی لەو ڕۆژەدا ڕوویدا ڕێکەوت نەبوو، بەڵکو ئەنجامی ئەو دۆخە گلۆلۆکالییە(ناوچەیی/جیهانی)یە کە تێیدا هەموو فاکتەکان و هەموو ئاکتەرەکان بەشدارن تا جارێکی دیکە لە ڕێگەی وێنەی قوربانییەکەوە، "ئێمە" و "ئەوان" بەرامبەر بەیەک ڕابگرنەوە. ئالان لەگەڵ هەموو ئەوانەی لە ڕێگەی نێوان وڵاتەکاندا بوونە قوربانی، دیوی هەرە تراژیدی دیاردەی کۆچی نێودەوڵەتین.

لە ژمارە ٦٨٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بلاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٦

# زمانی زگماکی وەک هێز

زمان یەکێک لە ئاڵۆزترین داهێنانەکانی مرۆڤە، هاوکات رازێکی سەرنجراکێش و گرێیەکی سەختی بواری لیکۆڵینەوە و تێڕامانیشە، چۆن زمان پەیدا بووە؟ بۆچی زمان بووە بە هۆکاری پەیوەندی دروست کردن و چۆن پرۆسەی لێکگرێدانی دەنگ و واتا، رستەسازی و وشەسازی دەستی پێکردووە و تائێستاش بەردەوامە؟ لەو پرسیارە سەرەتایی و بنەڕەتی‌یانەن کە زمانناسانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، هاوهەنگاو لەگەڵ گەشە و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی‌دا زمان تەنیا لە چوارچێوەی هۆکارەکانی پەیوەندی پێکەوەکردن‌دا نەماوەتەوە و لە کۆنتێکستی جیاوازدا رۆڵ و ماهیەتی خۆی گۆڕیوە و کارەکتەری جۆراوجۆری تاقی کردۆتەوە، بۆ نموونە زمان لە تێروانینی یەکەم‌دا رۆڵێکی مەدەنیانە دەگێڕێ و پانتایی پێکگەیشتن، لێکتێگەیشتن و پێوەندی دروست کردنی نێوان مرۆڤەکانە. لەگەڵ گۆڕانکاری‌یە مێژوویی و سیاسی‌یەکان، لە دنیای مۆدێرن‌دا زمان بەرگێکی سیاسی‌یانە دەپۆشێ و دەبێتە مەیدانی جیاکردنەوەی سنوورەکانی دەوڵەت - نەتەوە و بەشداری و پشکداری لە کایە سیاسی‌یەکان و رەوایەتی دەبەخشێ بە هاووڵاتی‌بوون لە فۆرمێکی ئیداری و سیاسی‌دا، بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بەو کارکردە ئایدۆلۆژیکی‌یەی زمان لە تورکیە و ئێران‌دا بکەین. زمان لە کارەکتەرە شوناسخوازی‌یەکەی‌دا کە مەبەستی سەرەکیی ئەو وتارەشە، پانتایی ئەزموون کردنی ناسنامەیە، ئامرازێکی کارا و بەهێزی پێناسەکردنەوە و دان‌پێدانانە لە سنوورەکانی نەتەوە - دەوڵەت‌دا و نزیک بوونەوە لە نێوەندی دەسەڵات. ئەو کارەکتەرەی زمان لەنێو کەمینە ئاینی و ئێتنیستیەکان‌دا، یا لەنێو نەتەوە پەراوێزخراوەکان‌دا بە روونی بەرچاو دەکەوێ. بۆ کوردەکان زمان هەم دیوێکی بەرگریخوازانەی هەیە کە بەشێکە لە ناسنامەیەک و دەبێ لە ئاست هێژمونی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستان‌دا وەک میراتێک و گەوهەرێکی بەبایەخ بپارێزرێ، هەم دیوێکی هێرشبەرانەشی هەیە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و دروست کردنی قەوارەیەکی سیاسی.

ئێستا لە دنیادا لە نێوان ٣٠٠٠ تا ٨٠٠٠ زمان بوونی هەیە، هۆکاری سەرەکی بۆ ئەوەی کە ناکرێ ئامارێکی ورد لەو بارەوە بڵاو بکرێتەوە ئەوەیە کە سنوورەکانی نێوان زمان و دیالێکت لە زۆر شوێن‌دا بە تەواوی روون نین، لەگەڵ هەموو ئەوانەدا، ئەو راستی‌یە لە جێگەی خۆیەتی کە زمان لە پرۆسەیەکی مێژوویی‌دا بووە بە بەشێک لە سروشتی مرۆڤ و تەنانەت دیارترین هێڵی جیاکردنەوەی لە زیندەوەرەکانی دیکەش. کەواتە بە دەربرینێک دەتوانین بڵێین کە زمانی زگماکی لە سروشتیترین داهێنراوەکانی مرۆڤە، لەوانەیە هیچ دەستکردێکی دیکە مرۆڤ هێندەی زمان لە سروشتی مرۆڤەوە نزیک نەبێ. پیەر بۆردیۆ فەیلەسوفی ساختارگەرای فەرانسەیی لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵناسی‌یەکانی‌دا قورساییەکی زۆر بە زمان وەک سەرمایەیەکی رەمزی دەدا وەک پێکهێنەرێکی سەرەکیی هێز لە مەیدانە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەکان‌دا دەیناسێنێ، ئەو پێی وایە کە زمان تەنیا هۆکاری پەیوەندی پێکەوەکردن نیە بەڵکوو بەستێنێکی سیاسیشە بۆ یەکلایی کردنەوەی ململانێکانی هێز



سەرچاوە Serchawe

و دەسەڵات کە لەوێدا تاکەکان بە دوای بەرژەوەندیی خۆیاندا دەگەڕێن. پرسیاری سەرەکی لێرەدا واتای ئاخاوتن و دەربڕین نیە بەڵکوو پرسیار لەسەر ئەوەیە کە ئاخاوتن و دەربڕین چ هێز و قورساییەکیان هەیە، سەرنجی خوێنەر لەسەر ڕەوانبێژی و توانای قسەکردن دەگوازێتەوە بۆ سەرنج لەسەر سەرمایەی ڕەمزی وتەبێژ، کە پێگەی ئەو لە ساختاری کۆمەڵایەتیدا دیاری دەکا، واتە زمان لە نێو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا بیچم دەگرێ نەک وەک ئامرازێک بۆ پێوەندی پێکەوەکردن. ئەو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە زمان سیمبول یان ڕەمزێکە کە لە ڕێگەی قسەپێکەرەکانیەوە دانی پێدا دەنرێ و لەو ڕێگەیەوە هێز و دەسەڵات بە تاک و گرووپ دەبەخشێ، واتە زمان لە نێوەندی دەسەڵات دایە، ئەوە سەرەرای ئەوەی کە مرۆڤەکان لە ڕێگەی ئەزموونە دەرەکیەکانی خۆیانەوە دنیای دەرەوە هەست پێدەکەن و لە ڕێگەی زمانەوە پەیوەندی لەگەڵ ئەو دنیایە دروست دەکەن، ئەزموونە دەرەکیەکان ئەو سەرمایە سیمبولیکیانەن کە هێژمونی بە دەسەڵاتی زمان دەدەن، ئەگەر گرووپێک دەرفەتی وەسەریەکنانی سەرمایەی سیمبولیکی بۆ ڕەخسابێ ئەوا لە زمانیشدا هێژمونی هەیە، ئەو سەرمایەیە دەکرێ پلەی بەرزی خوێندن، پێگەی سیاسی و ئابووری بێ کە زمانی قسەکەر دەباتە نێوەندی دەسەڵاتەوە. تیۆرییەکەی بۆردیۆ بەرچاوروونییەکی باشمان دەداتێ تا بتوانین لە لایەکەوە لە گرینگیی خوێندن بە زمانی دایک تێبگەین و لە لایەکی دیکەشەوە لە پیلانەکانی سیستمێک ئاگادار بین کە دەرفەتی خوێندن بە زمانی دایک لە نێوەندەکانی خوێندندا نادا، بۆ نموونە لە ئێراندا سەرەڕای هەبوونی بەندێکی ناتەواو و تا ڕادەیەکیش ڕیاکارانە لە یاسای بنەرەتیدا کە ڕێگە بە خوێندنی زمانی دایک لە قوتابخانەکاندا دەدا، بەڵام لە پراکتیکدا نەک هەر ئەو دەرفەتە نەڕەخساوە بەڵکوو قسەکردن بە زمانی نەتەوەیی زۆرجار تەنبێکردن و سزادانیشی بە دواوە بووە. هەبوونی بەندی پازدە و مانەوەی لە یاسای بنەرەتیدا بۆ ئەوەیە کە هەر کاتێک باس لە زمانی زگماگ هاتە گۆڕێ وەک سپەرێک لە ئاست نەتەوە و کەمینەکاندا بەکار بهێنرێ و وەک پرۆژەیەک کە هیچکات جێبەجێ نەکراوە بە منەتەوە بە چاویاندا بدرێتەوە، ئەگەر بە پشتیوانی لە ڕوانگەی بۆردیۆشەوە لە هۆکارەکانی پراکتیزە نەکردنی بەندێکی ئاوا یان لە بنەڕەتەوە هەقی خوێندن بە زمانی دایک بکۆڵینەوە ئەوا دەبێ بڵێین کە هۆکاری یەکەم ئاگادار بوونی ڕێژیم لەو سەرمایە ڕەمزییەیە(زمان) کە هێژمونی و پێگەی گرووپێک دەباتە سەرێ و هێز و دەسەڵاتی پێ دەبەخشێ و لە کێشمەکێش و ململانێ سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا پارسەنگەکە بە لای خۆیدا دەکێشێتەوە، لە ڕوانگەی تارانەوە یەک زمانی لە خوێندندا یەکگرتوویی و ئاسایشی میللی دەپارێزێ و دەوڵەت بە بەهێزی دەهێڵێتەوە، واتە سنووردارکردنی زمان لە نووسین و ئاخاوتندا دەبێتە سنووردارکردنی بەکاربەرەکانی ئەو زمانەش لە پشکدار بوونیان لە کایە سیاسی و مەدەنی و ئابوورییەکاندا.

هۆکاری دووهەم ئەوەیە کە بە گشتی لەنێو نەتەوەکانی ئێران و بە تایبەتی لە کوردستاندا ڕێژیم لە کارەکتەری شوناسخوازی زمان دەسڵەمێتەوە و لەو پاشخانە ناسیۆنالیستیە دەترسێ کە لە پشت کارەکتەری زمانەوە هەیە، ئەو ئاوێتەبوونەی لەنێو زمان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیدا هەیە و پیرۆزیەک کە لە ناسیۆنالیزمدا بە زمان دەدرێ، ڕێژیم لە ڕێگەدان بە خوێندنی زمانی کوردی دەپرینگێنێتەوە، چونکە خوێندن بە زمانی زگماکی یەکگرتوویی و هاوپەیوەندی لە نێوان

ئەندامەکانی نەتەوەیەکدا بەهێزتر دەکا و ئەو جەبرە مێژووییەی کە کوردەکانی بەسەر چەند وڵاتێکدا دابەش کردووە لاوازتر دەکا.

دوایین هۆکار ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی رۆڵێکی دوولایەنە دەداتە سیستمی پەروەردە و فێرکردن لە ئێراندا، بە لایەکدا خەڵکانێک کە دەنکەجۆیەکی ماڵی پاشایان خواردووە وەک سەرکەوتوو و نوخبە لە سیستمی پەروەردەیی خۆی دێنێتە دەرێ و تایتڵی دوکتور و کارناس و فەیلەسوف و ئەندازیار و... پێ دەبەخشێ و لە لایەکی دیکەشەوە مۆری دواکەوتوویی و نەزانی و هیچ لەبارانەبوو بە خەڵکانێک دەدا کە دەکەونە دەرەوەی چوارچێوەی بەها و پێوەرەکانی. منداڵێک کە یەکەم رۆژەکانی خۆی لە مەدرەسە دەست پێدەکا و تا ئەوکات لە رێگەی زمانی دایک دنیای دەرەوەی خۆی ئەزموون کردووە و ناسیوەتی، لە پڕێکدا بە سەر ساختارێکدا دەکەوێ کە زمان دەکاتە بەربەستێک بۆ هاتنە نێو سیستمی پەروەردەوە، دەبێ تووشی چ راچڵەکینێک بێ و چەندە توانا و کاتی خۆی هەر بۆ ئەوە تەرخان بکا کە جارێکی دیکە بتوانێ لە رێگەی زمانێکی دیکەوە دنیای دەرەوەی خۆی ئەزموون بکاتەوە. ئەوە بێجگە لە هەموو ئەو بەربەستە سیاسی و ئابووریيانەی لە درێژەی خوێندندا دێنە پێش خوێندکارێکی کورد. بۆردیۆ بە روونی باس لەو رۆڵە پارۆدۆکسیکاڵەی سیستمی پەروەردە دەکا کە چۆن دەرفەت بە کۆمەڵێک دەدات سەرمایەی فەرهەنگی خۆیان ببەنە سەرێ و کۆمەڵێکیش بێبەری بکرێن و بخرێنە پەراوێزەوە.

کەوایە زمان رۆڵێکی گرینگ و نێوەندگەرا لە یەکلایی کردنەوەی پرسەکاندا دەگێڕێ و هێز لە زماندا بە مانای هێز لە مەیدانەکانی سیاسەت و دەسەڵات دایە، هەر لەو سۆنگەیەوە زمانی زگماکی لە گوتاری شوناسخوازی کوردی رۆژهەڵاتدا قورسایی خۆی هەیە. سەرەرای هەموو بەربەست و سپەرانەی لە ئاست خوێندنی زمانی زگماکیدا هەیە، چالاکوانان، رۆشنبیران و ئەدیبانی کورد لە رێگەی کردنەوەی کۆمەڵێک نێوەند هەم لە شارەکان و هەم بە شێوەی ئۆنلاین هەوڵی فێرکردنی زمانی زگماکی‌یان بە نەوەی نوێ داوە، بەڵام بێبەری کردنی خوێندکاران لە خوێندن بە زمانی دایک بە شێوەیەکی دامەزراوەیی و لە رێگەی سیستمی پەروەردەوە، بێبەش کردنیانە لە وەسەریەکنانی سەرمایەی فەرهەنگی و هاوکات بەرینتر بوونی ئەو کەلێنەی کە لە نێوان ژیانی رۆژانەی خوێندکارێک و خوێندنگاکەی‌دا هەیە. زۆرن ئەوانەی کە لەگەڵ یەکەم رۆژی دەستپێکردنی خوێندندا لە گەڵ دنیایەکی نەناسراو بەئەزموون و زمانی خۆیان رووبەڕوو دەبنەوە، بۆ زۆرێک لەوانە یەکەم جارە کە لەگەڵ دامەزراوەیەکی حکوومی بە شێوەی راستەوخۆ دەکەونە پەیوەندی‌یەوە و دەست و پەنجە لەگەڵ دنیایەکی نەناسراو و بێگانەدا نەرم دەکەن، پەیوەندی‌یەک کە هەر لە یەکەم وەبەریەککەوتندا ئاماژە بە ناتەبایی، هەڵاواردن و چەوساندنەوە دەکا.

لە ژمارە ٦٨٩ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## باکوور لە بەردەم هەڕەشەیەکی نوێدا

بە دوای کوودتایەکی پڕ دەسکەوت بۆ ئەردۆغان و ئاکپارتی لە ژوئیەی ئەمساڵدا ئیدی هیچ بەربەستێک لە پێش دەسەڵاتی ئەو وڵاتەدا نەمایەوە تا بێباکانە بکەوێتە گیانی ئازادیخوازان، ناڕازییان و جودابیران لە سەرانسەری تورکیەدا. ئەگەر ئەو کوودتایە سیناریۆیەکی لەپێشدا ئامادەکراویش نەبووبێ ئەنجامەکانی پڕ بە ویستی ئەردۆغان و حکوومەتەکەی بوون و بیانوویەکی باشی کەوتە دەست تا لە ژێر ناوی لەنێوبردنی گولەنیەکان پانتایی سیاسیی تورکیە پاکسازی بکا و مەرامە دێرینەکانی پراکتیزە بکا. هەر لە سەرەتادا مانۆرێکی فراوانی بۆ پێشاندانی هێزی جەماوەری رێکخست، ئەوە بە مەبەستی پێشاندانی مەشروعیەتی سیاسی و ناردنی پەیامێکی سەمبولیکیش بۆ رەوایەتیی دان بە کردەوەکانی داهاتووی. بەدوای ئەوەدا رەشبگیری لە نێو سوپا و دام ودەزگا حکوومی‌یەکان و زانکۆکان دەست پێکرد و بازنەکانی دەوری کۆمەلگەی مەدەنی تەسکتر کردەوە تەنانەت خەڵکی ئاساییشی رەوانەی زیندانەکان کرد، گۆڤار و رۆژنامەکانی داخست و جیابیران و رۆژنامەنووسان و کارمەندانی قۆڵبەست کرد، لە دوایین هەلوێستی‌دا هەردوو هاوسەرۆکی هەدەپە سەلاحەدین دەمیرتاش و فیگن یوکسک و دەیان پارلەمەنتاری لە سەر لیستی ئەو پارتە و سەرۆکی چەند شارەوانی‌یەکی باکووری کوردستانی دەستگیر کرد.

لەوانەیە لە روالەتدا شێوازی مامەڵکردنی ئەردۆغان و کەمالی‌یەکان لێک جیاواز بێ، سەرەرای ناکۆکی‌یەکانی لەگەڵ کەمالی‌یەکان بە یەک ئاراستەدا هەنگاو دەنێ، لە سەرەتاکانی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیەدا کەم نەبوون ئەوانەی پێیان وابوو ئاکپارتی نیەتی خێری هەیە و دەیهەوێ لاپەرەیەکی تازە لە مێژووی ئەو وڵاتەدا هەڵبداتەوە و هەم لەسەر ئاستی دەرەکی و هەم لە ئاستی نێوخۆدا گرێکوێرەکانی سەد ساڵەی تورکیە بکاتەوە. بەڵام بە تێپەرینی کات رووی راستەقینە دەرکەوت، ئەوە تەنیا تاکتیکێک بوو بۆ بەلارێدا بردنی رای گشتی لە نێوخۆ و دەرەوی تورکیەدا، ئەگەر نا هێزێکی ئیسلامگەرا لە پشت ئەو ماسکەوە خۆی حەشار داوە کە زۆر زیرەکانە ناسیۆنالیزمی توندڕەوی مستەفا کەماڵ لەگەڵ ئیدۆلۆژی ئیسلامی‌دا تێکەڵ دەکا. بە گرتنی هاوسەرۆکی هەدەپە و ئەندامانی پەرلمان و سەرۆکی شارەوانی‌یەکان، ئەردۆغان پرۆسەی دژە کوودتای گەیاندە ئەوپەڕی خۆی، هەزم کردن و تەحەممول کردنی هەدەپە بۆ ئاکپارتی کارێکی سەخت بوو، بەتایبەت دوای سەرکەوتنیان لە هەڵبژاردنە پارلەمانی‌یەکەی ساڵی رابردوو و ئەو گۆرانکارییە گەورەی هەدەپە لە مەیدانی سیاسیی تورکیەدا دروستی کرد، هۆکارێکی دیکە ئەوەیە کە کوردەکان توانیان کێشەی کورد لە قالبی کێشەیەکی ئیتنیکی بێننە دەرێ و بیکەن بەکێشەیەکی ئاکتوێلی سیاسی، ئەوەش لە رێگەی دەرفەت دان بە کەمینە و پێکهاتەکانی دیکەش کە بێنە ژێر سێبەری درەختەکەی هەدەپە. ئیدی ئەوجار ئاشکرا بەتەنیا لەگەڵ کێشەی نەتەوەیی

کوردەکان بەرەوروو نەبوو، بەڵکوو لەگەڵ کێشەیەک دەست و پەنجەی نەرم دەکرد کە هەم لە پارلەماندا بەرۆژەڤ بوو، هەم پشتیوانیی خەڵکی شارە کوردنشینەکان و کەمینەکانی دیکەشی لەگەڵ بوو. لە لایەکی دیکەشەوە هەدەپە بە ئاشکرا دژایەتیی روانگەی باوی دەولەتداری لە تورکیەدا دەکا کە لەسەر بنەمای نەتەوەی باڵا دامەزراوە. دەوڵەت لە ئاست ئەو بزووتنەوە زیندوو و رووڵەگەشەیەدا دەستەوەستان مابۆوە، کەواتە ئەردۆغان یا دەبوایە سیاسیانە مامەڵە بکا و لێگەڕێ رووداوکان رەوتی ئاسایی خۆیان بپێون و خەونی ئیمپراتۆریەتەکەی ژێر گۆڕ بنێ یان ئەوەی کە وەک خەسڵەتی هەمیشەیی پەنا بۆ چارەسەری سەربازی ببا و شەڕێکی ماڵوێرانکەر هەلگیرسێنێتەوە. ئەوە بێجگە لەوەی ئەردۆغان دەیهەوێ دەسەڵاتەکانی پەرلەمان سنووردار بکاتەوە و پشکی زۆری هێز بۆ دەفتەری سەرۆک کۆمارییەکەی بگوازێتەوە. هەبوونی خەباتێکی پەرلەمانی کاراش بەربەست بوو لە بەرامبەر ئەو ویستە پاوانخوازییەدا.

ئەردۆغان کە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی‌دا کەوتبۆوە پەراوێزەوە و نەیتوانیبوو پشتیوانی ناتۆ بۆ هێرشکردنە سەر کوردەکانی رۆژئاوا بەدەست بێنێ، پیلانەکانی بۆ رووخانی رێژێمەکەی ئەسەد شکستی هێنابوو، لە دنیای دەرەوەدا بە پشتیوانی لە داعش تۆمەتبار دەکرا، ئاگری شەڕێکی دیکەی هەڵایساند و پرۆسەی ئاشتی لەبار برد. حەسانەی پەرلەمانی پەرلەمانتارە کوردەکانی راگرت و شارەکانی میلیتاریزە کرد و چەندین دێهات و ناوچەی کوردستانی وێران کرد و ژمارەیەکی زۆر خەڵکی بێتاوانی کردە قوربانی.

پرۆسەی دامەزرانی دەولەتی مۆدێرن لە تورکیەدا هاوکات بوو لەگەڵ سرینەوە و پەراوێزکردنی ئەوانی دیکە، بەردەوام بوون و پایەداربوونی ئەو دەوڵەتەش پێویستی بە چەند فاکتێک هەبوو کە تا ئێستاش نوخبەی سیاسیی تورکیە پێیەوە پابەندن، بۆ نموونە هەوڵدان بۆ یەکدەست کردن و یەکرەنگ کردنی پێکهاتە جیاوەکان و دروست کردنی تاکە نەتەوەی تورک، هەروەها نێوەندگەراییەک کە بە پشتیوانی سوپا دەپارێزرێ. بۆ ئەو مەبەستە ماشێنی سەرکوتی نەتەوەی باڵا دژی کوردەکان کەوتە کار و بە درێژایی نزیکەی سەدەیەک سیاسەتی تواندنەوە و لە نێوبردنیان گرتە بەر. ئەردۆغان دەبوایە بە شێوەیەک وەفاداری خۆی بۆ ئەو بنەما کلاسیکیە لە دەوڵەتداریدا پێشان دابا، بە تایبەت کە وردە وردە لە سەدساڵەی دامەزرانی کۆماری تورکیە نزیک دەبێتەوە. ئەو دەیهەوێ تێکهەڵکێشیەک لە نێوان عەزەمەت و فەخامەتیی ئیمپراتۆریی عوسمانی لە لایەک و کەمالیزم لە لایەکی دیکەوە بکا و سەرەنجام بەرگێکی ئیسلامی بەسەر لیبرالیزمەکەیدا بکا. خەباتی کوردانی باکوور ئەو کۆنسێپتەی ئەردۆغان و ئاکپارتی تووشی قەیران کردووە، ئەوە راستە کە تورکیە هەر لە سەرەتاوە بە سەر دوو تورکیەی رۆژهەلاتی و رۆژئاوایی دابەش بووە، لە بەشە رۆژئاواییەکەیدا سێکولاریزم مۆدێلی باو بووە بەبێ ئەوەی مەبەست دێموکراسی بووبێ و لە بەشە رۆژهەلاتی‌یەکەشی بە میلیتاریزە کردن مێتۆدی باوی بەرێوەبردن بووە، بەڵام ئێستا لە بەشە رۆژهەلاتی‌یەکەیدا میلیتاریزەکردنیش ناتوانێ ئەو یەکگرتووییە زۆرەملیە بپارێزێ. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە هۆشیاری سیاسیی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵک چۆتە سەرێ و بازنەی خەبات فراوانتر بۆتەوە و لە

شاخەکانەوە هاتۆتە نێو شارەکان و خەڵکی ئاسایی خاوەنداریێتی لە پرسی سیاسیی خۆیان دەکەن، ئەو مێتۆدە قورسایی دەوڵەت لە کوردستان دێنێتە خوارێ و دەیهەوێ لەگەڵ ساختاری مەدەنیدا رامی بکا. لەخۆرا نیە کە ئەردۆغان نووکی رمەکەی بەرەو سینگی ئەو کەسانە راگرتووە کە پێشەنگی ئەو جۆرە خەباتەن.

لە کۆتاییدا دەکرێ ئاماژە بەوە بکەین کە دەولەت - نەتەوەکەی ئەردۆغان لەمێژە ئیمتحانی خۆی داوە و ئێستا نەک هەر لە کوردستان بەڵکوو لە بەشەکانی دیکەی تورکیەش بە دوای رەشبگیرییەکانی ئەو دواییەدا لەگەڵ کۆمەڵێک پرسی هەستیار بەرەوروو دەبێتەوە و هاوکات فشارێکی نێودەوڵەتیشی لەسەرە کە ناتوانێ تا کۆتایی لە ئاست ئەو فشارە جیهانیەدا کەمتەرخەم بێ. ئەردۆغان هەر بەرگێکی دیکە بە سەر دەوڵەت ـ نەتەوە کەیدا بکا، لە کۆتاییدا ناچارە مل بە داخوازیی سیاسیی کوردەکان بدا، ئەویش لە کاتێکدا کە ماشێنی خەباتی مەدەنی و سیاسی لە باکوور وەرێکەوتووە و بێجگە لە فەرهەنگسازی و ئامادەکاری چەندین ساڵە، خاوەنداریێتی لە پرسێکی رەوای سیاسی دەکا کە نەک هەر بە گرتنی رێبەرانی سیاسی بەڵکو هیچ هەنگاوێکی دوژمنکارانە ناتوانێ رایبگرێ یان پاشگەزی بکاتەوە.

لە ژمارە ٦٩٢ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## سۆران عەلیپوور: کۆماری کوردستان پێناسەیەکی نوێی لە شوناسی کوردی کرد



**هەڤپەیڤین: کاروان مێراوی**

"کۆماری کوردستان کە لە بەستێنێکی ئاڵۆز و لە بارودۆخێکی هەستیاری ڕۆژهەڵات نێوەڕاست و جیهاندا دامەزرا و ئەگەرچی کیانێکی ساوا و کەمتەمەن بوو، بەڵام لە مێژووی گەلی کورد و تەنانەت ناوچەکەشدا بە خاڵێکی وەرچەرخان ئەژمار دەکرێ و هەنووکەش لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا بووەتە سەرباشقەی بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلی کورد و وانەکانی کۆمار بووەتە ڕەمزی خەبات و هاوکات پاڵنەرێکە بۆ دامەزراندنەوەی کۆماری کوردستان.

بەبۆنەی یادی ٧٦ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان" کۆمەڵێک پرس ورووژاندووە و لەم پێوەندییەدا دیمانەیەکی لەگەڵ سۆران عەلیپوور، نووسەر و کارناسی مێژوو و مامۆستای قوتابخانە، هەروەها سکرتێری پێشووی یەکیەتیی لاوان و سەرنووسەری پێشووی گۆڤاری لاوان، نیشتەجێی ولاتی سوێد پێک هێناوە."

**کاروان مێراوی**: کاک سۆران با باسەکەمان بەو پرسیارە دەست پێ بکەین؛ سەرەڕای ئەوەی کە پێش لە کۆماری کوردستان، گەلی کورد شۆڕشگەلێکی جیاوازتر و تەنانەت کۆماری ئاگریی هەبوو، بۆچی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بە خاڵی وەرچەرخانی مێژووی کورد دادەنرێ؟

**سۆران عەلیپوور**: بۆ تێگەیشتن لە کۆماری کوردستان دەبێ چاوێک بەسەر ئەو ڕووداوو و وێستگە مێژووییانەدا بخشێنینەوە کە بەر لە کۆمار جێپەنجەی خۆیان لەسەر نەخشەی مێژووی ئەو نەتەوەیە بەجێ هێشتووە. لە دەورانی کۆماری کوردستاندا بۆ یەکەمجار چینی مامناوەندیی شارنشینی خوێندەوار، لەگەڵ ئەوەدا کەمینە و لاواز بوو، ڕەوڕەوەی ڕووداوەکان دەگرنە

دەست. ئێمە دەزانین دوای هەڵوەشانەوەی میرنشینە کوردییەکان، بۆشاییەک کەوتە نێو کۆمەڵگەی کوردییەوە کە دواجار ئەو بۆشاییە لەلایەن شێخ و بنەماڵە ئایینییەکان و پاشانیش نەوەی میرە کوردییەکان و خاوەن موڵکەکان کە لە تاراوگە دەژیان پڕ کرایەوە. ئەو هاوکێشەی هێزە لە کۆمەڵەی ژێکافەوە بەرەبەرە گۆڕانکاریی بەسەردا هات و چی دیکە بنەماڵەی شێخ و دەرەبەگە خاوەن موڵکەکان تاکە ئەکتەری شانۆی سیاسیی کوردستان نەبوون، ئەگەر سەرنج بدەینە کەسایەتییەکانی دامەزرێنەری ژ ـ کاف دەبینین کە ئەوان سەر بە چینی شارنشینی وردەبورژوا بوون. لە کۆماردا لەپاڵ هێزی چەکداری عەشایردا، ئەرتەشێکی قەوارە مۆدێرنیش دانرا، لەلایەکی دیکەوە بۆ یەکەمجار لە مێژووی کورددا لە ڕێگەی دامەزراوە و دەزگا و ناوەندی دێموکراتیک و مەدەنییەوە ویستی ناسیۆنالیستیی کوردان بەرجەستە کرا، لە بڵاوکراوە و وێژمانی سیاسیی کۆماردا هەست بە وشیارییەکی سیاسیی هاوبەش سەبارەت بە بوونی هاوبەشیی نەتەوەیی و مێژوویەکی هاوبەش و چارەنوسێکی هاوبەش دەکرا. ئەو وێژمانە هەرچەند وێژمانێکی یەکگرتووی ڕوون نەبوو، بەڵام هەم لە وێژمانی سیاسیی سەرانی کۆماری کوردستان و هەم لە دروشمی ستراتیژیکیی حیزبی دێموکراتدا مافی چارەی خۆنووسین بەڕوونی هەستی پێ دەکرێ. تێکەڵییەک لە ویستی ڕۆمانتیکی سەربەخۆیی لەگەڵ سیاسەتی ڕۆژ و ڕیئالیستی ئۆتۆنۆمیخوازیدا، کۆماری کردبوو بە خاڵێکی وەرچەرخان، ئەوە بێجگە لە گرینگیدانێکی کەموێنە بە پرسی ناسنامە و زمان.

سەرانی کۆمار ئامادەبوون دەغڵودانی ساڵێکی کۆمار بە سۆڤییەت پێشفرۆش بکەن بۆ ئەوەی بتوانن چاپخانە دابنێن. بۆ یەکەمجار دامەزراوە ئیدارییەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان هاوکات لەگەڵ پرۆگرامێکی سیاسیی هاوچەرخ بۆ ماوەیەکی کورتخایەن وێنەیەکی مۆدێرن و تۆکمەیان لە ناسیۆنالیزمی کوردی بەدەستەوە دا. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە هاوپێوەندی و یەکگرتوویەک کە لەنێو کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش لە ئاست کۆماردا هەبوو، دیاردەیەکی کەموێنە بوو لە مێژووی کورداندا، بەشداریی بارزانییەکان و ئەفسەرە سەربازییەکانی گەرمێن لە کۆماری کوردستاندا لوتکەی هاوپێوەندیی نەتەوەییدا بوو. هەر لەبەر ئەم هۆیانە و زۆر هۆی دیکە کۆماری کوردستان بە خاڵی وەرچەرخانی مێژووی کورد دادەنرێ.

**کاروان مێراوی:** پرسی بووژانەوە و گەشەکردنی زمان لە کۆماری کوردستاندا چەندە گرینگی پێ دراوە و تاکوو چەند هەنگاوی بۆ هەڵگیراوە؟

**سۆران عەلیپوور:** ئەو پرسیارە کە بۆ زمان و ناسنامە لە کۆماری کوردستاندا بایەخی پێ دەدرا و پێداگریی لەسەر دەکرا، کاتێک وەڵام دەدرێتەوە کە سەرنج بدەینە دۆخی سیاسیی ئێران و پرۆسەی بەناو مۆدێرنکردنی کۆمەڵگەی ئێرانی لەلایەن ڕەزاشاوە. ڕەزاشا لە ڕێگەی بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەند و لە ڕێگەی سانترالیزمی سیاسی و ئیدارییەوە لە هەوڵی دروستکردنی شوناسێکدا بوو بۆ خەڵکی ئێران، ئەو شوناسە داتاشراوە لەسەر بنەمای سڕینەوە و پەراوێزخستن و شێواندنی کولتوور و مێژووی نەتەوەکانی دیکە داڕێژرابوو، لەڕاستیدا پرۆسەیەکی ئاڵۆزی ئاسمیلەکردن بوو کە لە لە

خوێندنگەکانەوە تاکوو پادگانەکانی ئەرتەش پیادە دەکرا. زمانی فارسی وەکوو زمانی فەرمی دیاری کرا و هەرچی لەگەڵ پێناسەی ڕەزاشا بۆ ئەو شوناسە نوێیە ئێرانییە دەگونجا بە مۆدێرن و پێشکەوتوو و شارستانی ئەژمار دەکرا و ئەوی دیکەش کە کولتوور و ناسنامەی نەتەوەکانی دیکە بوو بە دواکەوتوویی و عەشیرەییی بێکەڵک لەقەڵەم درا. کۆنسێپتی دەوڵەت ـ نەتەوەی پەهلەوی هەر زوو لە کوردستاندا کاردانەوەی لێ کەوتەوە، بۆ نموونە ڕاپەڕینی مەحموود خانی کانیسانان و ڕاپەڕینەکەی مەلا خەلیل، ئەو جووڵانەوانە لەگەڵ ئەوەدا بەرنامەی سیاسیی دیاریکراویان نەبوو، بەڵام دژکردەوەیەک بوون بەرانبەر بە سیاسەتی یەکدەستکردن و حاشاکردن لە ناسنامەی کوردەکان.

سەرانی ژ - کاف و پاشان سەرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستانیش بەتەواوەتی هەستیان بە مەترسییەکانی کۆنسێپتی دەوڵەت ـ نەتەوەی پەهلەوی کردبوو، هەم لە بڵاوکراوەی "نیشتمان" و هەم لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی "کوردستان"یشدا ئەو گرینگیدانە بە شوناسی هاوبەش و چارەنووسی هاوبەشی کورد بەتەواوەتی ڕەنگی داوەتەوە. دووهەم داواکاریی حیزبی دێموکراتیش لە بەیاننامەی دامەزراندنیدا پرسی مافی خوێندن بە زمانی دایک و بەکارهێنانی زمانی کوردییە لە بەڕێوەبەرایەتی و ئیدارەکاندا، لە کاتێکدا خاڵی یەکەم باسی لە شێوەی مافی چارەی خۆنووسین لە سیتەمێکی ئۆتۆنۆمیدا دەکرد. لەو ماوە کورتەدا زمانی کوردی کرایە زمانی فەرمی و بێجگە لە ڕۆژنامەی "کوردستان" کە زمانحاڵی حیزبی دێموکراتیش بوو، کۆمەڵێک بڵاڤۆک و گۆڤاری دیکەش وەکوو "هاواری کورد"، "هاواری نیشتمان"، "هەڵاڵە" و "گروگاڵی منداڵی کورد" بڵاو کرانەوە.

**کاروان مێراوی**: زۆر جار دەوترێ کە یەکیەتیی سۆڤییەت کۆماری کودستانی دامەزراندووە و ئەگەر خەیانەتی لە کۆمار و ئەو بەڵێنەی کە بە پێشەوا درابوو نەکردایە، کۆماری کوردستان نەدەڕووخا، ئەمە تاکوو چەند ڕاستە؟

**سۆران عەلیپوور**: هەر ڕووداوێکی مێژوویی لە بەستێنێکی دیاریکراودا لەدایک دەبێ و کاریگەریی شوێن و کاتی لەسەرە، یەکیەتیی سۆڤییەت لەو ڕووداوانەی کە لە ئازەربایجان و کوردستاندا ڕوویان دا بێ ڕۆڵ نەبوو، هاوکات تاکە هۆکاریش نەبووە لە دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا، ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی جیهانیی دووهەم هاتنە ئاراوە، ویستی نێوخۆییی کوردەکان و بێزاری لە کۆنسێپتی دەوڵەت - نەتەوەی پەهلەوی و بۆشایییەکی دەسەڵات کە لەو ناوچەیەدا دروست ببوون، هۆکاری سەرەکیی دامەزراندنی کۆماری کوردستانن. ئەو ڕوانگەیەی کە دامەزرانی کۆماری کوردستان و تەنانەت دامەزرانی حیزبی دێموکراتیش دەبەستێتەوە بە ویستی یەکیەتیی سۆڤییەت، لەنێو کۆڕی پانئێرانیزم و نووسەرانی جیرەخۆردا زۆر باوە، ئەوان دەیانهەوێ بە هەموو شێوەیەک داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان بە تیئۆریی دەستی دەرەکی ڕاڤە بکەن و بەو شێوەیە لە هۆکارە نێوخۆیییەکان خۆ ببوێرن. لەو دانوستان و وتووێژانەدا کە لەنێوان نوێنەرانی کورد و باقرۆڤ، سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجاندا ئەنجام دران باس لە دامەزراندنی کۆمارێکی کوردی نەکراوە،



سەرچاوە
Serchawe

ئەوان دەیانویست کوردستانیش بکەوێتە سەر ئازەربایجان و ڕاستیی دابەشبوونی ئیداری لە ئێراندا قەبووڵ بکەن، لەو بەڵێنانەشدا کە لەو دوو دیدارەدا بە کوردەکانیان دابوو، زۆربەی هەرە زۆریان جێبەجێ نەکرد. بەڵام نابێت لەبیریشمان بچێ کە لەو سەردەمەدا مۆدێلی سۆڤییەتی نموونەیەکی بەرچاو و باڵای سیاسەت و ئیدارەکردن و بەڕێوەبردن بوو لەلای سەرانی کۆماری کوردستان و کاریگەریی ئەو ڕوانگەیە بە لێدواندەرانی سیاسی کۆمارەوە دیارە. بەڵێن و وادەکانی سۆڤییەت وای کرد کە ڕووداوەکان زووتر لەوەی چاوەڕوان دەکرا بڕۆنە پێشەوە، بەڵام دەبێ لە بەستێنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا بە دوای هۆکارەکانی ڕووخانی کۆماری کوردستاندا بگەڕێین، نەک تەنیا لە پەیوەندیی لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤییەتدا.

**کاروان مێراوی: لەسەر کۆماری کوردستان دوو بۆچوون لە ئارادایە، بۆچوونێک دەوترێ کۆماری کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆ بووە و بۆچوونێکیش دەوترێ دەوڵەتێکی خودمۆختار بووە، ئێوە پێتان وایە دەوڵەتی کۆماری کوردستان چ جۆرە کیانێک بووە؟**

**سۆران عەلیپوور**: ئەگەر سەیری نووسراوە فەرمییەکانی حیزبی دێموکرات کە دامەزرێنەری کۆماری کوردستانیشە بکەین، لەوێدا باس لە مافی چارەی خۆنووسین لە فۆرمی ئیدارەیەکی ئۆتۆنۆمیدا کراوە، ئەوەی کە کوردەکان خۆیان کاروباری خۆیان بەڕێوە ببەن و زمانی کوردی زمانی فەرمی بێ و کۆمەڵێک خاڵی دیکەش کە بە تەواوەتی ئاماژە بە مانەوە لە چوارچێوەی ئێراندا دەکا و بە ڕوونییش ئەو هۆشیارییە سیاسییە لە ئاست مێژوو و چارەنووسی هاوبەشی گەلی کورددا هەست پێ دەکرێت، بەڵام ئەو بۆشاییی دەسەڵاتەی کە لە کوردستاندا هەبوو وای کرد کە کۆماری کوردستان لە کردەوەدا وەکوو دەوڵەتێکی سەربەخۆ هەڵسوکەوتی دەکرد، کۆماری کوردستان ئەرتەش و ئاڵا و سروودی نەتەوەییی خۆی هەبوو، مامەڵە ئابوورییەکانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سۆڤییەتدا ئەنجام دەدا. هەر وەکوو پێشتریش ئاماژەم پێ دا لە وێژمانی سیاسیی ئەو کاتدا هێنانەبەرباسی پرسی سەربەخۆیی کارێکی ئاسایی بووە و هەر لەوسەردەمەشدا پێناسەیەکی نوێ لە شوناسی کوردی کرا و ئەو پێناسە نوێیە شوناسی کوردیی جیا کردەوە لەو شوناسە ئێرانییەی کە ڕەزاشا تەمەن و وزەیەکی زۆری بۆی تەرخان کردبوو. ئەو تێگەیشتنە لە شوناسی کوردی ئاستی ڕەگەزە ئێتنیکییەکان دەبەزێنێ و کوردبوون لە چوارچێوەیەکی بەربڵاوتری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئیداریدا پێناسە دەکا، پێم وایە ویستی ئۆتۆنۆمیخوازیی کۆماری کوردستان لەو سەردەمەدا کاریگەریی باشی لەسەر دیاریکردن و پێناسەکردنی شوناسی کوردی هەبووە لە ئاست شوناسی بە زۆر داتاشراوی ئێرانیدا.

**کاروان مێراوی: ئەزموونەکانی کۆماری کوردستان تاکوو چەند بوونەتە سەرباشقە بۆ گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا؟**

**سۆران عەلیپوور**: کۆماری کوردستان بەو تەمەنە کورتەی خۆیەوە بایەخێکی سیمبۆلیی مێژوویی و سیاسی هەیە. بۆ یەکەمجار دامەزراندنی دەوڵەتێک بە ئاڵا و سروودی نەتەوەیی و سوپایەکی سەربەخۆ ڕووداوێکی دەگمەنە، کۆماری کوردستان بەرهەمی پێگەیشتوویی وشیاریی سیاسی بوو، بەرهەمی پێگەیشتنی هەستی نەتەوەیی و شوناسی کوردی بوو، هەربۆیەش بۆ یەکەمجار سەرکردە و دامەزرێنەری کۆماری کوردستان سەرۆک عەشیرەت، شێخ یان ئاغایەکی خاوەن موڵک نەبوو، چینی خاوەن موڵکەکان هەر لە سەرەتاوە هەستیان بە مەترسییەکانی ئەو دیسکۆرسە سیاسییە مۆدێرنە کرد، لەگەڵ ئەوەدا سەرەتا کەم و زۆر پشتیوانییان لە کۆمار کرد بەڵام پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ ناوەند نەپچڕاند و لە دواییدا پشتیان لە کۆماری کوردستان کرد.

کۆمار لە ڕووبەڕووبوونەوە و بێ بنەما پێشاندانی کۆنسێپتی دەوڵەت - نەتەوەی پەهلەویدا ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی گێڕا، ئەو دەوڵەتە بەناو مۆدێرنەی کە ڕەزاشا دەیویست بە ئاگر و ئاسن بنیادی بنێ، لە ئاست دیسکۆرسی ناسیۆنالیستی و وشیاریی سیاسیی سەرانی کۆماری کوردستاندا دەستەوەستان بوو.

گواستنەوەی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی لە دژکردەوەی چەکداریی عەشیرەیی و لۆکاڵییەوە بۆ دیسکۆرسێکی گشتگیریی نەتەوەیی لە چوارچێوەی دامەزراوەی دیموکراتیکی مەدەنیدا هەم خاڵی وەرچەرخانە و هەمیش دەسکەوتێکی سیمبۆلیکی مێژووییە، لە کۆماردا هاودەنگی و هاوکاری و بەشداریی کۆڕوکۆمەڵە جیاوازەکانی کوردستان و کوردانی پارچەکانی دیکە ڕەنگوڕووی یۆتۆپیایەکی بەو کۆمارە بەخشیبوو کە تەنانەت ئەو بێگانانەی کە لەو سەردەمەشدا سەردانی کۆماری کوردستانیان کردووە سەریان لەو کەشوهەوا سیاسییە ئازاد و ئارامە سوڕ ماوە. دامەزراندنی یەکیەتیی ژنان و یەکیەتیی لاوان و بایەخدان بە ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگەی ئەو کاتدا کردەوەیەکی ڕادیکاڵ و بوێرانە بوو.

**کاروان مێراوی**: کاک سۆرانی بەڕێز، سپاس کە کاتتان بۆ ئەم دیمانەیە تەرخان کرد

**سۆران عەلیپوور**: سپاس بۆ ئێوەش کە ئەم دەرفەتەتان ڕەخساند تاکوو لە یادی ٧٦ ساڵەی کۆماری دیموکراتیکی کوردستاندا باسێک لەسەر کۆمار بکەین

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

"

## ژینا گیان تۆ نامری، ناوت ئەبێتە ڕەمز"



لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٢٨ی زایینی مامۆستایەکی ئایینی لە ناوچەکانی دەوروبەری سەردەشت ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەیەکی بەرەنگاریخوازانە دەکا دژ بە سیاسەتی شۆڤێنیستی یەکدەستکردن و یەکڕەنگکردنی ڕەزاشای پەهلەوی. ئەو زانا ئایینییە مەلا خەلیلی گۆڕەمەری بووە و هۆکاری سەرەکیی ئەو ڕاپەرینەش بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان قەدەغەکردنی جلوبەرگی کوردی و سەپاندن و یەکدەستکردنی جلوبەرگێک بوو بۆ ئەوەی ڕەزاشا پێیوابێ کە بە سەپاندنی شێوازێکی دیاریکراوی جلوبەرگ نەتەوەیەکی یەکدەست و بەهێزی دروست کردبێ. لەوانەیە پێویست بە پرسیار نەکا کە ئەو سیاسەتە چەندە سەرکەوتوو بوو، خەڵکی ئێران هەم سیاسەتەکانی و هەم خودی پاشایەتیی ئەویشیان کرد بە بەشێک لە مێژوو. پارێزگاریکردن لە جلوبەرگی کوردی وەک بەشێک لە کولتوور و ناسنامە و نەکەوتنە ژێرباری سیاسەتی تواندنەوە و یەکخستنی ڕەزاشا، بەشێک بوو لە بزووتنەوەیەکی گەورەتر کە لە قۆناغ و ناوچەی جۆراوجۆری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا سەریان هەڵدەدا.

ئەو کورتە پێشەکییە بۆ ئەوەیە کە وێکچوونی نێوەرۆکی تۆتالیتاری دەوڵەت- نەتەوەی ڕەزاشا لەگەڵ نێوەرۆکی ئیدۆلۆژیکی پاوانخوازی کۆماری ئیسلامیدا لێک گرێ بدەینەوە. لە هەردووکیاندا یەکڕەنگکردن و یەکدەستکردن لە جلوبەرگ و کولتوور و زمانەوە دەست پێ دەکا تا دەگاتە سیاسەت و حوکمڕانی کردن. نەهادەکانی دەوڵەت چ ئیداری بن یا خزمەتگوزاری

دەخرێنە خزمەت سیستمێکی چڕوپڕی چاودێریکردن، لە کۆنتێکستێکی ئەوهادا پۆلیسی مۆرال "گەشتی ئیرشاد" دەتوانێ ژینا بە تاوانی نەگونجان لە فۆرمی لەپێشدا دەستنیشانکراوی ئەواندا، قۆڵبەست بکا و پاش ئەشکەنجە و ئازاردان گیانیشی لێ بستێنن.

وەک چۆن قەدەغەکردنی جلوبەرگی کوردی تاکە هۆکاری سەرهەڵدانەکەی مەلاخەلیل نەبوو، بەهەمان شێوە کوشتنی ژینا و پرسی حیجابی زۆرەملێ تاکە هۆکاری ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان و ئێران نین، کۆمەڵگەی ئێرانی لەمێژە لە ناخی خۆیدا دەکوڵێ و وەک بۆمبێک ئامادەی تەقینەوەیە. ئەو کەسەی لە سەر کێلی ژینا نووسیویەتی: "ژینا گیان تۆ نامری، ناوت ئەبێتە ڕەمز" لەوانەیە هیچ کات پێشبینیی ئەوەی نەکردبێ کە ناوی ژینا سنووری سەقز و ڕۆژهەڵات تێپەر دەکا و دەبێ بە ناوێک کە لە ئاستی جیهانیدا ببێ بە ڕەمزێک بۆ خەبات و بەرەنگاری و ئازادیخوازی و سەرەتای ڕاپەڕینێکی گشتی دژ بە یەکێک لە دیکتاتۆرە هەرە قێزەونەکانی سەردەم، بەڵام ئەگەر بە ڕێکەوتیش ئەو ڕستەیەی نووسیبێ، ڕەوتی ڕووداوەکان ڕاستی ئەو نووسراوەیان سەلماند.

نەوەیەکی لاو و تازەلاوی پڕلە وزە، خوێندەوار و وشیار لە ڕیزی پێشەوەی ئەو ڕاپەڕینەدان کە سەرەرای ئەوەی بە سیستمی پەروەردەی ئەو ڕێژیمە گەورە کراون، مەودایەکی زۆریان لەگەڵ بەها و پێوەرەکانی کۆماری ئیسلامی گرتووە. ئەو نەوەیە وشیارە بەوەی کە کۆماری ئیسلامی لە چ قەیرانێکی حاکمییەتدایە و چۆن لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا خراوەتە پەراوێزەوە. ئەوان ئاگادارن کە بە تاڵانبردنی سامانی وڵات و خەرجکردنی لە سیاسەتە ئەودیوو سنوورییەکانی ڕێژیمدا چۆن خەڵکی ئێرانی تووشی قەیرانی هەژاری، بێکاری و ئابوورییەکی لاوازی دارماو کردووە. کچان و ژنانی ئێران کە لە زانکۆکاندا ڕێژەی زۆرینەن، ئاگادارن لەوەی کە چۆن سیاسەتی هەڵاواردنی بنگەیی، ئەوانی لە بازاڕی کار و مەیدانە سیاسی، کولتووری و ئابوورییەکان دوور خستۆتەوە. هەموو ئەو هۆکارانە و هاوکات پێگەیشتوویی شعووری سیاسی لەو نەوەیەدا کە بەئاسانی توانای بەراوردکردن و هەڵسەنگاندنی هەیە ژنان و لاوان و چین و توێژەکانی دیکەی هێناوەتە سەر شەقام.

مانگێک بە سەر دەستپێکردنی خۆپێشاندانەکاندا تێپەڕیوە. ئەم ڕاپەڕینەی بە فرێدانی پەچەی بەسەردا سەپێنراو و بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" لە کوردستانەوە دەستیان پێ کرد و هەر زوو ویستە ڕادیکال و داخوازییە ڕاستەقینەکانی خەڵک لە دروشمەکانی دیکەدا کە جەوهەر و سیمبولەکانی کۆماری ئیسلامی دەکردە ئامانج، ڕەنگی دایەوە. خەڵک ڕووی دروشمی لە ماهییەت و بوونی ئەو ڕێژیمەیە و هەر سیمبۆلێک نوێنەرایەتیی ئەو حکومەتە بکا دەکرێتە ئامانج، لە پەیکەری خومەینییەوە تا بەسیجی و بەکرێگیراوانی ڕێژیم.

ئەگەر درێژەکێشان و چروپڕیی خۆپێشاندانەکان و بڵاوبوونەوەیان بە هەموو ئێراندا تایبەتمەندییەکی ئەو ڕاپەڕینە بێ، ئەوا لە مەیداندا بوونی ژنان و کچان وەک بزوێنەر و پێشڕەو پێناسەیەکی دیکەی ئەو ڕاپەڕینەیە. جیاواز لە بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی دوو دەیەی پێشوو، هیچ باڵێکی ڕیفۆرمخواز یا کەسایەتییەکی ڕیفۆرمیست نەیتوانیوە مۆرکی خۆی بەو ڕاپەڕینەوە بنێ و پێدەچێ بە یەکجاری سیناریۆی ڕیفۆرم لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا پێگەی خۆی لەدەست دابێ. نەبوونی ڕێبەرێکی دیاریکراو بۆ ئەو بزووتنەوەیە لە لایەکەوە کۆماری ئیسلامیی لە زوو کۆنترۆڵکردن و سسستکردنی دەستەوەستان کردووە، و لە لایەکی دیکەشەوە شێوازێکی دیکەی لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان خستۆتە ڕوو کە پێویستی بە هیرارکییەکی ستوونیی نییە کە هێڵ و فەرمانی لێ وەربگرێ، بەڵکوو ویست و دروشمێکی یەکگرتوو لەنێو پێکهاتە جیاوازەکاندا هەیە کە ڕێبەریی ڕاپەڕینەکەیان بە شێوەیەکی ئاسۆیی بەسەر هەمووواندا دابەش کردووە.

یەکگرتوویی و هاودەنگییەک لە دەوری دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"دا هەیە کە وایکردووە نەتەوە و پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی بێئەوەی ترسیان لە لەدەستدانی داخوازییە سیاسییەکان یا ئەجێندای سیاسیی خۆیان هەبێ، ئەو دروشمە بە ئی خۆیان بزانن، ئەوە بەو مانایە نییە کە کوردەکان یان پێکهاتەیەکی دیکەی ئەو کۆمەڵگەیە پشت لە داوا ئێتنیکی و ویستە سیاسیەکانی خۆیان بکەن، ئەو قۆناغە پێویستی بە یەکدەنگییەک هەیە، پێویستی بە فۆرمی تازەی سیاسەت کردن و مامەڵەکردن هەیە کە بتوانێ هەم لە ئاستێکی بەرفراوانی گوتاریدا و لەگەڵ هەموو پێکهاتە سیاسی و ئێتنیەکانی دیکە برەوەی پێ بدا، هەم بتوانێ پەرچەمی داخوازییە لۆکاڵییەکانیش شەکاوە ڕاگرێ. بۆ وەبیر هێنانەوەش بێ گرینگە بزانین کە کوردەکان لەمێژە مافەکانی خۆیان و گەیشتن بەو مافانەیان بە هەبوونی دێموکراسی لە ناوەند و هەموو ئێراندا گرێ داوە، بۆیە ناکرێ هەموو بەرپرسایەتیی پاراستنی ئەو گوتارە هاوبەشە بە تەنیا بخرێتە سەر نەتەوەیەک کە لەمێژە نیازپاکیی خۆی لەو بوارەدا سەلماندووە و قوربانیشی بۆ داوە.

بێئەوەی پێشبینی درێژەدانی ئەو ڕاپەڕینە بکەین، دەتوانین بڵێین ئەوەی کە تا ئێستا سەرکەوتوو بووە بەرەی خەڵکە، کۆماری ئیسلامی نە ستراتیژییەکی یەکدەست و کاریگەری هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خۆپێشاندانەکان و نە لە ڕێگەی بەڵێن و وادەکانیشیەوە توانیویەتی ڕەوتی ڕووداوەکان بەلاڕێدا ببا. ئەوە بەرپرسایەتییەکی زیاتر و قورستر دەخاتە سەر بەرەی ئۆرگانیزەکراوی ئۆپۆزیسیۆن و چاوەڕوانییەکان لە نێوخۆ و دەرەوە زیاتر دەکا.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٣ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی خەزڵوەری ٢٧٢٢

## كۆماری كوردستان و كۆمارەكانی سەرشەقام



لە گەرمەی شۆڕشی ژینادا چاوم دەكەوێتە سەر كورتەڤیدیۆیەكی خوێندكارانی زانكۆی زانستە پزیشكییەكانی كوردستان لە سنە، ئەوان لەبەردەم دەروازەی زانكۆ كۆبوونەتەوە و كچ و كوڕ خرۆشاون و پڕ بە گەروو هاوار دەكەن: "ئێمە ڕۆڵەی پێشەواین، بۆ كوردستان گیانفیداین." هەر بە ڕێكەوت دروشمێكی خومەینییش بە ڕەنگی ڕەش و فۆنتی نەستەعلیق لە سەرەوەی ڤیدیۆیەكە دەردەكەوێت." دانشگاه مبدا همەی تحولات است." وێنەی خامنەیی و خومەینیش لە هەردوو سەری دروشمەكە دراوە.

یەكدەنگی و هاوئاهەنگییەک لە جووڵە و دروشمدانیاندا، ورە، ژیاندۆستی و ژندۆستی، ئیرادەی گۆڕانخوازییەک كە لە دەنگ و هاواری خوێندكارەكان و كۆبوونەوەكەیان دەبینرێ و هەستی پێ دەكرێ لە دژایەتییەكی تەواودایە لەگەڵ ئەو مەترییاڵە بێگیان، بێناوەرۆک و ڕەشەدا، كە لە ترسی هێنانەخوار و خراپكردنی لە بەرزاییەكی جێگەی تێڕامان هەڵواسراوە، دوو پیاو بە هۆوییەتێكی زۆر بەرتەسكی ئایینی و لە چوارچێوەی پێناسەیەكی ئیدۆلۆژیكدا ڕاست و چەپی بێنەرەكەیان گرتووە و لەوێوە دەیانەوێ ئامادەیی خۆیان بەرهەم بێننەوە، لەوەش گەڕێین كە ئەو قسەیەی خومەینی چەندە كلێشەییە و مەبەستیشی لە گۆڕانكاری چ بووە؟ بە دڵنیاییەوە ئەو گۆڕانكارییانە نین كە لە ناوەندەكانی خوێندنەوە بانگەشەیان پێ دەكرێ، ئەو ناوەندانەی كە جێگەی هومێدی كۆماری ئیسلامی بوون، نەوەیەكیان بەرهەم هێناوە كە گۆڕانخوازییە كلێشەیی و

ئاراستەکراوەکانیان بەدژی هەمان ڕێژیم کردووە بە گۆڕانکاری ڕادیکاڵی مەبەستدار.

هەمان دروشم "ئێمە ڕۆڵەی پێشەواین، بۆ کوردستان گیانفیداین." لە زۆربەی شارەکانی کوردستان دەکوترایەوە،ئێستا کە لە سەروبەندی یادکردنەوەی دامەزرانی کۆماری کوردستان داین، گرینگە چاوێک بە ئەڵقەکانی ئەو زنجیرەدا بخشێنین کە ساتەوەختی بەردەم دەروازەی زانکۆی سنە و کۆمەڵێک خوێندکاری خۆپێشاندەر ٧٧ ساڵ دواتر بە مەیدانی چوارچرای مهابادەوە لێک گرێ دەدات. هاوئامانجی و ئاماژەی نەوەی نوێی "کۆمارەکان" بە کۆماری کوردستان نە بە ڕێکەوتە و نە تەنیا دروشمێکیشە، ئەگەر کۆمار لە نووسینە مێژووییەکاندا بە خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی سیاسی دادەنرێ، ئەوا لەلای نەوەی "کۆمارەکان" بە نموونەیەکی دێموکرات و مۆدێرن لە حوکمڕانی و ئیدارەکردن ئەژمار دەکرێ، کە تەواو لەگەڵ دروشم و داخوازییەکانی ئەوڕۆی خەڵکی کوردستان تەبایە و هەربۆیەش بەڕوونی کۆمار بە سەرچاوە و ئاخێزگە دادەنێن.

ئەو پارادۆکسی گوتارە کە لەو کورتەڤیدیۆیە و زۆربەی ڕووداوەکانی دوایی و ڕابردووی کۆمەڵگەی کوردی دەبینرێت، وێنەیەکی بچووککراوەی ناتەباییەکی گەورەتری دوو دنیابینی و وێژمانە کە هەم لە سەردەمی کۆماردا و هەم لە ڕۆژگاری کۆمارەکاندا و لە فۆرمی جیاوازدا و بە نێوەرۆکێکی ڕادەیەک لێکنزیک، لە بەرامبەر یەکتردا ڕاوەستاون. دنیابینییەک کە دیدێکی کۆلۆنیالیستیانەی بۆ خاک و دانیشتووانی کوردستان هەیە، لە ئاست دونیابینییەک کە خەونی ئازادی و گەیشتن بە مافە سروشتی و مرۆییەکانی لە سەرووی داخوازییەکانیدا جێ کردۆتەوە.

گرینگیی پەیام و دەسکەوتەکانی کۆمار لەو ڕۆژانەدا زیاتر لە هەمیشە هەستی پێ دەکرێ، نەک تەنیا لەبەر ئەوەی گلۆڵەی کۆماری ئیسلامی کەوتۆتە لێژی و شاهیدی زیاتر لە چوارمانگ ڕاپەرینی خەلکی ئێرانین، بەڵکوو لەبەر ئەوەش کە دووبارە و چەندجارە دەنگی پێی ئەو وێژمانە ناوەندگەرا و داپلۆسێنەرە دەبیستین، کە دەیەوێ ئێرانی داهاتوو بە شوناسێکی میلیی دیاریکراو ببەستێتەوە و ڕەنگ و دەنگە جیاوازەکان، داخوازیی نەتەوەکانی ئێران بە وڵامی کلێشەیی لە پێشدا "هێز" دوایە "ماف" وڵام بداتەوە، کۆنسێپتێکی ئەزموونکراو کە یەکێک لە هۆکارەکانی دامەزراندنی کۆمار ڕێک کاردانەوەیەک بوو بەو سیاسەتە پاوانخواز و نێوەندگەرایە. ڕەزاشا لە ڕێگەی سانترالیزمی سیاسی و ئیدارییەوە هەوڵی دروستکردنی شوناسێکی ئێرانی داتاشراوی بۆ خەڵک و نەتەوەکانی ئێران دەدا، ئەو سیاسەتی پەراوێزکردن و خستنەدەرەوە (Exclusion) لەسەر بنەمای سڕینەوە و شێواندنی شوناس، کولتوور و مێژووی ئەوانیدیکە دارێژرابوو.

کۆنسێپتی نەتەوەی باڵای پەهلەوی حاشای لە فرەهۆوییەتی و پلۆرالیزمی فەرهەنگی دەکرد و بێجگە لە برەودان بە کولتوور و زمانی فارسی، پرۆژەی ئاسیمیلەکردن و بە لۆکالی ناساندنی فەرهەنگ و زمانی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی خستە بەرنامەی خۆی، ئەو سیاسەتە هاوکاتە لەگەڵ پرۆژەی بە مۆدێرنکردنی ئەرتەش و وەگەڕخستنی ماشێنی زەبروزەنگی

حکومەتی ناوەندی. لە ژێکاف و پاشان لە کۆماری کوردستانیشدا کاردانەوە بە سیاسەتی هێژموونی و کۆنسێپتی تاکە هۆوییەتی پەهلەوی بەڕوونی دەبینرێت. لە بڵاوکراوەی "نیشتمان" و ڕۆژنامەی "کوردستان"دا شوناسی هاوبەش و چارەنووسی هاوبەشی کوردان باسێکی گەرمی هەمیشەییە، قازی محەممەد لە نوتقێکدا کە لە ژمارە ١٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان"ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ دا بڵاو کراوەتەوە، زۆر بەڕوونی ئاماژە بە پرسی شوناسی نەتەوەیی، زمانی زگماک و چەمکی دێموکراسی دەکات: "لەو دواییانەدا لە پاش شەڕی بەینولمیلەلی پێشووەوە کە حکومەتی ئێران و تورکیە هاتنەسەر کار و زمان و عادات و مەزهەب ڕسووماتی میللیی کوردیان بەجارێک لاواز و کز و کەنەفت کرد و لە هیچ وەحشییەت و دڕندەییەک ڕانەوێستان و خوێندن و نووسینی زمانی کوردی مەمنووع و پۆشینی لیباسمان قەدەغە بوو." (١)

بایەخ و بەها مێژوویی و سیاسییەکانی کۆمار تەنیا لە دەسکەوتی زۆر و تەمەنێکی کورتی پڕشنگداردا نییە، کۆمارێک کە بەرهەمی پێگەیشتوویی و وشیاریی سیاسیی کورد بوو، حەفتاوحەوت ساڵ دواتر لە قۆناغێکی دیکەی پێگەیشتوویی سیاسیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بووە بە سەرچاوە و ئاخێزگە. ویژمانی نەتەوەیی، مەدەنی و دێموکراتیکی کۆمار تێکەڵ بە داخوازی و دروشمە ئەورۆییەکانی خەڵکی کوردستان بووە، کۆماری کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوەی کۆنسێپتی دەوڵەت نەتەوەی پەهلەویدا و مایەپووچبوونی سێنترالیزەکردنی دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری لە شوێنێکدا و لە دەستی کەمینەیەکدا ڕۆڵێکی دیاریکراوی گێڕا، ئەوەی ئێستاش بۆیە خۆی بە ڕۆڵەی پێشەوا دەزانێ، چونکە دەزانێ پێشەوا و کۆمارەکەی بێ ئەوەی بە دەق لە شوێنێکدا ناویان لە ژن، ژیان، ئازادی بردبێ، بەڵام لە کردەوەدا و لە سیاسەتەکانیاندا هەم گۆڕانکاریی سیاسی و هەم ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتییان بەهەند وەرگرتبوو، ئەو نەوە هۆشیارە بە ئاماژە و کۆدەکانی پشت ئاخاوتنی ناوەندگەراکان، چ ئەوانەی هۆوییەتی مەزهەبی دەگشتێنن و چ ئەوانەش کە بانگەشەی یەکشوناسی و یەکپارچەیی دەکەن.


بزووتنەوەی سیاسی و وشیاری سیاسی لە بەستێنی ناتەباییەکانی نێوان ویژمانی خەڵکی کوردستان و دنیابینی کۆلۆنیالیستانەی حکومەتی ناوەندا لەدایک بووە، تا ئەو ناتەبایی و پارادۆکسە قووڵتر بێت و ڕۆڵی ناوەند/پەراوێز ڕۆڵێکی هیرارکی ستەمگەرانە بێ، ئەوا پانتایی بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان فراوانتر و ڕادیکاڵتر دەبنەوە. ئەوە خاڵێکی هاوبەشی نێوان کۆماری کوردستان و "کۆمارەکان"ی سەرشەقامیشە.

١ (ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٠، ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٤٠ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢

## سیاسەت بە تاموچێژی ئەکادێمیا




پرسیارێک کە دەبێ لەو ڕۆژانەدا بۆ وڵامەکەی بگەڕێین ئەوەیە کە چۆنە دوای ٣٦ ساڵ لە تیرۆری د. قاسملووی شەهید و یارانی، هەروا ناو، هەڵویست، ژیان و بیروبۆچوونەکانی لە ڕۆژەڤدان؟ بۆچی لە بزووتنەوەی ژینادا دروشمی "قاسملوو، قاسملوو، ڕێگەت درێژەی هەیە" یەکێک بوو لەو دروشمانەی لەسەر زمانان بوو؟ خۆشەویستیی ئەو مرۆڤە لەنێو خەڵک و بەشێک لە نەیارانیشیدا بۆچی دەگەڕێتەوە؟ وڵامدانەوە بەو پرسیارانە لێکۆڵینەوەی زانستی و مەیدانیی گەرەکە کە لە توانای ئەو وتارەدا نیە، ئێمە هەوڵ دەدەین بە ئاوردانەوەیەک لە ژیانی زانستیی ئەو مرۆڤە، بەشێک لە بەرهەمەکانی و کاریگەریی توانای ئاکادێمی لەسەر هەڵوێستە سیاسییەکانی، بە دوای بەشێک لە وڵامی ئەو پرسیارانەدا بگەڕێین.

نەوەی ئێمە کە لە نزیکەوە ئاوێتەی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتە، لەوانەیە دوایین نەوە بێ کە د. قاسملووی لە نزیکەوە دیتبێت و لە یادەوەریی خۆیدا کۆمەڵە بیرەوەرییەکی لەو مرۆڤە هەڵگرتبێ، وێنەی منداڵیی من لە "کاک دکتور"* تێکەڵێکە لە ڕوخساری پیاوێکی جامانەلەسەری ڕووخۆش کە لە بۆنە و ڕێورەسمەکاندا وتاری دەدا لەگەڵ ناوی "د. عبدالرحمن قاسملوو" کە لەسەر بەرگی دوو کتێبی "کوردستان و کورد" و "چل ساڵ خەبات"دا لە سەر تاقچەی پەنجەرەی ماڵی ئاوارەیی لە بناری قەندیل لەگەڵ چەند کتێبێکی دیکەی وەک "دان چەرموو" و "هەتاو"دا ڕۆژانە دەکەوتە بەرچاوم. جیاکردنەوەی دوو کاراکتەری "کاک دکتور" و "د. عبدالرحمن قاسملوو" کە زۆر زوو لە ژیانی د. قاسملوودا پێ بە پێی یەک

دەبینرێن و هەنگاو دەنێن، بۆ من و لەوانەیە بۆ زۆر کەسی دیکەش کارێکی ئاسان نەبێ. کاک دکتور کەسایەتییەکی سیاسی، سکرتێری حیزبێک، دیپلۆماسێکی شارەزا و ڕێبەرێکی خۆشەویست، کاریزماتیک و پراگماتیستە کە بەردەوام لە هەوڵی داڕشتنەوە، بەخۆداچوونەوە و قۆستنەوەی دەرفەتە جۆراوجۆرەکانە بۆوەی بە پشتبەستن بە کۆمەڵێک بەها و پرەنسیپی بەرزی ئەخلاقی و مرۆیی، کەشتیی کوردان لە دەریای پڕ لە گێژەن و شەپۆلی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بگەیەنێتە کەنار. تێگەیشتن لە کەسایەتیی کاک دکتور زۆر جاران تێکەڵ لەگەڵ هەستێکی پاکی پڕ لە نۆستالۆژی و بەداخەوەش هێندێک جار "تقدیس" کردنی بە مەبەست و بەکارهێنانی ئەو ناوە بۆ مەرامی دیکە.

لە بەرامبەریشدا "د. عبدالرحمن قاسملوو" کەسایەتییەکی ئاکادێمی بیرفراوان و ڕەخنەگرە، کە لە ڕێگەی خوێندنەوە، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەکانی لە هەوڵدایە گوڵبژێری تیۆرییە جیاوازە سیاسییەکان بکا و لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی زانستیانە لە بزووتنەوەی سیاسیی کورد، کۆماری کوردستان، ئیدۆلۆژییە جیاوازەکان و دیاردە و ڕووداوەکان هۆکارەکانی نەگەیشتنی ئەو کەشتییە بە کەنارێکی ئارام بخاتە ڕوو.

مەبەستی سەرەکیی ئەو وتارە خوێندنەوەیەکە بۆ کاراکتەری "د. عبدالرحمن قاسملوو" و شوێنپێی ئەو کارەکتەرە لە ڕێڕەوی قافڵەی ژیانی سیاسی "کاک دکتور" دا. خوێندنەوەیە بۆ ئەو کوڕە لاوەی ماکسیم گۆرگی بە لاوانی دڵی قاسملوو دەناسێنێ تا ئەو کەسایەتییەی لە زانکۆکاندا خوێندنەوە بۆ ئابووریی سەرمایەداری دەکات و لە دانیشتنەکانیدا وتەکانی "ت. سین. ئەلیۆت" ، ڤیکتۆر هۆگۆ و شێعرەکانی بۆدلێر دەکاتە شیرینیی باس و خواسەکانی.

گرینگی ئەو باسە کاتێک بەرچاوتر دەبێ کە لە گرینگیی ئەکادێمیا لە پێشکەوتنی شارستانیەت و هزری مرۆڤ ئاگادار بین، ئەو ڕۆڵەش بناسینەوە کە خوێندکاران و ئەکادیمیستەکان لە گۆڕانکارییەکان و بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا گێڕاویانە. هاوکات ئەو هەڕەشانەش بە هەند وەربگرین کە لە لایەن هێزە ئۆتۆریتەخواز و پۆپۆلیستەکان نەک هەر لە وڵاتانی جیهانی سێهەم بەڵکوو لە ڕۆژئاواشدا دەکرێنە سەر دامەزراوە زانستی و ئەکادێمییەکان، خوێندنەوەی بابەتییانە لە دیاردە و ڕووداوەکان ئەنجامگیرییەکی وردتر و ریالیستیتر بەدەستەوە دەدا، بەهرە و توانایییەک کە د. قاسملوو لە هەڵوێست و ژیانی سیاسیی خۆیدا لێی بەهرەمەند بوو، مارک کاراڤێزی ڕۆژنامەنووس لە دەربڕینێکدا ئەو تایبەتمەندییە بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو: "ئەو بە هاسانی دەیتوانی توندوتیژیی پێویست بۆ خەباتێکی سیاسیی چەکدارانە لەگەڵ شک و گومانێکی سەرچاوەگرتوو لە ژیانی زانستیی خۆی ئاوێتەو یەکانگیر بکا".

(لیبراسیۆن ٧ی ئاگوستی ١٩٨٩).



سەرچاوە
Serchawe

## ژیانی ئەكادێمی:

لەسەر دەسپێكی ژیانی ئاكادیمیی د. قاسملوو بیروبۆچۆونی جیاواز هەیە، ئاخۆ لە ئیستانبوڵ لە بەشی كۆمەڵناسیی كۆلێژی ئەدەبییات دەستی بە ژیانی زانكۆ كردوە، وەک ئەوەی موسا عەنتەر لە بیرەوەرییەكانی باسی دەكا و پاشان لە ڕێگەی كامەران بەدرخانەوە بۆرسێكی خوێندنی لە پاریس وەرگرتوە یا ڕاستەوخۆ لە تارانەوە دوای تەواوكردنی خوێندنی دواناوەندی لە لایەن حكوومەتەوە ڕەوانەی پاریس كراوە؟ ئەو كە بە خوێندنی ئابووریی سیاسی ژیانی ئەكادیمیی دەست پێ دەكا، زۆر بە ڕێكەوت دواتر پاریس دەبێتە دوا وێستگەی ژیانی زانستی و لە كۆتاییشدا دوا وێستگەی ژیانیشی. پاش ساڵێک مانەوە لە پاریس بۆرسەكەی لەدەست دەدا و ڕوو دەكاتە وڵاتی چێكۆسلۆاكیی ئەوكات و هەر لە بەشی ئابووریی سیاسیدا درێژە بە خوێندن دەدا هەتا ساڵی ١٩٥٣. دوای شۆڕشی ١٩٥٨ی عێراق و ڕووخانی پاشایەتیی د. قاسملوو لە بەغدا هاوكات لەگەڵ كاروباری سیاسیدا لە زانكۆی ئەو شارە لە بەشی زمان و ئەدەبی كوردی دەست بە كار دەكا، كاتێک بە ناچاری لە ١٩٦٠ عێراق بەجێ دێڵێ، دەگەڕێتەوە پراگ و درێژە بە نووسینی كتێبی "كوردستان و كورد" دەدا كە لە ساڵی ١٩٥٧ەوە ئامادەكاریی بۆ كردوە، پاشان وەک وانەبێژ لە بواری ئابووریی سەرمایەداری و سۆسیالیستیدا درێژە بە ژیانی زانستیی خۆی دەدا و ساڵی ١٩٦٨ خوێندنگەی بەرزی ئابووری لە پراگ كتێبێكی دیكەی د. قاسملوو بە ناوی "هەڵبژاردەی كێشە ئابوورییە جیهانییەكان" بڵاو دەكاتەوە. پاش ڕێكەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ و گەڕانەوە بۆ بەغدا وەک ڕاوێژكار لە وەزارەتی پلاندانانی عێراق كار دەكات. پاش تێكچوونی پەیوەندییەكانی ناوەند لەگەڵ شۆڕشی كوردی و گەڕانەوەی د. قاسملوو بۆ پاریس لە بەشی زمانە ڕۆژهەڵاتییەكانی زانكۆی سۆربۆن درێژە بە ژیانی زانستی خۆی دەدا و لە ساڵی ١٩٧٨ دوای گەڕانەوەی بۆ عێراق و دامەزرانی كۆمیتەی زاگرۆس و گەڕانەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی كوردستان كۆتایی بە قۆناغی ژیانی زانستیی دێنێ، بەڵام لە بەرهەم و وتارەكانی دواتریدا وەک كتێبی "چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی"، "كورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم" و دەیان وتار و ڕاپۆرتی سیاسی دیكەدا شوێنپێی كارەكتەری زانستی د. قاسملوو بە ئاشكرا دەبینینەوە.

## كوردستان و كورد

یەكێكە لە سەرچاوە ئەكادیمییە دەوڵەمەندەكانی كتێبخانەی كوردییە، لێكۆڵینەوەیەكی پڕبایەخ كە بۆ یەكەم جار لە ئاستێكی زانستیی بەرزدا بە زمانێكی بێگانە لە لایەن كوردێكەوە سەبارەت بە دۆخی ئابووری و سیاسیی كوردستان بڵاو دەكرێتەوە. كتێبەكە لە ساڵی ١٩٦٢ ئامادەی چاپ بوو و یەكەمجار بە زمانی سلۆڤاكی لە ناوەندی بڵاوكراوە سیاسییەكانی براتیسلاڤا چاپ كرا. نووسەر وێڕای ئاوڕدانەوە لە دۆخی مێژوویی و جوغرافیایی كوردستان باس لە پەیوەندییەكانی بەرهەمهێنان و هێزەكانی بەرهەمهێنەر لە بەستێنی ئابووریی و مێژوویی كوردستاندا دەكا و پاشان لەو سۆنگەیەوە پرسی



سەرچاوە
Serchawe

نەتەوایەتی و سیاسیی کورد لە ڕوانگەی تیۆریی ماتریالیزمی دیالێکتیکی مارکسەوە شی دەکاتەوە. لە پێشەکیی چاپی کوردیدا بێجگە لەوەیکە باس دەکا کە بەداخەوە چاپی کوردیی ئەو کتێبە دوای دە ساڵ لە ئامادەبوونی کتێبەکە بڵاو دەکرێتەوە، چارەنووسی کتێبەکە و نووسەر و نەتەوەکەی لێک گرێ دەدات.

ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و بابەتیانەیە و نووسەر سەڕەرای ئەوەی کۆمەڵێک پرسی گرینگی نەتەوەکەی خۆی باس دەکا، هەوڵی داوە بێلایەنی و بابەتی بوونی خۆی لە لێکدانەوە و ئەنجامگیریەکانیدا بپارێزێ و بە گەڕانەوە بۆ سەدان سەرچاوە بە زمانی جۆراوجۆر یەکێک لە شاکارە بەنرخەکانی مێژووی زانستی کوردی بخوڵقێنێ. گرینگییەکی دیکەی چاپی کوردیی ئەو کتێبە زمانی وەرگێڕان و داتاشینی ئەو وشە زانستیانەیە کە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بە ڕاوێژ لەگەڵ د. قاسملوودا توانیویەتی دەقێکی زانستیی پێ بکاتە کوردی و فەرهەنگۆکێکی زمانەوانیشی لەگەڵ کتێبەکەدا بڵاو کردۆتەوە.

## چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی:

جیاوازی کتێبی "چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی" لەگەڵ کتێبی "کوردستان و کورد" دا بێجگە لە ڕووی کاتەوە چەند پرسێکی دیکەشە. د.قاسملوو لە کتێبی "چل ساڵ خەبات"دا وەک بۆخۆی دەنووسێ، هەوڵی داوە چەند یادداشێکی مێژوویی بنوسێ و هیچ کات بانگەشەی ئەوەی نەکردوە کە بە پێوەری زانستی مێژوو بەرهەمێکی ئەکادیمیی نووسیوە. لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو لە هەموو ئەو بەربەست و ئاستەنگانە ئاگایە کە لە نووسینی مێژووی حدکادا دێنە سەر ڕێگەی، بۆ نموونە وەک دەستڕانەگەیشتن بە سەرچاوەی پێویست، هاوکات ڕێبەرایەتیکردنی جووڵانەوەیەکی سیاسی و لە شەڕێکی بەرگریخوازانەدا بوون دژی کۆماری ئیسلامی ئاواش توانیویەتیی یەکێک لە کتێبە هەرە دەوڵەمەند و بابەتیانەی مێژووی نوێی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بنووسێ. جیاوازییەکی دیکەی ئەم بەرهەمە لەگەڵ کوردستان و کورد لەوەدایە کە د. قاسملوو ئەو لاوە تەمەن سی ساڵە نیە کە لەژێر کاریگەریی بیری چەپدا پرسی ئایدیالیستیانەی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد بەر لە هەموو شتێک بە لەنێوبردنی ئیمپریالیزم ببەستێتەوە، ئەو کەسایەتییەکی پێگەیشتتوو و دەرکەوتووی خاوەن ئەزموونی سیاسی و ئەکادێمییە و لە سەردەمێکدا ئەو کتێبە دەنووسێ کە باسی سۆسیالیزمی دێموکراتیکی هێناوەتە گۆڕێ و ڕەخنەی خۆی لە سۆسیالیزمی مەوجوود هەیە. وەک چۆن لە "کوردستان و کورد"دا ترسی ئەوەی هەیە کە بێلایەنیی خۆی لە لێکدانەوەکانیدا نەپارێزێ، لە نووسینی "چل ساڵ خەبات"دا دوو جار ئەو ترسەی هەیە، جارێک وەک کورد و جارێکی تریش وەک کەسێک کە مێژووی حیزبێک دەنووسێتەوە کە بۆخۆی لە لوتکەی هەرەمی ڕێبەرایەتییەکەیدایە. د. قاسملوو لە خوێندنەوە بۆ کۆماری کوردستاندا زۆر شارەزایانە و مێتۆدیک هەلومەرجی لەدایک بوونی کۆمار، گەشەکردن و هۆکارەکانی ڕووخانی کۆمار شی دەکاتەوە.

د. قاسملوو هەر بەو نەفەسە ئەکادێمییەوە کۆمەڵێک وتاری بە ناوبانگی وەک "کوردستانی ئێران"، "کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم" و "واقعیەتیی گەلانی ئێران و ئەفسانەی م. ماکان" و دەیان بابەت و ڕاپۆرتی سیاسی دیکە پێشکەش دەکا کە بایەخی زانستییان لە بایەخە سیاسییەکەیان کەمتر نیە و تێکەڵبوونی دوو کارەکتەری "کاک دکتور" و "د. عبدالرحمن قاسملوو" بەئاشکرا لەو بەرهەمانەدا بەدی دەکرێن.

فیلیپ بۆلانژێ، پرۆفسۆری زانکۆی سۆربۆن دەنووسێ کە ئەو نەک هەر ئەکادیمسیەنێکی ناسراو بوو و وتار و بابەتی ئەکادیمیی دەنووسین، بەڵکوو مرۆڤێکی زۆر بەکردەوەش بوو، واتە نەتەنیا ڕێبەرێکی سیاسیی دوور لە مانۆڕدان، بەرپرسێکی چریکیی بەئەزموونیش بوو کە دەنگی کلاشینکۆف نەیدەترساند، ئەو جێگەی ستایشە چونکە هیچ کات بنەمای ئەخلاقیی خۆی نەفرۆشت. (گۆڤاری مەشریق مەغریب ژمارە ٢٢٢).

ئەزموونی زانستیی د. قاسملوو سەرمایەیەکی بەنرخ بوو بۆ ژیانی سیاسیی خۆی، بۆ حیزبی دێموکرات و سەرەنجام بۆ پرسی کوردیش. ئەو بە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەکانی توانای ڕاگرتنی بالانسی لە نێوان جەمسەرە سیاسی و ئیدۆلۆژییەکاندا هەبوو، ئەوە وای کردبوو کە ڕابردووی سیاسیی خۆی وەک قوتبنما (compass) بۆ دیتنەوەی ئاراستەکان بەکاربێنێ و لە نێو گێژەنی دەریای پڕ لە ئیدۆلۆژی و بیرکردنەوەی جیاوازی پڕ لە شەڕ و هەرای ئەو سەردەمەدا، پێوەرە ئەخلاقییەکان لە بەرچاو بگرێ و لە سەختترین قۆناغەکانی شەڕدا پرەنسیپە مرۆییەکان لەبیر نەکا. لای ئەو بارمتەگرتنی خەڵک، تیرۆر و خۆتەقاندنەوە، دیلکوشتن و بێڕێزیکردن بە جەستەی کوژراوانی مەیدانی شەڕ، پەیڕەوکردنی سیاسەتی سەرزەوینی سووتاو، لەژێرپێنانی بەرژەوەندی پارچەیەکی دیکەی کوردستان و زۆر پرسی دیکەش هێڵی سوور بوون.

ئەو سەرمایەیە بۆ حیزبی دێموکراتیش پڕ بایەخ بوو، باوەڕبوون بە دێموکراسی و دادپەروەری، سیاسەتی سەربەخۆ و ئەخلاقگەرایانە و باوەڕهەبوون بە مافی کەمینە و توێژە جیاوازەکان، پەیوەندیی دیپلۆماسی و دامەزراندنی تۆڕێکی بەربڵاوی پەیوەندی ڕیشەیان لە ژیانی زانستی د. قاسملوو دایە، ئەو وەک چۆن لە زانکۆکاندا دەرسی دەکوتەوە بە هەمان نەفەسی پەروەردەیی و ئەکادێمی بەشداریی دەورە سیاسییەکان و باس و خواسەکانی نێوخۆی حیزب و دەرەوەی حیزب دەبوو. هەر کەس گوێ لە دوایین وتەکانی د. قاسملوو بگرێ لەگەڵ وەفدی بەناو وتوێژکاری کۆماری ئیسلامیدا، زۆر بە ڕوونی گوێت لەو سیاسییە دەبێ کە لەسەر پرسەکانی دێموکراسی و مافی چارەی خۆنووسین بە نەفەسێکی زانستییانە تا دوا هەناسەکانی ژیانی پێداگری دەکا. لەسەر ئاستی نەتەوەیشدا بێجگە لەو کۆمەڵە بەرهەمەی پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردوە، ژیانی زانستیی ئەو مرۆڤە سەدان دۆستی لە ئاستی ئەکادێمی و زانکۆکاندا و لە ئاستی سیاسیدا بۆ کورد بە دیاری هێناوە.



سەرچاوە
Serchawe

لێکگرێدانی دوو کاراکتەری "کاک دکتور" و "د. عبدالرحمن قاسملوو" وەک هونەری کۆکردنەوەی دژبەرەکان تایبەتمەندیەکی دیکەی د. قاسملوو بوو، ئەو تەنیا لە چوارچێوەی تیۆری و دیواری زانکۆکاندا نەمایەوە و ئەوەی لە ژیانی زانستی خۆیدا هەوڵی شەنوکەوکردنی بۆ دەدا، لە مەیدانی پراکتیک و چیاکانی کوردستانیشدا خەباتی بۆ کرد. پەیوەندیی دێموکراسی و پرسی نەتەوەیی لە باسی نێو کتێبەکانەوە گواستەوە بۆ مەیدانی جێبەجێکردن، ئەو کە لە زۆر بواردا بیروباوەڕەکانی خۆی گۆڕیبوو و ترسی لە بیر و بۆچوونی نوێ، ڕەخنە و پێداچوونەوە نەبوو، بەڵام پرسی دژایەتیکردنی ستەمی وەک پرسێکی نەگۆڕ لە ژیانی خۆیدا هێشتبۆوە. لە هەر شوێن و کاتێک بۆی گونجابێ کوردانە لە ئاکادیمی و ناوەندە زانستییەکان ئەسپی خۆی تاو دەدا یان لە شاخ و خەباتی ڕێکخراوەییدا زانستیانە و بابەتییانە دەیڕوانیە دیاردە و ڕووداوەکان.

د. قاسملوو لە وتووێژێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکی بیانی باس لە ئارەزوو تاکەکەسییەکانی خۆی دەکا و دەڵێ پێم خۆشە لە داهاتوودا خەریکی نووسین و کاری زانستی بم و لە گوندی قاسملوو دانیشم، تا ماوم بخوێنمەوە و بنووسم. ئەو ئاواتەی د. قاسملوو وەک زۆر خەون و هیوای دیکە نەهاتنە دی، بەڵام ئەو سەرمایە سێمبولی و زانستیەی لە دوای خۆی بەجێی هێشت بۆ هەمیشە لە یادەوەری گشتیی نەتەوەی کورددا دەمێنێتەوە، ئەو تایبەتمەندیانە هاوکات لەگەڵ میراتی بەنرخی سیاسی و زانستی د.قاسملوویە کە وادەکا نەوەی ئێستا لە شەقامەکان دا ناوی د.قاسملوو بێنن و لە دروشمەکانیان دا یادی بکەنەوە.

***

٭ کاک دکتور" ئەو ناوە بوو کە من زیاتر لە زمانی بابمەوە گوێم لێ بووە و دواتر بۆم دەرکەوت کە بەشێکی زۆر لە پێشمەرگەکانی پارێزگاری د. قاسملوو و کەسانی دیکەش لە خۆشەویستی د. قاسملوودا بەکاریان دەبرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی گەلاوێژی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## خاکی گەوهەر



"ئێمە خاکمان لە باب و باپیرانەوە بۆ بەجێ نەماوە، خاک ئەمانەتیکە، نەوەکانی داهاتوو بە ئێمەیان سپاردوە*".

مێتۆلۆژیی یۆنانی کۆن وێنەیەکی ئاڵۆز و دەوڵەمەند لە خاک و سروشت وێنا دەکا، وەک سەرچاوەیەک بۆ ژیان، مەیدانی ڕمبازێنی خواکان و مەودای پێکگەیشتنی نهێنی و مەتەڵە هەڵنەهێنراوەکان. خاک تەنیا سەکۆی شانۆیەک نیە بۆ گێڕانەوەی چیرۆکە مرۆییەکان، بەڵکوو هێزێکی زیندووی چالاکە کە فۆرم دەدا بە کردە، توانا و بڕستی خواکان. سروشت لە ئەفسانە یۆنانیەکانەوە بۆ دنیای مۆدێرنی ئێمە و بۆ سروودی "خوایە وەتەن ئاواکەی" ئەکتەرێکی هەمیشەیی مێژوو بووە، هێندێک جار سەرچاوەی بژێوی و شوێنێک بووە بۆ نیشتەجێبوون، زۆر جارانیش بارگاوی بووە بە هێما، نیشانە و واتای سێمبولیک لە نێو ئایین وئیمپراتۆرییەکان، سیاسەت و ئیدۆلۆژییە جیاوازەکان و ململانێی وڵاتان.

سووتانی دارستانەکان، بناری چیاکان و ژینگەی نیشتمانی کوردان جارێکی دیکە پرسی خاک دەباتە نێو بەستێنێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی فراوانتر لە پرسی ئاگرکەوتنەوەیەکی سروشتی بۆ جۆرێک لە ئەکتی سیاسیی گرێدراو بە ناسنامە، داهاتوو و چارەنووسی گەلێک. خاک وێنەی مێتۆلۆژیی یۆنانی دەبێتە هێزێکی زیندوو، کە فۆرمە فیزیکییەکەی خۆی بەجێ دێڵێ و دێتە نێو چەقی ڕووداوەکان و سەکۆیەک بۆ هەزاران دەنگی ناڕازای و دروشمی ڕادیکاڵ، بەو جیاوازییەوە کە مەیدانداران

ئەوجارە لاوانی ژینگەپارێز و خەڵکی کوردستانن .

لە دەورانی پاشایەتی و لە سەردەمی کۆماری ئیسلامییشدا سیاسەتێکی سیستماتیکی سێ لایەنەی بەئەمنیەتیکردن، بەتاڵانبردن و بێباک بوون لە چارەنووس و گوزەرانی دانیشتووان و خەڵکی کوردستان لە لایەن ئەو دوو ڕێژیمەوە پەیڕە کراوە، "خاک" تا ئەوکاتەی هەڕەشە لە ناوەند و یەکپارچەیی دەکا دەبێ سیاسەتی "سەرزەوینی سووتاو" ی تێدا پیادە بکرێ و کەشێکی ئەمنیەتی و هیرارکییەکی سەربازی و پۆلیسی ستەمکارانەی بەسەردا بسەپێ، هەرکاتێکیش دەرفەتی بەتاڵانبردنی ئاو، سامانە سروشتییەکان، سەرچاوە کانزاییەکان و بەرووبوومی ڕووەکی و زیندەوەری هەبێ ئەوا بێ گوێدان بە ئێکۆسیستم و لەبەرچاوگرتنی ڕێوشوێنە درێژخایەن و تەندروستییەکان بۆ هێشتنەوەی ژینگەیەکی ساغ و بەرهەمهێنەر، بێبەزەییانە دەست لە بینەقاقای سروشتی کوردستان دەنێن و تالانی دەکەن. ئەوە بێ ئەوەی خێروبێری بازرگانی بەو سروشتە بەجۆرێک بگاتە خەڵکی کوردستان. ئەو مێتۆدە کۆلۆنیالیستیە لە لایەکەوە پەرە بە لەپەراوێزدا هێشتنەوەی کوردستان لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی دەدا، لە لایەکی دیکەشەوە لە ڕێگەی تالانکردن و سووتاندنی سروشتەکەی لە هەوڵی لاوازکردن و لەنێوبردنی ئەو پەیوەندیە مێژوویی و ناسنامەییەدایە کە لە نێوان خەڵکی کوردستان و سروشتەکەیدا هەیە. لە سەد ساڵی ڕابردوودا "ناوەند" بە پشت بەستن بە وێژمانێکی داگیرکاریی وێنەی "ئەویتر" ی لە کورد دروست کردووە کە لەوێدا کورد بە بە پێی ڕیزبەندیەکی نادادپەروەرانە لە زمان و بەستێنی جۆراوجۆردا پێناسە کراوە، زۆر جاران ئەو وێنا کردنە لە کورد ڕاستەوخۆ گرێدراوەتەوە بە سروشتیی بوون و بێگانە بوونی کورد بە شارستانیەت، ئەو وێژمانە بە بەهێزبوونی بزووتنەوەی بەرەنگاریخوازی لە کوردستان گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە و میکانیزمی "هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی گشتیی" خستۆتە پێش سروشتی بوون و exotic بوونی کورد، لێرەدا سروشتی کوردستانیش وەک مەترسیەک بۆ سەر ناوەند پێناسە دەکرێ، بە تایبەت کە ماوەیەکی زۆر سروشتی کوردستان فاکتێکی یەکلاییکەرەوە بوو لە پەنادان و پاراستنی هێزە سیاسیەکان و بزووتنەوە ڕزگاریخوازیە چەکدارییەکان. ئەگەر ئەو وێژمانە میکانیزم و مێتۆدی کارایی خۆی گۆڕیوە، بەڵام ئامانجە سەرەکیەکە کە پەراوێزکردن و بە "ئەویتر" کردنی کوردە لە بەرامبەر"من"ی خاوەن شارستانیەت و هێز و کلتووری باڵا، گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە.

ئەوەی کە سووتانی دارستانەکان و ژینگەی سروشتی وڵاتان بەشێکن لە ئەنجامی گۆڕانکارییە کەشوهەواییەکان گومانێکی لەسەر نیە و کوردستانیش لەو چەند ساڵەی ڕابردوودا بە شێوەیەکی چڕوپڕتر لەگەڵ ئەو کێشەیە دەست و پەنجەی نەرم کردوە، بەشێک لە ئەنجامەکانی ئەو گۆڕانکارییانە هاوکێشەیەکی تراژیدی نادادپەروەرانەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەو خەڵکانەی کەمترین ڕۆڵیان لە ئاڵوگۆڕی ئاووهەوادا هەیە زۆرترین خەساریان لەو گۆڕانکاریانەدا بەر دەکەوێ. لە کوردستان دا ئەو نادادپەروەرییە جارێکی دیکە لە سەر ئاستی سیاسەتی حکومەتی ناوەندی بەرامبەر بە سروشتی ئێمە زەقتر بەرچاو دەکەوێ، لە سەروبەندی کارەساتە سروشتیەکاندا، سووتانی دارستان و بناری چیاکان و ژینگەی ئێمەدا

ئەگەر زۆرجاران تاوانباری سەرەکی نەبن ئەوا بە شێوەیەکی پاسیڤ لێدەگەڕێن کە ئەو کارەساتانە زۆرترین خەساری گیانی و ماددیان لێ بکەوێتەوە، خۆ ئەگەر چالاکوانی ژینگەپارێز و خەڵکی خۆبەخشیش هەوڵی سارێژکردنی ئەو برینانە بدەن ئەوا مۆرکی سیاسی بوون و جاسوس بوونیان لێ دەدرێ و نەک هەر کارئاسانیان بۆ ناکرێ، بەڵکو دەکەونە بەر هەڕەشەی چاودێری کردن و دەسبەسەر دەکرێن.

ڕوویەکی ئەو ڕووداوانەی چەند ڕۆژی ڕابردوو، هەر لە هەڵمەتی لاوانی ژینگەپارێزی وەک چیاکۆ، حەمید و خەبات بۆ پاراستنی سروشت و ژینگەی کوردستان تا بەخشینی گیانیان بێجگە لەوەی کە ئاماژەیە بە بەرپرسیاریەتییەکی ئەخلاقی لە ئاست سروشت و بوونەوەری کەژ و کێوەکانی کوردستان، هاوکات ئاماژەیە بەو وشیارییە بەرزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بەشێک لە ناسنامە و چارەنووسی کورد بە سروشتی کوردستانەوە گرێ دەدات.

ڕوویەکی دیکەی ئەو پرسە غیابی بەئەنقەست و نابەرپرسیارانەی "ناوەند"ە کە لە کاتی قەیرانە سروشتی و ئەو کارەساتانەی بەرۆکی خەڵک دەگرێ ڕۆڵی تەماشەگەر دەگێڕێ، ئەوە تەنیا کەمتەرخەمیی بەرپرسان و کەلێن لە بواری خزمەتگوزاری و فریاگوزاریدا نیە، ئەوە ڕەنگدانەوەی ڕیزبەندییەکی نادادپەروەرانەی ناوەندە لە ئاست "پەراوێز" دا کە نە بۆخۆی دەیەوێ بەرپرسیارانە بجوڵێتەوە نە خەڵکی کوردستانیش لە بەرپرسایەتییدا شەریک دەکا و تەنانەت لەمپەر دەخاتە ڕێی چالاکوانانی ژینگە و هەڵمەتی خۆبەخشانەی خەڵکیش.

لە ڕێورەسمی بەخاکسپاردنی شەهیدانی ئەوجارەی ژینگەدا خەڵکی کوردستان بێجگە لەوەی خاوەندارەتییان لە ڕۆڵەکانی خۆیان کرد و بە شکۆوە بە خاکێکیان سپاردن کە بۆ پاراستنی گیانی خۆیان بەخشیبوو، هاوکات پەنجەی تۆمەتباریشیان بۆ داگیرکەری ئێرانی درێژ کرد و بە تاوانباری سەرەکی ئەو کارەساتەیان ناساند. ئێمە دیتمان کە مەرگی نەخوازراوی سێ لاوەکەی شاری سنە وەک سەکۆیەکی دیکەی هاوخەمی، هاودەنگی و هەروەها ناڕەزایەتیی دەربرین لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە کەلکی لێوەرگیرا. لە یەکێک لەو سەکۆیانەدا خەڵکی سەقز بۆ هاودەردی و هاوخەمی لەگەڵ خەڵکی سنەی زامداری دوای کۆستی سێ شەهیدی ژینگە، لە دەوری یەک کۆ بوونەتەوە و سروودی خوایە وەتەن ئاواکەی دەڵێن، نێوەرۆکی شێعرەکەی فایەق بێکەس بێجگە لە پەیامە بەرگریخوازیەکەی چەند وێنەیەکی جوانی لە سروشتی کوردستان تێدایە کە هەر بە ڕێکەوت ئاماژە بە پەیوەندی نێوان ناسنامە و شاخەکانی کوردستان دەکا:

"شاخی بەفرین و بەرزە
بۆ ڕابردوومان ڕەمزە
چیمەنی جوان و سەوزە
ئاوی کەوسەرە، خاکی گەوهەرە

پڕ لە گوڵ و نەسرینە"

چیاکۆ، حەمید و خەبات وەک فایەق بێکەس و زۆربەی خەڵکی کوردستان لە ئاست گرینگیی شاخ و سروشتی کوردستان هۆشیارن و ئاگایان لەو پەیوەندیە ڕوحیە و مێژووییە هەیە کە شاخ بە زیندوومانەوە، خەباتی بەرەنگاریخوازی و ناسنامەی کوردانی بەخشیوە و لە بەرامبەریشدا دەزانن چیاکان هێمای ڕاوەستاوی و قەڵای بەردەوامین.

سیاسەتی هەڵاواردن و جیاکاری لە بواری ژینگەشدا ستەمێکی دیکەی ناوەندە کە وێڕای جۆرەکانی دیکەی ستەمی ناوەند مەترسی لەسەر خاک و سروشتی کوردستان دروست دەکا، ئەگەر لە ڕابردوودا لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی کوردستان وەک بۆمبێکی چرکەدار کراو و مەترسی بۆ ئەمنیەت و یەکپارچەیی وڵات کەشی سیاسی و کۆمەڵایەتیی و ئابووری و کلتووری کوردستانیان تەواو پۆلیسی کردووە، ئێستا لە بەکارهێنانی کەش و هەواو ژینگەی کوردستان وەک فاکتێکی ژێوپۆلیتیک دژی خەڵکەکەی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیەکەی سڵ ناکەنەوە، بۆیە هەر کردەیەکی ژینگەخوازانە و ژینگەپاریزانە دەچێتە چوارچێوەی کردەیەکی سیاسی بۆ پاراستنی سروشت و ئەو هێما و ڕازە شاراوانەش کە ناسنامەی کورد بە خاکەکەیەوە دەبەستێتەوە.

*پەندێکی باوی ناو دانیشتووانی ڕەسەنی ئامریکایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# ئاوڕێک لە بەیاننامەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان




حیزبە سیاسیەکان بەشێکی گرینگی کۆمەڵگەی مۆدێرن و سیستمی نوێنەرایەتیی دێموکراسین. ئەوان بۆ مۆبیلیزەکردنی خەڵک و خستنەرووی بەرنامەکانیان بۆ چۆنیەتیی بەڕێوەبردن، گۆڕین و پێشخستنی کۆمەڵگە وەک بەردەبازێک لە نێوان کۆمەڵگە و دەوڵەتدا ڕۆڵ دەگێڕن و چاودێری بەسەر جێبەجێکردنی دەسەڵاتدا دەکەن. ئەگەر لە تێگەیشتنی کلاسیکی سۆسیالیستیدا ڕێکخراو تەنیا ئامرازێک بوو بۆ گەیشتن بە کۆمەڵێک ئیدیال، ئەوا لە دنیای ئێمەدا حیزبە سیاسییەکان بەشێکی پێویست، جیانەکراوە و دانەبڕاون لە خودی سیستمێکی دێموکراتیک.

بە چاوخشاندنێک بە تیۆرییە سیاسیەکاندا ڕۆڵی پارتە سیاسیەکان لە چوار ئەرکی سەرەکیدا کورت دەکرێتەوە، بێگومان لێرەدا باس لە کۆمەڵگەیەکی دێموکراتیک و پارلمانی دەکەین، ئامانجی هەموو پارتێکی سیاسی گەیشتن بە دەسەڵات و پیادەکردنی ئەو بەرنامە یا ئیدۆلۆژییەیە کە لە ڕێگەی ئەندامگیری و مۆبیلیزەکردنی کۆمەڵگەوە یەکدەنگیەکی بۆ دروست کردووە. واتە حیزبێکی سیاسی لە گەیشتن بە دەسەڵاتدا گرینگترین ڕۆڵی ئەوەیە کە کۆمەڵگەیەک بەڕێوە ببا، ئەرکێکی دیکە ئەوەیە کە ئامادەکاری بۆ بەربژێری ئەو کاندیدانە بکەن کە ئەرکی سیایسیان پێ دەسپێردرێ, سێهەمین ڕۆڵ لە ئامادەکردن و بەرەوپێشبردنی ئەجێندا و بەرژەوەندی جیاوازدا کورت دەکرێتەوە بۆ پاکێجی ئامادەکراو تا دەنگدەران لە کاتی هەڵبژاردندا بتوانن هەڵوێستی لەسەر بگرن. پارتە سیاسیەکان وەک کاڵایەکی سیمبولیک و ڕەمزی بۆ ئەندامان و لایەنگرانیان گرینگی خۆیان هەیە و چۆنیەتی تێڕوانین و لێکدانەوەیان بۆ پرسە جۆراوجۆرەکان لێکیان کۆ دەکاتەوە و لەو

ڕێگەیەوە جۆرێک لە ناسنامەی سیاسی فۆرم دەگرێ.

لەگەڵ ئەوەدا ئەو مۆدێلە لە سیاسەتکردن و بەڕێوەبردن پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە مۆدێلی ڕۆژئاوایی و تایبەتر بە سیستمە دێموکراتیکییەکان هەیە، بەڵام حیزبە سیاسییەکان لە بەستێنی جۆراوجۆر و بە پێی هەلومەرجی جیاواز شێوازی کارکردنیان گۆڕانکاری بەسەردا دێت، لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤ لەسەر بناغەی کۆمەڵەی ژێ . کاف خاڵێکی وەرچەرخانە لە مێژووی سیاسی و ڕێکخراوەیی گەلی کورد دا و ئەنجامی ئەو هەلومەرجەیە کە ڕێکخراوێکی سیاسی لە پێکهاتەیەکی سنووردار بە ئامانجی ڕادیکال و ئایدیالیستیەوە دەگوازێتەوە بۆ پێکهاتەیەکی بەرفراون بە کۆمەڵێک ئامانجی سیاسی و ڕیالیستی کە بتوانێ مەودایەکی فراوانتر لە نێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا بگرێتە خۆی و لەهەمان کاتدا خۆی بۆ بەڕێوەبردن و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات و دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی و ئیداری ئامادە بکا. لە لایەکی دیکەشەوە غیابی دەوڵەتی ناوەندی دوای هاتنی هاوپەیمانەکان بۆ ئێران و دروستبوونی بۆشایی سیاسیی و ئیداری لە ناوچەکەدا "ژ - کاف"ی خستبووە بەردەم ڕاستییەکەوە کە چیدیکە مانەوە لە قەوارەی ڕێکخراوێکی نوخبەگەرا و سنووردراردا نەیدەتوانی وڵامی پێویستیە سیاسی و ئیدارییەکانی خەڵکی کوردستان بداتەوە .

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەیاننامەی دامەزراندنی خۆیدا هەشت خاڵی وەک دروشم و ئامانجەکانی حیزب دیاری کردوە، کە شەش دانەیان ڕاستەوخۆ باس لە چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی وڵات دەکەن. ئەوەی کە بەشێکی هەرەزۆری توانا و سەرمایەی حیزب لەوکاتەدا بۆ بەڕێوەبردنی وڵات تەرخان کراوە بێجگە لەوەی کە ڕەنگدانەوەی ئەو بەستێنە مێژووییەیە کە حیزبی تێدا دامەزراوە، ئاماژەشە بە تێگەیشتنی سەرانی حیزب و لە سەرووی هەموویان قازی محەمەد لەو بەرپرسایەتییەی کە کەوتۆتە سەر شانیان، لە ماوەیەکی کورتی ١٦٠ ڕۆژیدا و بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو کۆی ئەو دروشمانە دەخەنە نێو پێکهاتەیەکی سیاسی و ئیداری وەک کۆماری کوردستان. لەو بەیاننامەیەدا چۆنیەتی پەیوەندی ناوەند بە کوردستان لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی دیاریکراوە، زمانی کوردی وەک زمانی ڕەسمی دەسنیشان کراوە، ئەوانەی کە ئەو سیستمە ئۆتۆنۆمیە بەڕێوە دەبەن دەبێ کورد بن و لەسەر بنەمای یاسای بنەڕەتی لە ڕێگەی ئەنجومەنێکی ویلایەتی هەڵبژێردراو کۆی کاروباری دەوڵەتی و کۆمەڵایەتی بەڕێوە دەبەن. سەبارەت بە دابینکردنی دادپەروەریی لە نێوان خاوەن موڵک و جوتیاردا کە ئەوکات پرسێکی گەرمی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو باس لەوە کراوە کە دەبێ یاسایەک دابنرێت کە مافی هەردوولا دابین بکردرێ.

بە وردبوونەوەیەکی زیاتر لەو هەشت خاڵە دەتوانین بڵێین کە ئامانجە نەتەوەیی، سیاسی و کارگێڕییەکانی بەرنامەی حیزبی دێموکرات ڕەنگدانەوەی چوار چەمکی "دێموکراسی" "ناسۆنیالیزم"، "ئۆتۆنۆمی خوازی" و "دادپەروەری" بوون. لەگەڵ ئەوەدا بە وردی باس لەوە نەکرابوو کە ئەنجومەنی ویلایەتی کوردستان چ قەوارە و دەسەڵاتێکی دەبێ، سنوورەکانی تا کوێ دەڕۆن، بەڵام بەئاشکرا باس لەوە کراوە کە ئەو ئەنجومەنە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە پێک دێت و هەموو کاروبارە

کۆمەڵایەتی و دەوڵەتیەکان بەڕێوە دەبات. ئەو دیموکراسی و ئازادییەی بۆ هەموو گەلانی دیکەی ئێرانیش بە پێویست زانیبوو. بەئاشکراش جێدەستی مەرامە نەتەوەییەکان بە چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی کاروباری ئیدارییەوە دیارە، ئەوەی کە دەبێ کاربەدەستانی دەوڵەت خەڵکی ناوچەکە بن و پێداگرتن لەسەر زمانی زگماک لەو ویستە نەتەوەییەوە سەرچاوەی گرتبوو. هەرچەند سنوورە جوغرافیەکەی ئەو هەرێمە ئۆتۆنۆمییە دیاری نەکرابوو و دواتریش سنووری کۆمار بە سنووری دەسڕۆیی سیاسیەکەیەوە گرێ درا بەڵام وێنەیەکی تاڕادەیەک ڕوونی لە قەوارە و دەسەڵاتەکانی ئەو سیستمە ئۆتۆنۆمیە دەستنیشان کردوە و مافی چارەی خۆنووسینی لە شێوەی هەرێمێکی خودموختاردا تێدا نەخشێنراوە.

بەیاننامەی دامەزراندنی حیزب لەگەڵ ئەوەدا بۆ سەردەمی ئەوکات بەرنامەیەکی پێشکەوتوو و ڕادیکاڵ بوو و زۆربەی ئەو ویستانەی تێدابوو کە ئێستاش هێڵە سەرەکییەکانی بەرنامەی حیزبی دیموکراتە، دەبێ لەبیرمان بێ کە هێنانەگۆڕی ئەو ویستە مۆدێرنانە لە کۆمەڵگەیەکی نەریتیدا کە سەتا ٩٥ی دانیشتووانی نەخوێندەوارە و نزیکەی سەتا ٨٠ی موڵک بە دەستی دەرەبەگەکانەوەیە و لە بیست ساڵی پێش دامەزراندنی حیزبدا سیاسەتێکی شۆڤێنیستی تواندنەوە و تالانکردنی بەسەردا پراکتیزە کراوە، کارێکی ئاسان نیە. دەسڕۆیشتوویی عەشیرەتەکان و خاوەن موڵک و دەرەبەگەکان پارادۆکسێکی گەورەی لەگەڵ نێوەرۆکی دامەزراندنی "ڕێکخراو" وەک یەکەیەکی سیاسی مۆدێرندا هەبوو، هەرچەند حیزب لە بەرنامەکەی خۆیدا دەیویست چاکسازییەکی درێژخایەن لە پەیوەندیی نێوان جوتیار و خاوەن موڵکدا بکات، بەڵام ئاواش هەبوونی ڕێکخراوێک کە دەیەوێ کۆی سیستمی کۆمەڵایەتی و ئابووری بگۆڕێ و ڕیزبەندییەکانی هێز هەڵوەشێنێتەوە لە هەموو لایەکەوە پێشوازیی لێ نەکرا. نابێ ئەو ڕاستییەش لەبیر بکەین کە ئەزموونی کۆمەڵگەی کوردی لەگەڵ هەبوونی ڕێکخراودا ئەزموونێکی ساوا بوو و سیستمی نوێنەرایەتیی خەڵکی دێهاتەکان لە سەر هەمان پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی فیوداڵی مایەوە و خەڵکی دێهاتەکان کە زۆرینەی هەرە زۆری دانیشتوانی کوردستانیان پێک دێنا هەر لە ڕێگەی مێتۆدی نادادپەروەرانەی خێڵەکییەوە لە لایەن خاوەن موڵک و دەرەبەگەکان نوێنەرایەتیی کران و ئەوەش وایکرد کە ئەو بەرنامەیە و دواتریش دەستڕۆیشتوویی حیزب و کۆمار لەو قۆناغە مێژووییەدا نەگاتە دێهاتەکان. زۆرینەی سەرانی حیزب پێکهاتبوون لە نوێنەری چینی تازەپێگەیشتووی وردە بۆرژوا، بازرگان و خاوەن ملکان، سەرانی خێڵ و ڕۆشنبیران، ئەوە لە کاتێکدا کە دروشمەکانی حیزب بەگشتیی و باوەڕ هەبوون بە پرسی نەتەوەیی توانیبووی یەکگرتوویەک و یەکدەنگییەک بەو جیاوازی و ناکۆکییانە بدا کە لە پێکهاتەی ڕێبەری و ئەندامانی حیزب و کۆمەڵگەی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا هەبوو، هەبوونی هێزە کۆنەپارێزەکان لە قەوارەی سیاسیی ڕێکخراوێکدا کە توانیبووی دروشمی سیاسی دیموکراتیک و مۆدێرن بخاتە ڕوو، یەکێک لەو ئاڵنگاریانە بوو کە هەم حیزب و دواتریش کۆماری کوردستان لەگەڵی بەرەو ڕووبوون.

لە لایەکی دیکەوە بەرنامەی حیزب دوو پرسی گرینگی تێدا نەگونجێنرابوو، یەکەمیان ئەوەی کە ئاماژەیەک بە پرسی لەشکر و دەسەڵاتی سەربازی نەکرابوو، پاشانیش هەرچەند نووسرابوو کە ژیانی بازرگانی و کشتوکاڵی و فەرهەنگی و

تەندروستی پێش دەخرێت بەڵام ئامـاژەیەک بە وردەکاریەکـانی سیسـتمی دارایـی نەکرابـوو، دیـارە دواتـر لە پراکتیکدا سیستمێکی ڕوونی باج وەرگرتن دروست کرا کە بە سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی کۆماری کوردستانیش دادەنرا.

لە هەڵسەنگاندنی بەرنامەکانی حیزب و پراکتیزە کردنی ئەو بەرنـامەیەدا دەبێ لە بیرمـان بێ کە ڕەوتی ڕووداوەکـان زۆر بەخێرایـی دەچـوونە پـێش و لەو مـاوە کورتەشـدا پراکتیزەکردنـی بەرنـامەیەکی سیاسـی و کـارگێڕی ئـاوا بەرفـراوان چاوەڕوانییەکی ڕیالیستی نیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حیزبی دێموکرات کە دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری کۆمـاری کوردسـتانە توانی نموونەیەکی سەرکەوتوو لە ماوەیەکی کورت دا لە دەسەڵاتێکی سیاسی کوردی بەدەستەوە بدا.

یەکەم بەرنـامەی حیـزب ڕەنگـدانەوەی چـوار چەمکـی دێموکراسـی، دادپەروەری، ناسیۆنالیزم و ئۆتۆنۆمیخـوازی بـوو کە بە درێژایی خەباتی هەشتا سـاڵەی حیزبـی دێموکرات لە بەرنـامە و دروشم و ئامانجەکـانی دانەبـڕاون، لەو مـاوەیەدا لەوانەیە هێندێک جار فۆرم و بەشێک لە تێڕوانینی حیزب بۆ ئەو چوار چەمکانە بە گشتی و بەتـایبەتی دوو چەمکی "دادپەروەری" و ئۆتۆنۆمیخوازی" گۆڕانکارییـان بەسـەردا هـاتبێ، بەڵام هیچ کـات لە سیاسەت و ئامانجەکانیدا وەلا نەنـراون و هەمیشە لە دروشمە ستراتیژییەکانی ئەو حیزبەدا ڕەنگیان داوەتەوە.

خاڵێکی دیکە کە گرینگە سەرنجی پێ بـدرێت و وەک ئەزموون لە داهـاتوودا کەڵکی لێوەربگیـردرێ توانـایی گۆڕانکـاریی و خۆگونجانـدن لە گەڵ بـارودۆخی جیـاوازدایە، سـەرانی ژێ . کـاف و پێش هەموویـان قـازی محەمـەد بـڕوەی کە قەوارە و ئێـوەرۆکی ڕێکخراوەکەیـان لەگەڵ چاوەڕوانی و بەسـتێنی نـوێی سیاسیدا بگونجێنن و ئامـادەی بـکەن بـۆ قۆنـاغی داهـاتوو، ئامادە بوون کۆمەڵەی ژێ . کاف هەڵوەشێننەوە و حیزبـی دێموکرات دابمەزرێنن. چەقنەبەستوویی و بـاوەڕنەبوونی دۆگم بە پرس و ئامـانجە سیاسیەکان وەک مێتۆدێک لە مێژووی ٨٠ سـاڵەی ئەو حیـزبەدا درێـژەی پـێ دراوە، بەڵام بـاوەڕهەبوون بە چوار چەمکـی، نەتەوایەتـی، دێموکراسـی، دادپەروەری و خۆبەڕێوەبەری لە فـۆرمی جیـاوازدا وەک چوار بنەمـا تـا ئێسـتاش ماونەتەوە.

سەرمایەی هەر هێزێکی گۆڕانخواز بێجگە لە پشتیوانی جەماوەری، پێشڕەوی و بەڕۆژکردنـی سیاسەتەکانی لەگەڵ بـارودۆخی ڕۆژ، ئەزموونوەرگرتنیشە لە مێژوو و ڕابـردوو، توانـایی کەڵـوەرگرتنیەتی لە سـەرمایە ڕەمزییەکـانی، حیزبـی دێموکرات بە ڕابردووی ٨٠ ساڵەی و هاوکات سێ ساڵی تەمەنی ژێ کاف، خـاوەن بـانکێکی دەوڵەمەنـدی سەرمایەی ڕەمزییە کە لە دۆخی پڕ لە ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی ئێستای کوردستان و ئێران دا دەتوانێ پشتیان پێ ببەستێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٧ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

## سۆسیال دێموکراسی و ئاڵنگارییەکانی لە کردەوەدا



لە نێوەڕاستی مانگی ئۆکتۆبردا سۆسیال دێموکراتەکانی ئورووپا، چالاکوانان، نوێنەرانی سەندیکاکان، ڕۆژنامەوان، وەرزشکار، فەیلەسووف و لێکۆڵەر، هاوکات نوێنەری ڕێکخراو و پارتە سیاسییەکان لە گۆشە و کەناری جیهانەوە لە شاری ئامستردام کۆ بوونەوە تا لەژێر دروشمی" بانگەوازێک بۆ مۆبیلیزەکردنی پێشخستنی ئورووپا و دەوروبەری" باس لە ئاڵنگارییە جیددییەکانی مۆدێلی سۆسیال دێموکراسی و خۆشبژێویی کۆمەڵایەتی بکەن، ئەو هەڕەشانەش باس بکەن کە لە زۆر لاوە دێموکراسی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و سیستمی ئابووری و ژیان و مافی تاکەکەس و ئازادی لە ئورووپادا بەنیشانە گرتووە.

وەک یەکێک لە ئەندامانی وەفدی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ئەو کۆنگرەیە، دەرفەتی ئەوەم بۆ ڕەخسا کە سەرەڕای ئەرکی حیزبی لە نزیکەوە گوێ لە باسەکان بگرم و لەو ئاڵنگاری و مەترسییانە ورد ببمەوە کە مۆدێلی سۆسیال دێموکراسی لە جیهاندا بەگشتی و لە ئورووپادا بەتایبەتی لە بواری پراکتیکدا دەستوپەنجەی لەگەڵ نەرم دەکا. لێرەدا ناپرژێینە سەر چەمکی "سۆسیال دێموکراسی" وەک ئایدیۆلۆژی یا ئەو تێبینییانەی لە ڕووی تیۆرییەوە لەسەر ئەو چەمکە هەیە، بەڵام ئەو مەترسییانەی لە کردەوەدا بەرەوڕووی ئەو مۆدێلە دەبنەوە کاریگەرییان لەسەر هەموو جیهان و ئێمەی کوردیش هەیە. بۆ ئێمە کە خەبات بۆ ئازادی و دێموکراسی نەک هەر دروشمێکی سیاسی، بەڵکوو پرسێکی



سەرچاوە
Serchawe

وجـوودییە، هەر جـۆرە پاشەکشـەیەکی دیموکراسـی لە دنیـای دەرەوەدا گـورزێکە لە پەیـکەری جـووڵانەوەی ڕزگـاریخوازانەی ئێمەش.

لە ئوروپایەکدا کە بـۆ یەکەم جـار دوای جەنگی جیهـانی دووەم شەڕ هـاتۆتەوە نێـو سنوورەکانی، پرسـی خـۆپڕچەککردن گەرمتـرین باسـی بـودجە و پلانـدانانی وڵاتەکـانییەتی، هێـزە تونـدڕەوە ڕاسـتڕەوەکان، پۆپۆلیسـت و ئۆتۆریتەخوازەکـان، دژەبیانییەکـان، ئەوانەی کە دیموکراسی، زانست و زانکۆکـان دەخەنە ژێـر پرسیار، لە گەشەسـەندندان، هەمـوو ئەوانە ئەو ڕیزبەنـدییە نەریتییەی کە بـۆ مـاوەی زیـاتر لە نیـو سەدەیە لە ئورووپـادا هەیە، خسـتۆتە ژێـر مەترسییەوە. جۆرێـک لە ڕیزبەندی جیهانی خەریکە گەشە دەکا کە باڵانسی هێز دەگۆڕێ و ئەو وێنـاکردنە لە پەیوەنـدی و بەرژەوەنـدییەکان ئـاڵۆز دەکا کە ڕۆژاوا ساڵانێکە وەک پرسێکی وجوودی بـۆ ڕۆژاوایەکـی بەهێـز و بـۆ بـایەخ و بەهاکانیـان شەڕیان بـۆ کـردووە. ئەم گۆڕانکارییانە هاوپەیمانێتییە کلاسیکییەکان لە هێڵەگ دەدا و تـاقیان دەکاتەوە و تـاکوو سنووری هەڵوەشاندنەوەیان دەبات. یەکێتیی ئورووپا و پەیمانی ناتۆ وەک دوو نموونەن کە نەک لە دەرەوە، بەڵکوو لە نێوخـۆوە هەڕەشـەیان لەسەرە، ڤیکتۆر ئوربان لە هەنگاری و سیاسەتەکانی، دەکرێ وەک نموونەیەک لەو هەڕەشە نێوخۆییە تەماشا بکرێ.

ناسیۆنالیزمی ڕاسـتڕەوی تونـدڕەو دووبـارە بـۆتەوە بە ئەکتەرێـک لە شـانۆی سیاسیی ڕۆژاوادا و گەڕاونەتەوە ناوەنـدەکانی بڕیاردان و لە چەند وڵاتێکیشدا لە لووتکەی دەسەڵاتدان. ڕەوتـی ڕاسـتی تونـدڕەو بە سیاسـەتی ترسـاندنی"پیاوە سپییەکە" لە نەمـانی ڕەچەڵەک، بەهـا و جـوغرافییەکەی، خەریکە لەسـەر ئـاستی جیهـانی ئەو هاوپەیمـانێتییە نێودەوڵەتییـانەی لە دەرەوەی سـنوورەکانی دەوڵەت - نەتەوەدا پرسـە جیهـانییەکـان تـاوتوێ و چارەسـەر دەکەن، دەخـاتە بەردەم چارەنووسـێکی نوێوە. لەسەر ئاستی وڵاتەکانیشدا بە هەمـان سیاسـەتی ترسـاندن، دابەشکردنی کـۆمەڵگە و ڕەوتـی دژەبیـانی پاشەکشە بە سۆسیال دیموکراسی دەکەن.

ئەوە وێنەیەکـی گشـتییە لەو ئـاڵنگاریـانەی، سۆسـیال دیموکراسـی خسـتۆتە بەردەم ئەزموونێکی نوێـوە، بەڵام ئەوە بەدەر لە کۆمەڵێک قەیرانی دیکە کە بەکـورتی ئـاماژەیـان پـێ دەکەیـن. دادپەروەریـی کـۆمەڵایەتی ئاسـۆیەکی ڕوونـی نییە و کەلـێن و درزی نێـوان چیـنە کۆمەڵایەتییەکـان ڕۆژ بە ڕۆژ لە فراوانبـوونـدایە، ئورووپـا کە چەنـدین قەیرانـی ئـابووری لە مـاوەیەکی کورتدا خستۆتە سەر کارنامەکەی، ژیان و بژێوی دانیشتووانی سەختتر کردووە، سەرەتا کۆرۆنـا و پاشـان شەڕی ئۆکرانیـا و ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هەڵاوسانی ئابووری، بەرزبوونەوەی نرخەکان و بەم دواییـانەش پرسـی گـومرگ خسـتنە سـەر هەناردەکـانی لە لایەن دۆنـاڵـد تـرامپەوە، یەک لە دوای یەک ئـاسـتی گـوزەرانی خەڵکیـان هێنـاوەتە خـوار و سیسـتمی خۆشبژێویی کـۆمەڵایەتی، کە یەکێـک لە کۆڵەکەکـانی سۆسـیال دیموکراسییە، لەرزۆک کـردووە. ئەو قەیـرانە ئابوورییـانە زیاتر لە هەمـوو کەس دەستی گرووپە کەمینەکان، بیانییەکـان، ژنـانی تەنیـا و هـاووڵاتییە بەتەمەنەکـانی لە گەیشتن بە

ژیانێکی ستاندارد کورت کردۆتەوە، ئاماری هەژاری و بێخانومانی بردۆتە سەر. ئەو ناداد‌پەروەرییە کاتێک بەرجەستەتر دەبێ کە سەرنج لە زیاتر دەوڵەمەندبوونی بانکەکان، کۆمپانیا زەبەلاحەکان و ئەو کەمینەیە لە کۆمەڵگە بدەی کە دەستی بەسەر جووڵەی ئابووری داگرتووە، لە کاتێک شارۆمەندانی ئاسایی و خاوەن کۆمپانیا بچووکەکان بە ئاستەم دەتوانن بەردەوام بن و لەنێو دوو بەرداشی هەڵاوسانی ئابووری و ناجێگیریی سیاسی و سەربازیدا هەناسە بدەن.

هەر لە درێژەی گەورەتربوونی درزە کۆمەڵایەتییەکاندا پرسی نایەکسانیی ڕەگەزی و بەرتەسککردنەوەی مەودای دەرکەوتنی ژنان لە بوارەکانی سیاسەت، ئابووری و ژیانی کۆمەڵایەتیدا ئاستەنگێکی دیکەی بەردەم سۆسیال دێموکراسییە. تا ئێستاش مووچەی مانگانەی پیاوان لە ژنان بۆ کاری وەک یەک زیاترە و بە پەرەگرتنی ڕاستی توندڕەو ئازادییە تاکەکەسییەکان، سەربەخۆیی زانکۆکان و بیروڕادەربڕین لە مەترسیدان.

پرسێکی دیکە کە سێبەری بە سەر زۆر بواری ژیانی ڕۆژاوادا کێشاوە، پرسی پەنابەرییە، لە دیالۆگی گشتیدا پرسی پەنابەر لە سەرچاوەی هێز و دەرفەتی کار، پێکگەیشتنی کولتوورە جیاوازەکان و هاوکاری و پشتیوانیی مرۆیی بۆ خەڵکی لێقەوماو گۆڕاوە بۆ پەنابەر وەک سەرچاوەی تاوانکاری، هەڕەشە لە بایەخە دێموکراتییەکان و بارێک بەسەر سیستمی خۆشبژێویی کۆمەڵایەتیدا، لە گوتاری ڕاستە توندڕەوەکاندا پرسی بیانییەکان کارتێکی بەهێزی سیاسی و گوتارییە کە بۆ ترساندنی کۆمەڵگەی ڕۆژاوایی و بەهێزکردنی پێگەیان لە دەسەڵاتدا کەڵکی لێ وەردەگرن و تا ئێستاش بۆ ئەوان وەک ئەوە وایە سەد مێشیان لە خەڵەفێکدا دیتبێتەوە و لە بردنەپێشی ئەو سیاسەتەدا سەرکەوتوو بوون و ئۆباڵی زۆر قەیرانی دیکەش دەخەنە ئەستۆی ئەو کەمینەیە، ئەو بەو مانایە نییە کە هاتنی ژمارەیەکی زۆری پەنابەر بەتایبەت دوای ساڵی ٢٠١٥ کۆمەڵێک قەیرانی لە بواری فێربوونی زمان، خۆگونجاندن و دۆزینەوەی کار و سەرچاوەی بژێوی هەم بۆ پەنابەران خۆیان و هەم بۆ حکوومەتەکان دروست نەکردووە. ڕەوتی سۆسیال دێموکراسیش کە لە مێژووی خۆیدا سیاسەتێکی کراوە و دڵفراوان و مرۆڤدۆستانەی لە ئاست پرسی پەنابەریدا هەبووە، ئێستا سیاسەتێکی پارێزخوازانەی و توندتری گرتۆتە بەر، چونکە لە لایەکەوە فشاری ڕای گشتی لەسەرە و لە لایەکی دیکەشەوە لە مامەڵەکردن و دروستکردنی دەرفەت بۆ خۆگەنجاندنی پەنابەران لەگەڵ ژینگەی نوێدا شکستیان هێناوە و باس لە وەرگرتنی ژمارەی کەمتر، داخستنی سنوورەکان و ناردنەوەی ئەو کەسانە دەکەن کە بە شێوەی نایاسایی لە یەکێتیی ئۆورووپادا ماونەتەوە.

پرسی ژینگە و داهاتووی کەشوهەوای گۆی زەوی لە پرسێکی سروشتییەوە بووە بە پرسێکی سیاسیی گەرم، کاتێک ڕیزبەندی هێز بە جۆرێکی دیکە دادەڕێژرێتەوە و ئەو هاوپەیمانێتییانەی لە ژوور سنووری دەوڵەت . نەتەوە بە دوای چارەسەری ژینگە و پرسەکانی تردا دەگەڕێن لە بەردەم دابڕان و لێکهەڵوەشانەوەدان، ئەوە دۆزینەوەی چارەسەرێکی هاوبەش و ڕێککەوتنێکی جیهانی بۆ ڕاگرتنی گەرمبوونی کەشوهەوا بۆ ژێر دوو پلەی سێلسیۆسی ئاستەم کردووە، لەگەڵ ئەوەدا ڕەوتی سۆسیال



سەرچاوە
Serchawe

دێموکراسی لەگەڵ سەوزەکاندا پشتیوانی سەرەکیی پەیماننامەی پاریس و نیوەرۆکەکەین بۆ پاراستنی ژینگە، بەڵام نێوەرۆکی ئەو پەیماننامەیە لە لایەن هێزە پۆپۆلیست و توندڕەوەکان هەڕەشەی لەسەرە تا ئاستێک کە بەشێکیان ڕاستی و دروستیی پرسی ژینگە و ئەو لێکۆڵینەوانەی لەو بوارەدان، دەخەنە ژێر پرسیارەوە.

نادادپەروەریەک کە لە پرسی ژینگەدا هەیە ئەوەیە کە ئەو وڵاتانەی هەڵگری ئالای چارەسەری ژینگەن و بەشێکیشیان کارنامەی دوور و درێژی سۆسیال دێموکراسییان هەیە لە گەرمترکردن و ئالودەکردنی ژینگەی زەویدا ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە و هەیە، لە کاتێکدا ئەو وڵاتانەی کەمترین ڕۆڵیان لەو بوارەدا هەبووە، زەرەرمەندی سەرەکین و قوربانی زیاتریان داوە، ئەوە بێجگە لە نادادپەروەری، پەڵەیەکی ئەخلاقیشە بە نیوچاوانی ڕۆژاوای مۆدێرندا کە سۆسیال دێموکراتەکان لە بالاکردن و بیچمگرتنیدا بەشی شێریان بەر دەکەوێ.

سۆسیال دێموکراتەکان بەو ئەنجامە گەیشتوون کە پێویستیان بە هاوپەیمانییەتییەکی جیهانی هەیە لەنێوان هەموو هێزە سۆسیال دێموکراتەکاندا بە مەبەستی پاراستنی بەهاکانی وەک مافی مرۆڤ، ئازادیی تاکەکەسی و پارێزگاریکردن لە دامەزراوە دێموکراتییەکان، هەر لەو کۆنگرەیەدا بانگەشەی دامەزراندنی ڕێکخراوێک بۆ مۆبیلیزەکردنی هەموو سۆسیال دێموکراتەکانی جیهان کرا. بێگومان مەوداکانی نێوان دروشم و جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتانە لە مەیداندا زۆرن و پرسیار ئەوەیە لە کاتێکدا هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەکان ڕۆژگارێکی سەخت تێپەر دەکەن، چۆن سۆسیال دێموکراسی دەتوانێ سیاسەتەکانی لە ئاستی جیهانیدا بباتە پێشێ؟ پاشەکشەی دێموکراسی Democratic backsliding و پەرەگرتنی هێزە ئۆتۆریتەخوازەکان و کۆنسێرڤاتەکان چەندە کاریگەری لەسەر ڕەوتی سیاسی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ئەو نەتەوانە هەیە کە لە گەڵ ئۆتۆریتەی داسەپاو و کۆنەپارێزی وڵاتەکانی خۆیاندا پەنجە نەرم دەکەن، پرسیارێکی گرینگە بۆ ئێمەی کورد کە بە دوای وەڵامەکەیدا بگەڕێین و بتوانین لە گێژەنی سیاسەتی جیهانیدا ئەو ڕێیە ببینینەوە کە لە ماف و ویستەکانمان نزیک دەکاتەوە. لاوازبوون و پاشەکشەی گوتاری سۆسیال دێموکراسی و بەهێزبوونی ئۆتۆریتاریانیسم لە بەرژەوەندیی ئەو هێزە سیاسییە کوردییانەدا نییە کە لە مێژووی خۆیاندا دێموکراسی، مافی مرۆڤ و دادپەروەریی کۆمەڵایەتییان لە بەرنامەکانی خۆیاندا گونجاندووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥

## کۆماری کوردستان، کۆماری هەموو وەرزەکان




زۆرجار کۆماری کوردستان تەنیا لە بەستێنە مێژووییەکەی خۆیدا دەخوێنرێتەوە؛ دەستکەوت، هۆکاری سەرهەڵدان و ڕووخان، تایبەتمەندی و پێکهاتەکانی تاوتوێ دەکرێن. لە ڕاستیدا لە خوێندنەوەیەکی مێژووییدا ئەوە کارێکی بەبایەخە، بەڵام دوای هەشتا ساڵ لە دامەزرانی کۆمار ئێمە کۆمارێکی دیکەمان هەیە کە تەمەنی هەشتا ساڵە و هەروا سەرچاوەی یەکگرتوویی و یەکدەنگی، ئەکتەرێکی کارا و زیندوو لە پێناسەکردنی مافی چارەی خۆنووسینە و سەرچاوە و ئاخێزگەی وێژمانێکی نەتەوەیی، دیموکراتیک و مەدەنییە کە لەگەڵ خواستەکانی ئێستای گەلی کورددا تێکەڵ بووە. بەو پێیە لەگەڵ بەشێک لە مێژوو وەک ڕابردوویەکی دوور و دوورگەیەکی دابڕاو مامەڵە ناکەین، بەڵکوو لەگەڵ بەشێکی ئاکتیڤ و بەڕۆژی ئەو مێژووە هەڵسوکەوت دەکەین کە لە پرۆسەیەکی بەردەوامی بیچمپێدانی ناسنامە و شوناسی ئێمەی کورددا ڕۆڵ دەگێڕێ.

پێتەر ئارۆنسۆن لە پێناسەکردنی ئەو دیاردەیەدا کە بە چەمکی کەڵکوەرگرتن لە مێژوو دەناسرێ دەنووسێ: "چەمکی کەڵکوەرگرتن لە مێژوو بریتییە لەو کۆمەڵە پرۆسێسەی کە بەشێک لە کولتووری مێژوو چالاک دەکرێ بۆ ئەوەی فۆرم بدا بە چەند یەکەیەکی گشتگیری دیاریکراو لە ئەفراندنی مانا و کردەوەدا." هەروەها سەبارەت بە کولتووری مێژوو دەنووسێ: "کۆمەڵە ئامرازێک، سەرچاوە، نەریت و بۆنە و بانگەشەیەکن کە ئاماژە بە بەشێک لە ڕابردوو دەکەن کە دەرفەتی بەرچاو دێننە ئاراوە بۆ لێکگرێدانی ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو."(١)

کۆماری کوردستان وەک خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی نەتەوەی کورددا وێستگەی لێککۆکردنەوەی چین و توێژی جیاواز، کوردانی بەشەکانی دیکەی کوردستان، هێز و دەرفەتەکانە؛ لە لایەکی دیکەشەوە پارسەنگی پێکگەیشتنی ناکۆکی و دژبەرەکانیشە. بەو هەموو ناهارمۆنی و یەکدەستنەبوونەی لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەبوو، ئاواش کۆمار لە قەوارەی دامەزراوە و پێکهاتەی مەدەنی و دێموکراتیکی مۆدێرن دا توانی پرۆسەی دادپەروەرییەکی کۆمەڵایەتی دەست پێ بکا و یەکانگیرییەک لەنێوان ئەو هەموو دژبەرەدا پێک بێنێ و پێناسێک لە ناسیۆنالیزمی کوردی بخاتە ڕوو کە سیمبۆل و هێماکانی تا ئێستاش بەشێکی گرینگی ناسنامەی نەتەوەیی کوردن.

بەشداریی کوردانی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە کۆماری کوردستان، پشتیوانی و بەشداریی بارزانییەکان و ئەفسەرانی گەرمیان، هاوپێوەندی و هاوچارەنووسییەک کە لە کۆماردا هەیە، بناغەی ئەو هۆشیارییە نەتەوەییەی دامەزراند کە دوای تەمەنی کورتی کۆمار چەندین جار لە ٨٠ ساڵی ڕابردوودا شاهیدی بووین و ئەو ڕۆژانەش لە هەموو کاتێک زیاتر هەستی پێ دەکەین و دەیبینین.

بە ڕێکەوت ئەمساڵ ساڵیادی دامەزرانی کۆمار لەگەڵ یەکگرتوویی و یەکدەنگییەکدا هاوکاتە کە خەڵکی کورد و دۆستەکانی لە شارەکانی کوردستان و لە هەموو قوژبن و گۆشەیەکی ئەو دنیایەدا بۆ بەدەنگەوەهاتنی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا لە دەوری کۆمەڵێک داخوازیی ستراتیژی و وجوودی کۆکردووەتەوە. لە ڕابردووی ئێمەدا ئەگەر ڕووداوێک بکەوێتە چوارچێوەی تیۆرییەکەی ئارۆنسۆن لەسەر بەکارهێنانی مێژوو و کولتووری مێژوو، ئەوا بێگومان کۆماری کوردستانە کە بووە بە خاڵی لێکگرێدانی ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو.

گرینگیی پەیام و دەستکەوتەکانی کۆمار لەو ڕۆژانەدا کە کۆماری ئیسلامی لە گیانەڵادایە و ناسینەوەی جێپەنجەی کۆمار لە فۆرمگرتنی وێژمانی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە تێکەڵ بە هۆشیارییەکی سیاسی و مەدەنیی پێشکەوتوو بووە، زیاتر لە هەموو کاتێک گرینگیی خۆی هەیە. لە لایەکەوە بۆ خەڵکی کوردستان و ڕێکخراوەکانی، هەبوونی سەرمایەیەکی دەوڵەمەندی وەک کۆمار، ئەزموون و دەستکەوتەکانی، جگە لەوەی جۆرێک لە ڕەوایەتیدانە بە ویست و داخوازییەکانی، بەڵگەیەکیشە لەسەر سەرکەوتنی کورد لە بەڕێوەبردن و بەدامەزراوەییکردنی بانگەشەکانی. لە لایەکی دیکەشەوە وەبیرهێنەرەوەی ڕوویە تاریکەکەی کۆنسێپتی دەوڵەت-نەتەوەیە لە ئێراندا؛ جاروبار لێرە و لەوێ گوێبیستی دەنگی پێی ئەو وێژمانە ناوەندگەرا و داپڵۆسێنەرە دەبین، کە ئێرانی داهاتوو بە شوناسێکی دیاریکراوەوە دەبەستێتەوە. دەبێ وەبیر لایەنگرانی ئەو ڕەوتە بێنینەوە کە یەکێک لە هۆکارەکانی دامەزرانی کۆمار دوای پێگەیشتنی هۆشیاریی سیاسی، کاردانەوە بەو سانترالیزمە سیاسی و ئیدارییەی بنەماڵەی پەهلەوی بوو. هاوکات وەبیریشیان بێنینەوە مامەڵەکردنی دڕندانە لەگەڵ سەرانی کۆمار و خەڵکی کوردستان، یاساغکردنی کاری ڕێکخراوەیی و کوشتن، ئاوارەکردن و زینداکردنی چالاکوانانی

سیاسی، هەوڵدان بۆ شێواندنی ڕابردوو، ناسنامە و کولتووری کورد و بێبەریکردنی منداڵان لە خوێندن بە زمانی کوردی و زۆر تاوانی دیکەش لە یادەوەریی مێژوویی ئێمەدا ماونەتەوە و هەر ئەوەشە وادەکا کۆمار لەسەر شانۆی ئێستای ڕووداوەکان ئەکتەرێکی دیار بێ.

سەرانی کۆماری کوردستان بە باشی هەستیان بە مەترسییەکانی کۆنسێپتی دەوڵەت - نەتەوەی پەهلەوی کردبوو، هەم لە بڵاوکراوەی "نیشتمان" و هەم لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی "کوردستان"یشدا ئەو گرینگیدانە بە شوناسی هاوبەش و چارەنووسی هاوبەشی کورد بە تەواوەتی ڕەنگی داوەتەوە. دووەم داواکاریی حیزبی دێموکراتیش لە بەیاننامەی دامەزراندنیدا پرسی مافی خوێندن بە زمانی دایک و بەکارهێنانی زمانی کوردییە لە بەڕێوەبەرایەتی و ئیدارەکاندا، لە کاتێکدا خاڵی یەکەم باسی لە شێوەی مافی چارەی خۆنووسین لە سیستمێکی ئۆتۆنۆمیدا دەکرد. هۆشیارییەک لە ئاست هاوبەشی و هاوچارەنووسیی کورددا کە لە کۆماری کوردستاندا بناغەکەی دارێژرا، ئەو ڕۆژانە لەناو کوردی دیاسپۆرا و ناوخۆ دوای ڕووداوەکانی سەرکوتی بێبەزەییانەی خۆپێشاندانەکانی ئیلام، کرماشان و مەلەکشایی لە لایەن ڕێژیمی ئێران و تاوانی ڕێژیمی سووریە و گرووپە چەکدارەکان دژی گەلی کورد لە ڕۆژاوادا، هەمان دەنگ دەبیستین کە لە ڕۆژی دامەزرانی کۆماردا لە چوارچرای مەهاباد بۆ هاوچارەنووسیی ئەو نەتەوەیە دەمانبیست.

تایبەتمەندییەکی دیکەی کۆمار تێکەڵکردن و بەشداریپێکردنی چین و توێژە جیاوازەکانی خەڵکی کوردستانە لە بەڕێوەبردنی کۆمار و دامەزراوەکانیدا. بۆ یەکەمجار چینی مامناوەندیی شارنشینی خوێندەوار، لەگەڵ ئەوەی کەمینە و لاواز بوو، دێنە سەر شانۆی ڕووداوەکان و هەر لە دامەزراندنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانەوە تا بەشداربوون لە بەڕێوەبردن و پێشخستنی کۆمار و دواتریش لە زیندووکردنەوەی خەباتی سیاسیی دوای کۆمار ڕۆڵ دەگێڕن. دوای هەڵوەشانەوەی میرنشینە کوردییەکان و دواتر دروستبوونی دەوڵەت - نەتەوەکان لەسەر خاکی کوردستان و لەنێوبردنی بزووتنەوە یەک لە دوای یەکەکان کە لە لایەن شێخ و بنەماڵە ئایینییەکان و خاوەنمولکەکانەوە ڕێبەرایەتی دەکران، دۆخێکی نەخوازراو و تراژیدی و پڕ لە ناهومێدی هاتبووە ئاراوە؛ دامەزراندنی کۆمار بەو هەموو دەستکەوتەوە، سەرەڕای کورتیی تەمەنی، خوێنی تازەی گەڕاندەوە بۆ ناو شارەگەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی.

لە لایەکی دیکەوە بۆ یەکەمجار لە مێژووی کورددا لە ڕێگەی دامەزراوە و دەزگا و ناوەندی دێموکراتیک و مەدەنییەوە ویستی ناسیۆنالیستیی کوردان بەدامەزراوەیی کرا و لە چوارچێوەی بەڕێوەبەرییەکی سەربەخۆدا بەرجەستە کرا. کۆمار توانی وێژمانی نەتەوەیی لە بزووتنەوە خۆجێی و سنووردارە خێڵەکییە چەکدارییەکان بگوازێتەوە بۆ وێژمانێکی نەتەوەیی گشتگیر کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی مۆدێرنی خۆیدا ئەزموونی دەوڵەتداری بکات. لە بڵاوکراوە و وێژمانی سیاسیی کۆماردا هەست بە وشیارییەکی سیاسیی هاوبەش سەبارەت بە بوونی هاوبەشیی نەتەوەیی و مێژوویەکی هاوبەش و چارەنووسێکی هاوبەش



سەرچاوە
Serchawe

دەکرا. هەرچەند ئەو ویژمانە تێکەڵەیەک بوو لە ڕێتۆریکێکی ئیدیالیستیانەی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ لەگەڵ سیاسەت و ئامانجی ڕیاڵیستیی خودموختاریخوازدا، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا پرسی مافی چارەی خۆنووسین لە بەرنامەی حیزبی دێموکرات، دامەزرێنەری کۆمار و سیاسەتەکانی کۆماردا بە ڕوونی هەستی پێ دەکرێ.

نەریتشکێنی و ساختارشکێنی تایبەتمەندییەکی دیکەی کۆمارە کە سەرەڕای کۆمەڵگەیەکی نەریتیی ئەو سەردەمە، کۆمەڵێک چاکسازیی ڕادیکاڵ لەو پێکهاتە نەریتییەدا کرا؛ ناردنی کچان و ژنان بۆ قوتابخانە و بەشداریکردنیان لە ژیانی سیاسی دا لە ڕێگەی ڕێکخراوی ژنانەوە، ئەگەر تا ئێستاش لە لایەن کەمینەیەکی کۆنسێرڤاتیڤەوە دژایەتی بکرێ، بۆ ئەو کات هەنگاوێکی گەورەی کۆمەڵایەتی بوو. ئەو ڕیفۆرمە ڕادیکاڵانەن کە کۆمار و بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" دەخەنە یەک بەستێنی سیاسی و ویژمانییەوە.

**به چاوخشاندن بەو چەند تایبەتمەندییەی کۆماردا باشتر دەتوانین لە ئاکتی ئەو کۆمارە هەشتا ساڵەیە تێبگەین کە چۆن بەشێک لە ڕابردووی ئێمە تا ئێستاش وەک پرۆسەیەکی بەردەوام لە ئەفراندنی مانا و کردەوەدا کارایە و ئەو ویژمانەی کۆمار لە دروستکردنیدا پشکی شێری بەر دەکەوێ، ڕابردوو، ئێستا و داهاتووی ئێمە لێک گرێ دەدا.**

* .Aronsson, P. (2004). Historiebruk – att använda det förflutna. Lund: Studentlitteratur،

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٤ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥

## هەشتا ساڵ پاراستنی زمان و ناسنامە




به تێپەڕینی هەشتا ساڵ بە سەر چاپ کردن و بڵاوبوونەوەی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤ و ڕوانینێک بە ڕابردووی پڕ لە ئاستەنگ و هەوراز و نشێوی ئەو ڕۆژنامەیەدا، بە بوێرییەوە دەتوانین بڵێین کە چیدیکە باس لە ڕۆژنامەیەک وەک ئۆرگانێک و زمانحاڵی حیزبێکی سیاسی ناکەین، ئێمە لە بەردەم میراتێکی سیاسی و کولتووری نەتەوەیەک دا ڕاوەستاوین کە بە درێژایی هەشتا ساڵ بەرگری لە پرسی ڕەوای کورد کردووە و پارێزەرێکی هەمیشەیی کلتوور و زمانەکەی بووە. میراتێک کە بێجگە لەوەی سەرچاوەیەکی گرینگی تۆمار و مێژووی کۆمار و ڕووداوەکانی کوردستان بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە هاوکات نموونەی بڵاوکراوەیەکی نەفەس درێژە کە زۆربەی تەمەنی خۆی لە ئاوارەیی و شەڕ و گەمارۆ و بێدەرەتانی و هەڕەشە و نهێنیکاریدا تێپەڕ کردووە.

ئەو ڕۆژنامەیە کە چەند ڕۆژ پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان وەک بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان بڵاوکرایەوە و بە جۆرێک درێژەدەری گۆڤاری "نیشتمان"ی کۆمەڵەی ژێ/کاف بوو، هەم مێژوویەکەی و هەم چارەنووسەکەی بە چارەنووسی حیزب و نەتەوەکەیەوە بەسترایەوە، کوردستان بێجگە لەوەی کە کۆڵەکەیەکی ڕاوەستاوی ڕۆژنامەنووسی کوردییە، هاوکات هەڵگری کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندیشە کە سیمایەکی جیاوازیان بە کوردستان داوە. ناونانی ڕۆژنامەکە بە "کوردستان" ڕێک وەک یەکەم ڕۆژنامەی کوردی کە لە لایەن میقداد میدحەت بەدرخان نزیکەی نیوسەدە پێشتر بڵاو کرابۆوە، هەڵگری کۆمەڵێک پەیامی سیمبولیک و زمانی بوو کە بێجگە لە ڕۆڵە سیاسیەکەی، ڕایەڵکەیەکی زمانی و

کلتووری لە نێوان دوو ساتەوەختی مێژوویی دا دروست دەکرد، سەردەمێک کە کورد لە دەروازەی سەدەیەکی پڕ لە ڕووداو و گۆڕانکاریدا گەیشتبوو بە ئاستێک لە وشیاری نەتەوەیی لەگەڵ سەردەمی دامەزرانی کۆمار وەک دەرفەتێک بۆ بە دامەزراوەیی کردنی ئەو وشیارییە نەتەوەییە.

بڵاوبوونەوەی کوردستان لە یەکێک لە سەردەمە زێڕینەکانی ڕۆژنامەگەری کوریدا و لە پاڵ کۆمەڵێک  گۆڤار و بڵاڤۆکی دیکەی وەک نیشتمان، هاواری کورد، هەڵاڵە و گڕوگاڵی منداڵان و ئەو خزمەتەی کە لە ١١٣ ژمارەی "کوردستان"دا ٭ بە زمان و ناسنامە و کولتووری کوردی کرد جێگەی تێرامان و سەرنجە، لە یەکەم ژمارەی کوردستان دا وێڕای وتوێژێک لەگەڵ پێشەوا قازی محممد  سەبارەت بە ویست و داخوازییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هاوکات ئاگادارییەکیش بڵاو کراوەتەوە کە لەمەوبەدوا خوێندن بە زمانی کوردییەو هەموو خەڵک ئەرکدار دەکا کە منداڵەکانیان بۆ خوێندن ڕەوانەی مەدرەسەکان بکەن. لەوڕۆژەوە تا دەگاتە نوێترین ژمارەی کوردستان کە ئێستا لە بەردەستی خوێنەران دایە ئەو دوو ئێلێمێنتە واتە خاوەنداری کردن لە پرسی سیاسی، ناسنامەیی و نەتەوەیی گەلی کورد لەلایەک و پاراستن و پەرەپێدانی زمانەکەی لە لایەکی دیکەوە دوو تایبەتمەندیی هەمیشەیی کوردستان بوون.

بەرجەستەبوونی ئەو دوو پرسە لە کوردستاندا وەک زۆر ئاکتی دیکەی سیاسی بێجگە لە پێگەیشتوویی هەستی نەتەوەیی، کاردانەوەیەکیش بوو بە سیاسەتە پاوانخوازییەکانی ڕەزاشا کە لە ڕێگەی بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەند و لە ڕێگەی سانترالێزمی سیاسی و ئیدارییەوە لە هەوڵی دروستکردنی شوناسێکدا بوو بۆ خەڵکی ئێران، ئەو شوناسە داتاشراوە لەسەر بنەمای سڕینەوە و پەراوێزخستن و شێواندنی کولتوور و مێژووی نەتەوەکانی دیکە داڕێژرابوو، لەڕاستیدا پڕۆسەیەکی ئاڵۆزی ئاسمیلەکردن بوو کە لە خوێندنگەکانەوە تاکوو پادگانەکانی ئەرتەش پیادە دەکرا. زمانی فارسی وەکوو زمانی فەرمی دیاری کرابوو و هەرچی لەگەڵ پێناسەی ڕەزاشا بۆ ئەو شوناسە نوێیە ئێرانییە دەگونجا بە مۆدێڕن و پێشکەوتوو و شارستانی ئەژمار دەکرا و ئەوی دیکەش کە کولتوور و ناسنامەی نەتەوەکانی دیکە بوو بە دواکەوتوویی و عەشیرەییی بۆکەڵک لەقەڵەم درا. سەرانی ژێ ـ کاف و پاشان سەرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستانیش بەتەواوەتی هەستیان بە مەترسییەکانی کۆنسێپتی دەوڵەت - نەتەوەی پەهلەوی کردبوو، هەم لە بڵاوکراوەی "نیشتمان" و هەم لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی "کوردستان" یشدا ئەو گرینگیدانە بە شوناسی هاوبەش و چارەنووسی هاوبەشی کورد بەتەواوەتی ڕەنگی داوەتەوە. جێی ئاماژەیە کە دوای تێکچوونی کۆمار دووبارە ڕۆژنامەی کوردستان لە سەردەستی خوێندکارانی کورد لە باکۆ کە لەسەردەمی کۆماردا ڕەوانەی باکۆ کرابوون لە ساڵی ١٣٢٦ەوە بڵاو دەکرێتەوە و بۆ ماوەی ١٦ ساڵێک وەک ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە، لەو دەورەیەدا کوردستان ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆ نیە و پاشکۆیەکە لە گۆڤاری ئازەربایجانی ئۆرگانی ڕەسمی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان، سەرنووسەری ئەو دەورەیەی کوردستان ڕەحیم سەیفی قازی بوو.



سەرچاوە
Serchawe

ئەو ڕۆژنامەیە لە تەمەنی هەشتا ساڵەی خۆیدا تەنیا لە دوو قۆناغی مێژوویی کورتدا وەک ڕۆژنامەیەکی ئاسایی و لە نێو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە ئازادی چاپ و بڵاو کراوەتەوە، قۆناغی یەکەم بەر لە چەند ڕۆژێک لە دامەزرانی کۆماری کوردستان دەست پێدەکا و تا ئاوابوونی تەمەنی کورتی کۆمار درێژە دەخایەنێ و قۆناغی دووەمیش لە دوای ڕاپەرینی گەلانی ئێران بۆ چەند مانگێک لەگەڵ خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکرات دا ڕۆژنامە بە چاپی ئۆفسێت و لە هەزاران نوسخەدا بڵاو دەبێتەوە. لە قۆناغی یەکەمدا کوردستان زیاتر وەک زمانحاڵی کۆماری کوردستان بە هەموو دامەزراوە سیاسی و سەربازی و ئیدارییەکانیەوە ڕۆڵ دەگێڕێ، کەسانی ناسراوی مێژووی هزر و ئەدەبیاتی کوردی وەک سەید محەمەدی حەمیدی، هێمن، هەژار، حەسەنی قزڵجی و ...لەو ڕۆژنامەیەدا دەنووسن. بەشداری ئەو توێژە لە چینی ڕۆشنبیر، شاعیر و چیرۆکنووس و ئەدیب لەو قۆناغەی ژمارەی کوردستان دا مۆرکێکی تایبەتی بەخشیە ڕۆژنامەکە کە لە قۆناغەکانی دواتر و تا ئێستاش بە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکەوە دیارە، واتە لەگەڵ بڵاوکردنەوەی پەیام و وتارە سیاسیەکان ئەرکی پاراستنی زمان و ئەدەبیاتی کوردیش کرد بە ئەرکی خۆی.

پاش رووخانی کۆمار و لەگەڵ ئاوارەبوونی بەشێک لە ئەندامانی حیزب و نووسەرانی ڕۆژنامە بۆ ماوەیەکی کاتی بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی کوردستانیش دەوەستێ تا ساڵی ١٩٧١ کە بۆ جارێکی دیکە لە بەغدا و لەسەر دەستی ئەندامانی حیزب لە ئاوارەییدا چاپ دەکرێتەوە، لەو دەورەی ڕۆژنامەی کوردستاندا کە تا ئێستاش بەردەوامە دووبارە کوردستان پارێزەرێکی دیاری داوا ڕەواکانی خەڵکی کوردستان و ئاوێنەی بالانوێنی خەبات و بزووتنەوەکەیەتی و دووبارە پرسی زمان و کولتووری کوردی لەسەر دەستی کەسانێک کە هاوکات ئەندامی کۆڕی زانیاری کوردن بایەخێکی تایبەتی پێ دەدرێ.

**هەڵبژاردەیەکی سیاسی و ڕۆشنبیری وەک د.قاسملوو، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، مامۆستا هێمن، کاک کەریم حیسامی، کاک هاشم کەریمی، کاک حەمەدەمینی سیراجی، کاک حەسەن ڕەستگار و جەلالی میراوەیی و دەیان کەسی دیکە و ڕووناکبیرانی باشووری کوردستانیش لە نووسەرانی دیاری ئەو دەورەیەی کوردستانن.** چارەنووسی کوردستان دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتیی تێکەڵیەکە لە چارەنووسی نەتەوەی کورد لەو بەشەی کوردستان و خاوەنی ڕۆژنامەکە، دەورانێکی پڕ هەوراز و نشێو کە بە بڵاوبوونەوەی چەند ژمارەیەکی کوردستان لە کوردستانی ئازاد دەست پێ دەکا، تا دەگاتە ئاوارەیی و دۆڵە و دۆڵ کردن و گواستنەوەی لە کۆێستانەوە بۆ دیوی گەرمێن و لە دوو دەورەشدا بڵاوبوونەوەی لە دوو شوێن و لە دوو بەرگی جیاوازدا و بە سیاسەتی جیاوازدا، لەگەڵ هەموو ئەوانەدا کوردستان بڵاوکراوەیەک بووە کە ڕاستگۆیی و زمانپاراوی خۆی پاراستووە و سەرەڕای هەوراز و نشێوی زۆر خاوەنداریێتی لە لە پرسی ڕەوای گەلێک کردووە و یەکێک لە پارێزگارە دیارەکانی ناسنامەکەی بووە. کاریگەری کوردستان لە سەر نووسەرانی کورد، گۆڤاری سروە، گۆڤاری مهاباد و زۆر ڕۆژنامە و بڵاڤۆکی و نووسراوەی دیکە کە لە ڕۆژهەڵات بڵاو دەبوونەوە بە ئاسانی دەناسرێتەوە.

ئێستا کە دوای هەشتا ساڵ ژمارە ۹۱۰ی دەورەی دووەمی کوردستانتان لەبەردەست دایە، لەوانەیە ئەو پرسیارە بێتە گۆڕێ کە چۆنە ڕۆژنامەیەک لەو ماوە دوورودرێژەدا هەر ۹۱۰ ژمارەی لێ دەرچووە، بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە بە شێوەی ڕۆژانە و وەک سەرچاوەیەک بۆ هەواڵ و زانیاری بەڕۆژ بۆ خاوەنی کوردستان کە هاوکات ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەیەکی سیاسی و چەکداری لەسەر شان بووە کارێکی ئاستەمە، بەڵام هەر ئەوە کە کوردستان بەردەوام بووە و لە بیست و پێنج ساڵی ڕابردووشدا وەک بڵاوکراوەیەکی نیو مانگی بڵاوبۆتەوە و شوێنی گەشەکردن و پەروەردەکردنی دەیان قەڵەمی نوێ بووە و دوور لە زێدی خۆی دەنگی ڕۆژهەڵات، ناسنامە و زمانەکەی بووە ، شانازییەکی گەورەیە بۆ دوو هاوچارەنووسی کوردستان و حیزبی دێموکرات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٤ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## ستراتیژیی ئێمە؟!



لەگەڵ هەر شەڕێکدا بێجگە لەوەی زۆر لە هاوکێشە سیاسی و ژیۆپۆلیتیکییەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و هاوسەنگیی هێز دادەڕێژرێتەوە، کۆمەڵێک پرەنسیپ و بەهای بەرزی ئەخلاقی، مرۆیی و ئازادیخوازنەش دەکەونە بەردەم ئەزموونکردن و ئاڵنگارییەکی جیددییەوە. پەیمان و گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکان کە لە کاتی ئاشتیدا تریفەیەکی پیرۆزیان هەیە، لە پشت هەوری تاری دەمارگرژی و کەف و کوڵی هەڵچووی هەست و ڕقدا ون دەبن.

شەڕی ئیسرائیل و ئەمریکا بۆ ئێمەی کورد تەنیا ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەربازی و سەیری ڕووخانی قەڵای زۆرداری نییە، کە بێگومان ئەو داڕمانەش هیوایەکی لەمێژینەیە و بەربەستێکی گەورەی گەیشتنی کورد بە "دانیشتنێکی ئاسوودە لە داوێنی چیا"دایە، بەڵکوو لە لایەکی دیکەشەوە هەموو ئەو دروشم و بەها بەرزانەی لە دامەزرانی کۆمارەوە تا ئێستا باوەڕمان پێ هەبوون، دەخاتە بەردەم ئەزموونێکی نوێوە.

با لەوەوە دەست پێ بکەم کە کۆماری ئیسلامی زۆر زوو دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧، بانگەوازی شەڕ و فتوای جیهادیان دژی گەلی کورد ڕاگەیاند و لەو کاتەوە تا ئێستا ئەو شەڕە هەر لە ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارییەوە تا

هێرشکردنە سەر پێکهاتە، ناسنامە، کولتوور، زمان، زەوی و ئاسمانی کوردستان بەردەوام بووە. کۆماری ئیسلامی کە هیچ پێوەرێکی ئەخلاقی و مرۆیی لە دامەزراندنەوەی حکوومەت و داڕشتنی سیاسەتەکانیدا ڕەچاو نەکرد، چاوەڕوانیی لێ نەدەکرا لە کاتی شەڕدا لانیکەم ڕێز لە کۆمەڵێک بنەما و ڕێککەوتنی جیهانی بگرێت. ئەو ڕێژیمە بە پەیڕەوکردنی تاکتیکی "سەرزەمینی سووتاو" لە کوشتنی منداڵی سەر لانکە، بۆمبارانکردنی کوێرانەی خەڵکی ئاسایی، وێرانکردنی نەخۆشخانە، کوشتنی دیل و بێڕێزی کردن بە جەستەی قوربانیان، دادگایی سەرپێیی، شێواندنی ژینگە و ژیواری کوردان و زۆر کردەوەی قێزەونی دیکەش نەپرینگایەوە.

لە بەرانبەردا حیزبی دێموکرات کە ڕابەرایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردی لەو پارچەی نیشتماندا دەکرد، بە سیاسەتی ژیرانەی د. قاسملووی شەهید و د. سەعید شەرەفکەندی لە پێشێلکردنی یاساکانی شەڕ پێشگیرییان کرد. هەوڵی د. قاسملووی شەهید ئەوە بوو کە ناسنامەی سەربەخۆی بزووتنەوەیەکی دێموکراتیخوازنە و سیاسەتەکانی ئەو حیزبە، مەودای زەوی و ئاسمانیان لەگەڵ کردەی شەڕانگێزیی گرووپێکی چەکدارهەبێت کە پەنا بۆ بارمتەگرتن و تەقینەوە و کردەی تیرۆریستی دەبات.

بزووتنەوەیەک کە خاوەنی ڕابردوویەکی دەوڵەمەند بەو بەها بەرزە ئەخلاقی و مرۆییانە بێت و لە هەشتا ساڵی ڕابردوودا ئەزموونێکی گەورەی لە خەباتی ڕێکخراوەیی، دیپلۆماسی و هەنگاوە ناتوندوتیژییە مەدەنییەکان بەدەستەوە دابێت و لە کاتی شەڕیشدا ناسنامەی ئازادیخوازی و دێموکراسیخوازی خۆی خەوشدار نەکردبێت، بێگومان لەو هەلومەرجەی ئێستادا چاوەڕوانی سیاسەت و هەنگاوی ژیرانەی لێ دەکرێت. دەتوانین لە چەند ڕوانگەیەکەوە لە هەڵوێستی حیزبی دێموکرات و ڕێکخراوەکانی دیکە بڕوانین؛ بەدەر لەوەی کە ئەنجامەکانی ئەو شەڕە چی دەبن و چ سیناریۆیەک داهاتووی ئێران دەگرێتە خۆی، گرنگە کە بزانین بایەکان لە کوێوە هەڵدەکەن و شوێن و پێگەی خۆمان لەو دەریا خرۆشاوەدا بە کۆمپاسی بنەما هەمیشەییەکانمان دیاری بکەین.

### پرسی یەکگرتوویی:

یەکێک لە کارتە بەهێزەکان بە دەست کوردەوە، پاراستنی یەکدەنگی و یەکگرتووییە لەنێو هێزە سیاسییەکانیدا و کۆبوونەوە لە دەوری کۆمەڵێک ئامانجی هاوبەشە کە لە هەلومەرجی ئێستادا چوارچێوەیەک بە ویستەکانی بدات و لە دەوری کۆمەڵێک ڕێوشوێنی هاوبەش لە شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداو و پێشهاتەکاندا کۆیان بکاتەوە. هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران کە بۆ ئەو مەبەستە دامەزرا، کەلێنێکی گەورەی پڕ کردەوە و لەسەر چەند ئامانجێکی بنەڕەتی وەک دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکان، دامەزراندنی سیستەمێکی دێموکراتیک و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و پاراستنی ژینگە

ساغ بوونەوە.

تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەرێنیی ئەو هاوپەیمانییە ئەوە بوو کە هەر لە سەرەتاوە دەروازەی بەڕووی هێزەکانی دیکەی کوردستان بە ئاواڵەیی هێشتەوە و ڕایانگەیاند کە دەیانەوێت هەموو خەڵکی کوردستان بە هەموو جیاوازییەکان لەو هاوپەیمانییەدا خۆیان ببیننەوە. لەوانەیە لەسەر چۆنیەتی و کارایی ئەو هاوپەیمانییە سەرنج و تێبینی هەبێت، بەڵام هەر زوو بە کاردانەوەی توندی نەیاران لە ئاست ئەو هەنگاوەدا دەرکەوت کە کارێکی دروست، کاریگەر و ژیرانە بوو.

هەنگاوی داهاتووی ئەو هاوپەیمانییە چۆنیەتیی دۆزینەوەی هاودەنگ و هاوپەیمانە لەنێو نەتەوەکانی دیکەی جوگرافیای ئێراندا. کورد لە داڕشتنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ئێرانی و نەتەوەکانی دیکە هەمیشە لەسەر چەند ویستێکی ستراتیژی پێداگری کردووە؛ یەکەم ئەوەی کە بە هیچ شێوەیەک سیستەمێکی دیکتاتۆری ناوەندگەرا پەسند ناکەن. حکوومەتی داهاتوو دەبێ جیاوازییە نەتەوەییەکان ببینێت، دانیان پێدا بنێت و پاشماوەکانی سیاسەتی هەڵاواردن و تواندنەوە و بێبەریکردن لەنێو ببات. هەر جۆرە حکوومەتێک کە بگەڕێتەوە بۆ چەمکی "نەتەوەی باڵا"، یەکدەستکردن و یەکڕەنگکردنی خەڵکی ئێران و کۆکردنەوەی دەسەڵات لەنێو دەستی کەمینەیەکی دیاریکراودا، ئەوا دووپاتەکردنەوەی ئەزموونێکی شکستخواردووی سەد ساڵی ڕابردووە کە لە چەندین قۆناخی مێژووییدا لە مەحەک دراوە و خۆی تاقیکردووەتەوە و تووشی داڕمان هاتووە.

## سەربەخۆیی سیاسی و بەرژەوەندیی گەلێک:

گەلی کورد و بزووتنەوەکەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ناسنامەی تایبەتی خۆی هەیە. سیاسەت و ئامانجەکانی بەستراونەتەوە بە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان و داهاتووی ئەو پارچەی نیشتمان، نەک ویست و بەرژەوەندیی لایەنی دەرەکی یان پشتیوانیی کوێرکوێرانە لە ئەجێندا و سیاسەتی وڵاتانی دیکە. لەوەش گرنگتر پاراستنی سەربەخۆیی سیاسییە و بڕیاردانە لە سۆنگەی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان. تا ئێستا ئەمریکا و ئیسرائیل لەسەر داهاتووی ئێران بەرنامەیەکی کۆنکرێت و یەکدەستیان نییە و دیار نییە کە چۆن ئەو شەڕە درێژە پێ دەدەن یا چۆن کۆتایی پێ دێنن، بۆیە بۆ خەڵکی کوردستان گرنگە کە بزووتنەوە سیاسییەکەی بە ئەزموونوەرگرتن لە ڕۆڵی زلهێزەکان لە مێژوودا و خوێندنەوەی دۆخی ئێستا هەنگاو بنێت و نەکەوێتە ژێر کاریگەریی مانۆڕ و سیاسەتی پۆپۆلیستیی لایەنی دەرەکی.

## پاراستنی یەکڕیزیی خەڵکی کوردستان:

کۆماری ئیسلامی ساڵەهایە لە ڕێگەی جیاوازەوە هەوڵ دەدات کەلێن و درز بخاتە نێو کۆمەڵی کوردی، هێندێک جار لە

ڕێگەی دروستکردنی ئاژاوە و ناکۆکی لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردی و بە شێوەی بەردەوامیش لە ڕێگەی چەکدارکردن، هەڵخەڵەتاندن و ڕاکێشانی کەسانێک بۆ نێو ڕیزەکانی خۆی یان ناچارکردنی خەڵک بۆ ئەوەی بە جۆرێک بەو هێزانەوە پەیوەست بن. لە ماوەی ڕابردوودا لە پەیامەکانی سکرتێری گشتیی حیزب کاک مستەفای هیجری لە بۆنە جیاوازەکاندا و لە بەیاننامەکانی حیزبی دێموکراتدا پێداگری کراوەتەوە لەسەر یەکگرتوویی ڕیزەکانی خەڵک و چەندین جار داوا لەو کەسانە کراوە سەنگەری پەشیمانی بەجێ بێڵن و بگەڕێنەوە ڕیزەکانی خەڵک.

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پشتیوانی سەرەکیی بزووتنەوە سیاسییەکەیانن و بە هەر شێوەیەک ئەو کەلێن و درزانە کەمتر بکرێنەوە، لە ئەنجامدا پشتیوانییەکی بەهێزتر و کاریگەرترمان دەبێت. ئەو پرسە بێجگە لە پرسێکی ستراتیژی و تاکتیکی، پرسێکی ئەخلاقیشە کە ئێمە لە داهاتوودا بە چ شێوەیەک مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسانە دەکەین کە یا بە ویستی خۆیان ڕێگەی خیانەتیان هەڵبژاردووە یا ناچار بەو کارە کراون. لە هەر حاڵدا دادگایی کردنی هەڕەمەکی و سەرپێیی، بەبێ لێکۆڵینەوە و پرۆسەیەکی دادپەروەرانە لە بەرنامەی هیچ یەک لە هێزە کوردستانییەکاندا نییە و پشێوی و سەرەڕۆیی لەو بوارەدا داهاتووی سیستەمی دادوەریی کۆمەڵایەتیی ئێمە کە لە سەردەمی کۆمارەوە کردوومانە بە دروشمی خۆمان، خەوشدار دەکات. لە لایەکی دیکەشەوە ڕێزگرتن لە جیاوازییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە (کولتووری، زمانی، زاراوەیی، ئایینی یا هەر چەشنە ناسنامەیەکی دیکە) و بەشدارکردنیان لە پرۆسەی دروستکردنی داهاتوودا، گارانتیی کارگێڕییەکی دێموکراتیک، بەهێز و گشتگیرە کە هەمووان خۆی تێدا ببیننێتەوە.

### شەڕ و ئەخلاق:

سیاسەتی پۆپۆلیستی و مانۆڕی بەتاڵ و دروشمی بێ بنەما هیچ کات بەشێک نەبووە لە ناسنامەی بزووتنەوەی سیاسیی کورد. حیزبی دێموکرات بە بەرپرسیارەتییەوە لە ئاست گیان و چارەنووسی هەر هاووڵاتییەکی ئەو نیشتمانەدا جووڵاوەتەوە، هیچ کات خەڵکی بۆ کردەی سەرکێشانەی بێ بەرنامە و نابەرپرسیارانە هان نەداوە. دوکتور قاسملووی شەهید لە یەکێک لە وتارەکانیدا لە گەرمەی شەڕی چەکداریدا بۆ هێزی پێشمەرگە دەڵێت: "ئێمە لە عەینی وەختدا کە شۆڕشگێڕترین و شەڕکەرترین هێزی ئێرانین، لە عەینی وەختدا مەسئوولترین حیزبی ئێرانیشین، هەر بۆیەش میللەتی کورد دەزانێت کە ئێمە مەسئوولانە دەجووڵێینەوە... خوێنی یەک پێشمەرگەمان بە دنیایەک نادەین."

لەبەرامبەردا جارێکی دیکە لە ماوەی شەڕی چل ڕۆژە و تەنانەت لە دوای ئاگربەستیش شاهیدی هێرشی دڕندانە وکوێرانەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کەمپە مەدەنیەکانی کوردانی ڕۆژهەڵات، خوێندنگە، نەخۆشخانە و دامەزراوە خزمەتگوزاریەکانی دیکە بووین، ئەو ڕێژیمە لە موشەکباران کردنی گۆڕستانەکانیش خۆی نەبوارد، بەهەمان شێوە هێرشی کردە سەر خەڵکی

مەدەنی باشووری کوردستان و لە ئەنجامی ئەو هێرشانەدا دەیان کەس بوونە قوربانی، کۆماری ئیسلامی لە کاتی دانوسان و ئاشتیدا کردەوەی تێرۆریستی ئەنجام دەدا، لە کردەوەی تێرۆریستی دا شەڕانگێزترین و بێبەزەییانەترین شێواز وەک کوشتنی بەکۆمەڵ و دەرمانداوکردنی بەکاردێنێ و لە شەڕیشدا بەردوام خەریکی وێرانکردن و کوشتنی خەڵکی بێتاوانە. ئەوە لە کاتێکدا بەردەوامیی هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆسەر کەمپە مەدەنیەکان و پێشمەرگەکان و شەهیدکردنی پێشمەرگە و خەڵکی بێتاوان پێشێلکردنی سەرەتایترین یاساکانی شەڕ واتە پاراستنی خەڵکی مەدەنی و سڤیلە لە شەڕدا. لەگەڵ هەموو ئەو دژبەر و شەڕانگێزییەدا بۆ کوردستان پاراستنی شوناسی ئازادیخوازانە و دێموکراسیخوازانەی بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەی ئەرکێکی ئەخلاقییە؛ بە کردەوە یا بانگەشەی تەمەنکورت و هەڵوێستی هەستەکیی بیرلێ نەکراوە و هەڵنەسەنگێنراو سواری شەپۆلی ڕووداوەکان نەبین و لەو ئەزموونەشدا وەک زۆر ئەزموونی دیکە، بە کەڵکوەرگرتن لە هەگبەی پڕی ڕابردوو و سیاسەتی ژیرانە، سەربەرزانە بێینە دەرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣ی بانەمەڕی ٢٧٢٦

---

**کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**جۆزەردانی ٢٧٢٦ی کوردی = جوونی ٢٠٢٦ی زایینی**

---





# سپاس و پێزانین

بۆ هاوڕێ سۆران عەلیپوور بۆ ئامادەکردنی وتار، لێدوان و بیروڕاکان.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

**ڕەحمان نەقشی**



سەرچاوە
Serchawe